# یانەی کوردایەتی

یان قیبلەی ئامالی کورد

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# یانەی کوردایەتی

یان قیبلەی ئامالی کورد

بەشێک لە بەرهەمەکانی بەشیر موشیر

ناوی کتێب: یانەی کوردایەتی "یان قیبلەی ئامالی کورد" بەشێک لە
بەرهەمەکانی بەشیر موشیر
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٨٧٦
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + بۆکان نووری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە
٢٤ی ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

سەبارەت بەوتوویژی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حکوومەتی عێراق، لە نامەیەکی خۆیدا بۆ بەڕێز د. کەمال فوئاد، بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی دەنووسێت:

«مایەوە میری! ئێمە زۆر وریاین و بەپێی "ئامۆژگاری بەشیر" کار دەکەین. "بەشیریزم" ڕێبەرە لەم مەیدانەدا. جارێ هەر قۆناغی گفتوگۆ – شەڕوەستاندنە. گەر هەق درا زۆر باشە، ئەگینا ئێمە هەر لە شوێنی خۆمانین».

بەرگەڵو ١٨– ٤– ١٩٨٤

# پێڕست


بەیادی ڕۆژانی خۆشی نێزیکیم لە «ئوستاد»ەوە بەرلین: جەمال نەبەز ...... 9

بەیانی هەڵبژاردن – ساڵی ١٩٢٨ ...... 25

بەیانی هەڵبژاردن– ساڵی ١٩٣٧ ...... 27

کتابی هەقپەرستی ...... 29

بەختنامە ...... 52

دیوانی شاعیری بەناوبانگ مسباح الدیوان ...... 110

گەشتێک بەسلێمانیدا ...... 121

نامەکانی ئوستاد ...... 125

هەڵبەست و پەخشانەکانی ئوستاد ...... 140

کۆمەڵێ وتار سەبارەت بە ئوستاد بەشیر ...... 153

کۆمەڵێ وتار بە زمانی عەرەبی سەبارەت بە ئوستاد بەشیر ...... 197

# بەیادی ڕۆژانی خۆشی نێزیکیم لە «ئوستاد»ەوە

بەرلین: جەمال نەبەز
٢٠٠٨/١١/٢٣

ژیانی کورد؛ هەمووی خەموخەفەتە. تەنانەت ئەو کوردانەی کە بەتەنگ کوردبوونی خۆشیانەوە نایەن، یان شوێنی کۆمەڵایەتییان لە زۆربەی هەرە زۆری کورد جیاوازە و، لەو دەستەیەن کە لەم دواییەدا نێویان ناون «فیرعەونەکان»، ئەوانیش هەر بەدڵی خۆشەوە شەوانە سەر ناکەنە سەر سەرین. چۆنکە خۆشیی مرۆڤ لە دڵنیاییدایە. ئەوەی کە کوردیش نییەتی، دڵنیاییە. ئەوجا، دڵنیا نەبوون لە هەموو ڕوویەکەوە، مەگەر دڵنیایی لە نادڵنیایی. لەبەرئەوە، خەموخەفەت و پەژارە و دڵەڕاوکە و مەراق و شڵەژان، تایبەتکارێکی کوردە، هەر لە سەردەمی منداڵییەوە تا کاتی گۆڕستان...

دیارە، هەر کردارێکیش، وەک لە فیزیکدا ساخ کراوەتەوە، پەرچەکردارێکی هەیە، کە بڕی قورساییەکەی هێندەی بڕی قورسایی کردارەکەیە، لێ پێچەوانەی ڕێڕەوی ئەو کردارەیە. لەبەرئەوە، دەبێ کارکردی گوشاری ئەم خەموخەفەتەش، پەرچەکردارێکی هەبێ کە پێچەوانەی خۆی بێ. ئەو پەرچەکردارەش، گاڵتەوگەپ و قسەی خۆشە، کە ببنە ماکی سڕکردنی هەستی خەفەتبار بۆ ماوەیەک. هەر لەبەرئەوەشە، کورد زۆر حەز بەهنک و جەفەنگ و گاڵتە و گەپ دەکەن و بەدوایاندا دەگەڕێن، تەنانەت ئەگەر ئەوە گاڵتەکردن بێ بەخۆشیان، یان وەک دەڵێت؛ پێکەنین بێ بەڕیشی خۆیان و ڕووی خۆیان.

لە نێو کورددا، گەلێک کەس هەڵکەوتوون کە بەهرەی قسەی خۆش و

بەتوێکڵیان هەبووە و بوونەتە نموونە. ئەحەی کوڕنوو یەکێک بووە لەوانە. لەم دواییانەشدا رەجەب و ئەورەحمانی خامە سنەیی (ئاسنگەر)، چەند نموونەیەک بوون لەو کەسانە کە ئەز خۆم ناسیومن. بەڵام ئەمانە؛ کە قسەیەکی خۆشیان دەکرد؛ ئەو قسەیەیان بەپێی هەلومەرج دروست دەکرد، بەنیازی ئەوەی خەڵکەکە بهێننە پێکەنین، یان رەخنە لە هەڵسوکەوتێکی ناپەسەند بگرن، بەشێوەیەکی پێکەنیناوی. بۆ وێنە: رەجەب ماوەیەک، وەک دەرگەوانی سەرۆکی فەرمانگەیەک لە سلێمانی کاری دەکرد، جارێکیان سەرۆکی فەرمانگە لەوێ نابێ، یەکێک تەلەفۆن دەکات بۆی، رەجەب بیستۆکی تەلەفۆنەکە هەڵدەگرێ و هەلاوێک دەکات؛ کابرای تەلەفۆنکەر دەپرسێ: کێ لەسەر تەلە؟ رەجەبیش دەبێژێ: قوربان پەرەسێلکە لەسەر تەلە.

کە لە قوتابخانەی دوانێوەندیی سلێمانی دەمخوێند، مەجید رەشید هەبوو کە بە«مەجییە خرە» بەنێوبانگ بوو، مامۆستای نەخش و نیگارکێشان بوو. قسە خۆش و گاڵتەزان. جارێکیان کاوس قەفتان، کە ئەو دەمە قوتابی بوو، بە«مەجییە خرە»ی گوت: «مامۆستا لە باگردێن دەچیت» (راستییەکەش وا بوو). «مەجیدە خرە» کە لەسەر وەرام پەکی نەدەکەوت، گوتی: «جا پاڵکەوە، با بتگێرم». ئا لەوەدا، سالە شارەزووری (کە ئەو دەمە گەلێک لە ئێمە بەتەمەنتر بوو؛ بەڵام ئەویش هەروەک ئێمە قوتابی بوو. برای ع. ع. شەونم بوو. لە گەلکوژیی هەڵەبجەدا شەهید بوو) گوتی: ئاگات لە "رێ"کە بێ.

شایانی باسە، کاتێک ئەمانە قسەیەکی خۆشیان دەکرد، ئەو قسەیەیان بەپێی هەلومەرج دروست دەکرد، بەنیازی ئەوەی خەڵکەکە بهێننە پێکەنین، یان رەخنە لە هەڵسوکەوتێکی ناپەسەند بگرن بەشێوەیەکی پێکەنیناوی. بەڵام، هەرچی بەشیر موشیر بوو کە نێوەکەی خۆی لە خۆیدا ئاوازێکی تایبەتی پێوەیە و، بە«ئوستاد» نێوی رۆیشتووە، ئەوا ئەو قسە خۆشانەی بەنیازی خەڵک هێنانە پێکەنین نەدەکرد، بەڵکو قسە و بیرورا دەربڕینەکانی بەشێک بوون لە سروشتی خۆی. چۆنکە، هەرچییەکی بگوتایە، خۆی بەشتێکی راستی دەزانی، نەک بەگاڵتە و قسەی دەستکرد. واتە، باوەڕی

بەهەموو ئەو قسانە هەبوو کە دەیکردن. بەکورتی: «ئوستاد» قسە خۆشێکی دەستکردکار نەبوو، کە ئەو خۆی بەقسە و باسی دەستکردی دەگوت «جەعەلی»، بەڵکو خۆی لە خۆیدا، دیاردە (فینۆمێن)ێکی کەم وێنە بوو، ئەگەر نەتوانین بێژین «بێوێنە» بوو.

هەر بۆ نموونە: جارێکیان گەنجێکی هەولێری هاتە بەر دوکانەکەی «ئوستاد» و دانەیەک رۆژنامەی «ژین»ی هەفتانەی لە «ئوستاد» کڕی و گوتی: دەمەوێ پەرتۆکێک بنێرم بۆ جەنابت، بەئەدرەسی ئەم هۆتێلەی کە لە تەنیشت دوکانەکەتەوەیە. «ئوستاد» کە ئەوەی بیست گوتی: «ئێییی... بۆچی بەئەدرەسی ئەمین («ئوستاد» بە«من»ی دەگوت «ئەمین») نایینێریت؟ کوڕەکە گوتی: «نەبا لە پۆستەخانە نەتناسن، ئەدرەسی ئەم هۆتێلە باشتر دەناسرێ». کە ئەوەی گوت «ئوستاد» تووڕە بوو گوتی: ئێییی... ئەتو گوو گێژی کردوویت؟ ئەتۆ لێرە لە بەغدا مەپرسە، بچۆ بۆ ئەمەریکە (سەرنج: «ئوستاد» بەئەمریکای دەگوت «ئەمەریکە») لەوێ هەواڵی ئەمین بپرسە و بڵێ: ئوستاد بەشیر موشیر، دەستبەجێ دەڵێن: ئا ئەوەتا...».

یان، جارێکیان "ئوستاد" باسی سەردەمی گەنجێتی خۆی دەگێڕایەوە و گوتی: "کچێکی زۆر جوان، لایق، مەحبووب، حەزی لە ئەمین کردبوو. دوای ئەوەی کە منی دەستنەکەوت، ئەوەندە خەفەتی خوارد، تووشی سیل بوو، پاش سێ رۆژ ئەو بەستەزمانە مرد".

«ئوستاد» خۆی باوەڕی بەوە هەبوو، بۆ گاڵتە ئەوەی نەدەگوت. لەبەرئەوە کامیل ژیر، باشی بۆچووە کە دەبێژێ: «ئوستاد» هیچ شتێکی راست نەبووە، بەڵام هیچ کاتێکیش درۆی نەکردووە. چۆنکە، مرۆڤی درۆزن خۆی باوەڕ بەقسەی خۆی ناکات، «ئوستاد» باوەڕی تەواوی بەقسەی خۆی هەبوو. لەبەرئەوە، بەلای خۆیەوە راست بوو، ئاشکرایە، باوەڕ، ئەگەر خۆی لە خۆیدا نابابەتانەش بێ، ئەوا بەلای باوەڕدارەوە راستە و درۆ نییە. قانوونەکانی وڵاتە ئەوروپاییەکانیش، درۆ لە باوەڕ جیا دەکەنەوە. درۆ لەم قانوونانەدا ئەوەیە؛ مرۆڤ رووداوێک بەوپەڕی هۆشیاری و بە مەبەست، بەتێکدراوی بگێڕێتەوە،

وەک شت خستنەسەر، یان لێلابردن، و، خۆشی هەست بەو دەستکاریکردنە بکات. هەر ئەمەشە وای کردووە کە میتۆلۆژیا (ئەفسانەی ئاینی) لە چیرۆکی هەڵبەستراو جیا بکرێتەوە.

سەرتان نەیەشێنم، دەستپێکی ناسینی «ئوستاد»م لەگەڵ سەردەمی چوونم بۆ خوێندن لە زانستگەی بەغدا، دەستیپێکرد، کە ئەوەش لە سەرەتای پەنجاکانی سەتەی رابوردوودا بوو. رۆژێکیان بەسەر شەقامی رەشیددا تێدەپەڕیم، تەماشامکرد لە دوکانێک بەرامبەر مزگەوتی حەیدەرخانە، پیاوێکی بەتەمەن پیر، سدارەیەک لە سەردا، چەند پەرتۆکێکی کوردی لە جامخانەی بەردەمی دوکانەکەیدا دانابوو. سڵاومکرد لێی و، هێندەک قسەمانکرد لەگەڵ یەک و، هێندەک شتیشم کڕی لێی، ئەوجا گوتی "وەرە ژوورەوە دانیشە" و، ئێدی لەوەوە یەکدیمان ناسی و، ناسیاوەتیشمان لەگەڵ کات، هەتا دەهات بەهێزتر دەبوو. هەر پاش چاوپێکەوتنی یەکەم، وا رێکەوت نەورۆز کەمی مابوو، "ئوستاد" گوتی بە تەماین بچین بۆ پیرۆزکردنی نەورۆز لەماڵی ماڕووف جیاووک (سەرنج: "ئوستاد" بە"مارف"ی دەگوت "ماڕووف"). مارف جیاووک، کاتی خۆی "یانەی سەرکەوتنی کوردان"ی لە بەغدا دامەزراندبوو، بەڵام لەبەرئەوەی کوردەکانی بەغدا، کرێی خانووەکەی یانەیان نەدابوو، مارف جیاووک ناچار مابوو، تابلۆی سەر دەرگەی یانەکە بدا لەسەر دەرگەی ماڵەکەی خۆی کە لە نێزیک بابولموعەززەمەوە بوو. جاروبار کورد دەچوونە سەردانی. بۆ پیرۆزکردنی نەورۆزی ئەو ساڵە، "ئوستاد" گوتی دەیەوێ بەو بۆنەیەوە هێندەک قسە بکا و، گوتی ئەم قسانە بکە بەوتارێک و، لەوەدا هێندەک شتی گوت و، منیش وتارێکم لەبارەی نەورۆزەوە نووسی و، قسەکانی "ئوستاد"یشم لە چوارچێوەی وتارەکەدا گونجاند و بردم بۆی. "ئوستاد" بەدڵی بوو و گوتی: "لەوێ هەر خۆت بیخوێنەرەوە لەجیاتی ئەمن". لە ڕۆژی نەورۆزدا لە دوکانەکەیەوە، دەستەیەک کورد چووینە ماڵی مارف جیاووک. بەرلەوەی دەستبکەم بەخوێندنەوەی وتارەکە، گوتم: لەبەرئەوەی "ئوستاد" بەشیر موشیر، کە خۆشی لێرەیە، کەمێک دەستی ناساخی هەیە، فەرمووی؛ لە بریتی

وی وتارەکەی بخوێنمەوە". کە وتارەکەم خوێندەوە، بەدڵی خەڵکەکە بوو، چەپڵەیان لێدا بۆی و "ئوستاد"یش زۆر کەیفخۆشبوو پێی. بەتایبەتی، کە پاش ئەوە، رەفیق چالاک کەوتە قسەکردن و، پەسنی "وتارەکەی ئوستاد"ی دا. "ئوستاد" گەشکە گرتی.

دوای ئەوە، گەلێک جار بەفەرمانی "ئوستاد" وتارم بەکوردی و عەرەبی دەنووسی و دەمخوێندەوە بۆی و ئەویش "إمضا"ی دەکرد ("ئوستاد" بە"ئیمزا"ی دەگوت "ئیمضا") و ئێدی دەبوو بەهی وی. هەتا وتارێکیشی "ئیمضا" نەکردایە، بەهی خۆی نەدەزانی.

هەر بەهۆی هاتوچووکردنی دوکانی "ئوستاد"ەوە، ژمارەیەکی یەکجار زۆر کوردم ناسی، کە هێندێکیان لەوەپێش رۆڵی بەرچاویان هەبوو لە بزووتنەوەی کوردایەتی و بەڕێوەبەرێتیی دەوڵەتی عێراقدا و، کوردی نێوچە جۆرجۆرەکانی کوردستان بوون. ئەگەرچی زۆربەی زۆریان پیر و بەساڵدا چووبوون و، ئەز ژی وەک منداڵی وان وابووم، زۆر رێزی منیان دەگرت و، هەر لەوانیشەوە، شارەزای گەلێک لایەنی مێژووی چالاکیی کوردبووم، بەتایبەتی مێژووی نیوەی یەکەمی سەتەی رابوردوو. جا هەرچەندە بابەتی خوێندنەکەی من لە زانستگە؛ فیزیک و ماتماتیک و پەروەردە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا، بەخەستی دەستمکرد بەخوێندنەوەی ئەوشتانەی بەکوردی نووسرابوون و دەنووسران، کە ژمارەیان یەکجار کەم و بەدەگمەن دەستدەکەوتن، بەڵام زۆربەیان لای "ئوستاد" هەبوون. هەر لەم ماوەیەشدا، چەند وتارێکم بەزمانی عەرەبی لە رۆژنامەکانی بەغدادا – وەک «صوت الاهالي» و «صدى المستقبل» بڵاوکردەوە لەبارەی خستنە پشتگوێی زمانی کوردی و مێژووی کورد لەلایەن کاربەدەستانی عێراقەوە. یەکێک لەو وتارانە، بەرپێچدانەوەیەکی سەرکۆماری ئەو سەردەمەی ترک، جەلال بەیار بوو، کە لە ئەمریکا گوتبووی «لە ترکیا هەر ترک هەن و هیچ کەمایەتییەک نییە»، پاش بڵاوبوونەوەی وتارەکە، کە لە ژێر نێوی «سیاسة تتريك الكرد في تركيا» بوو، مەلا جەمیلی رۆژبەیانی بەدواداچوونێکی نووسی لە ژێر نێوی «التتريك لايزيد الشعب الكردي الا قوة وثورة على المستعمر»، ئەمە

بوو بەهۆی ئەوەی سەفیری ترک شکات لە هەردووکمان و لە رۆژنامەکەش (صوت الاهالي) کە زمانی حالی "حیزبی وەتەنیی دیمۆکراتی" کامیل چادرچی بوو بکا، لەبەرئەوەی ئێمە بەنێوی خواستەمەنییەوە بڵاومانکردبووەوە و کامیل چادرچی رازی نەبوو، نێوی ئێمە بدا، رۆژنامەکە بەسزای پارە سزادرا. هەر لەو ماوەیەشدا، جاروبارێک لە رۆژنامەی "ژین"ی سلێمانی و "هەتاو"ی هەولێردا وتارم بڵاودەکردەوە و، بەرەبەرە کەوتمە سەر بیری رێ و شوێن دانان بۆ خزمەتکردنی زمانی کوردی.

لە سالانی زانستگەدا، کەم هەڵدەکەوت هەفتەیەک تێبپەڕێ و چەند جارێک سەری "ئوستاد" نەدەم و لە دوکانەکەی پێوەندیی لەگەڵ خۆی و میوانەکانی نەگرم. کە لەوێ بوومایە چاییم بۆ خۆی و میوانەکانی بانگدەکرد لە چایخانەی هۆتێلەکەی تەنیشتی و، ئەرکی دانی پارەی چاییم لە کۆڵ "ئوستاد" و میوانەکانی دەکردەوە. جاروبارێکیش رەفیق حیلمی، یان جەلال سایب، یان عارفەسوور، یان ئەمین رەواندزی، یان جەمیل رۆژبەیانی، چاییان بانگدەکرد. بەڕاستی نایەتەوە بیرم کە عەلادین سەجادی یەکجار چایی کڕیبێ. کە گیروگرۆیەکی پارەش بۆ "ئوستاد" بهاتایە پێش، ئەوا بەپێی توانستم یارمەتیم دەدا. "ئوستاد" مرۆڤێکی پێزان بوو، کەسی خۆی دەناسی. لەبەرئەوە بەتەواوی خۆشەویست بووم لەلای. تەنانەت کە بەدەست هێندەک کوردەوە خەفەتی دەخوارد و دەیگوت: "ئەمین ئیتر کوردایەتی ناکەم و نایەڵم کەس بێتە لام، ئەم زاتە نەبێ" (واتە: ئەز).

هاوینی ساڵی ١٩٥٧ "ئوستاد" بەمیوانی هات بۆ سەردانی ماڵی ئێمە لە سلێمانی و گەورەی کردین. هەفتەیەک لە سلێمانی لە خزمەتیدا بووین و بەگەلێک شوێنی نێوچەی سلێمانیدا گێڕامان. ئەوجا پێکەوە چووین بۆ هەولێر و چاوی رۆنبووەوە بەبینینی قەڵا و منارە و چاپخانەی کوردستان و بنەماڵەی موکریانی و ژمارەیەکی زۆر لە بەشیریستەکانی هەولێر، وەک شەمسەدین مفتی و نەجمەدینی برای و تایەر تۆفیق و فازیل سەعید و رەمزی برای و، لەوێشەوە بەرەو شەقڵاوە کەوتینە رێ. "ئوستاد" دەیویست کچێکی

کورد بدۆزینەوە بۆ شامیلی کوڕی. وێنەیەکی شامیلیشی لەگەڵ خۆی هێنابوو. لە شەقلاوە، حەمەساڵح بەگی خۆشناو، کە بووبووینە میوانی، گوتی؛ پیاوێکی ناسیاوی هەیە باخەوانە، کچێکی وتووریا و جوانی هەیە. کە چووین بۆ ناسیاوی پەیداکردن لەگەڵ کچەکە، زۆر بەڕێزەوە بەپیرمانەوە هات و، باسەکەمان کردەوە لەگەڵی و، گوتمان با ماوەیەک بەمیوانی بچێ بۆ ماڵی "ئۆستاد" لە بەغدا، هەتا شامیل باش بناسێ و ئەوسا، ئەگەر دڵیان بەیەکەوە بوو، ئەوا پیرۆزی یەکدی بن. کچەکەش و باوک و دایکیشی رازی بوون، بەڵام دوایی کە کچەکە زانی شامیل کوردی نازانێ، پەژیوان بووەوە و، گوتی کەسێک زمانی من نەزانێ چۆن بتوانم بژیم لەگەڵی. ناهەقیشی نەبوو. ماوەیەک دوای ئەوە، کچێکی بنەماڵەی نەقشبەندییەکانی بادینان، کە ماڵیان لە بەغدا بوو، خوازرا بۆی. بەنیازی ئەوەی، ژنەکە شامیل فێری کوردی بکا و منداڵەکانیشیان هەر لە سەرەتاوە بەکوردی قسە بکەن. ئەوجا، شامیلی نازک و شەرمن، کەینێ "بوو بەزاوا"، ئەوەش بابەتێکە بۆ خۆی و، با "ئەو عێزەتە" بیگێڕێتەوە (سەرنج: "ئۆستاد" بەعێزەدین مستەفا رەسوولی دەگوت "ئەو عێزەتە" و دەیگوت "ئەو عێزەتە لۆرەنسی کوردە").

لە سەردەمی پەرەسەندنی چالاکیی رامیاریدا و، بۆ کۆکردنەوەی کەسە باشەکانی ئەو جەماوەرە کوردەی کە لە دوکانەکەی "ئۆستاد" کۆدەبوونەوە، بەتایبەتی پاش چواردەی تەمووز، کە لەو سەردەمەدا دوو ساڵ (١٩٥٨ – ١٩٥٩) لە قوتابخانەی دوانێوەندیی جەعفەرییە (کە قوتابخانەیەکی ئەهلیی شیعەکان بوو) مامۆستا بووم و، هەموو ئێوارەیەک، بۆ ماوەیەک، سەرێکی "ئۆستاد" م دەدا؛ لەگەڵ چەند بەشیریستێکی چالاکدا، لەوانە کامیل ژیر و حەمە وەرزێر و مستەفا سلێمان و عەلی تۆفیق و حەمەتۆفیق وردی و مەتحەت مفتی و جەمیل میران، بڕیارمان دا بکەوینە کار؛ بەتایبەتی لەگەڵ کامیل ژیر، کە لەو کاتەدا لە هەڵسوکەوتی کۆمۆنیستەکان زۆر بێزار بووبوو، چەند هۆنراوەیەکی سەر بەڕێبازی نەتەوەیی رەخنەگرانە و شۆڕشگێڕانەی بەرهەمهێنابوو؛ کە رەچەیەکی نوێیان شکاندبوو. دوایی، هێندەک لەوانە لە

بەرگێکدا لە چاپدران لە ژێر نێوی «کوردایەتی»دا کە پێشەکییەکم نووسیبوو بۆی. ئەمە، هەرایەکی وای نایەوە، کە پارتی کۆمۆنیستی عێراق، حەمەی مەلاکەریمی راسپارد، بەرپەرچی ئەو «کوردایەتی»یە بداتەوە، ئەویش نامیلکەیەکی چەند لاپەڕەیی لەدژی بڵاو کردەوە، کە نێومانانا «نەشتەرە کۆڵەکەی حەمەی مەلاکەریم» و بەنێوی زەردەشتەوە نامیلکەیەکم لە وەرامدانەوەیدا بڵاو کردەوە.

هەر لەو کاتەدا کامیل ژیر خەریکی خۆ ئامادەکردن بوو بۆ بەشداریکردن لە تاقیکردنەوەی دەرەکی (خارجی) بەکالۆریای پۆلی پێنجەمی (ئەدەبی) دوانێوەندیدا و پێویستی بەیارمەتی بوو لە ماتماتیکدا، لەبەرئەوە ماوەیەک وانەکانی پەرتۆکی «ماتماتیکی گشتی»م، هێندەک جار لە دوکانی "ئوستاد" پێدەگوت، ئەمەش وایکرد خەڵکەکە پێوەندیی نێوانمان بەپێوەندییەکی رامیاری تێنەگەن، بەڵام ئێمە رێکەوتبووین لەسەر هەوڵدان بۆ دامەزراندنی رێکخراوێکی سەربەخۆییخواز و بیرمان لە رێگەچارەیەک کردەوە بۆ پێوەندیکردن بەو کوردانەوە کە دەهاتنە لای "ئوستاد"، بێ ئەوەی گومان و سەرنجی سیخوڕ و نەیار بۆ کارەکەمان رابکێشین، لەبەرئەوە ویستمان شتەکە بەسەرزاری شێوەیەکی رابواردن و پێکەنینی پێبدەین و، لە ژێریشەوە ئامانج پێوەندیکردن و کاتدانان بێ بۆ چاوپێکەوتنی جیاواز و، لە نێزیکەوە ناسینی ئەو خەڵکانە، بەتایبەتی پاش ئەوەی کاژیک بەنهێنی دامەزرا. بۆ ئەمەش بە"ئوستاد"مان گوت، با دادگەیەک دابمەزرێنین بەنێوی «دادگەی گەڕوگێچەڵ» و ئەویش سەرکردە بێ. هەرکەسێک قسەیەکی کرد کە بەدڵی "ئوستاد" نەبوو، یان لە «هێڵی ئوستاد» دەرچوو، ئەوا دەبێ ئێوارێخوانێک دروستبکات بۆ هەمووومان. دیارە ئەمەش ئەو کەسانەی دەگرتەوە کە دەیانتوانی ئەو ئێوارەخوانە دروستبکەن، ئەگەر کەسێک ئەو پارەیەی نەبووایە، یارمەتیمان دەدا؛ تا بتوانێ ئەو میواندارییە بکات. بەڵام کار نەدەگەیشتە سەر ئەوانە، چۆنکە گەلێک لە دەستڕۆیشتووەکان، وەک حامید بەگی جاف و حەسەن بەگی جاف و کاکەزیاد و حەمەساڵح خۆشناو و حافز

قـازی، تکایان دەکـرد و دەیانگوت بە"ئوسـتـاد" بڵـێ با فـەرمـانێکیش بەسـەر ئێمـەدا بدا و، با ئێوارەیـەک لە خزمەتتـاندا بین و، کاتێکی خۆش ببەینە سەر. ئەم مـیـوانداریـیـانە بـەزۆری، ئێـوارانی پێنجـشـەمـوان لەسـەر هـەینـی بەڕێوە دەچوون، چۆنکە رۆژی هـەینی پشـوو بوو. بۆ کۆکـردنەوەی خـەڵکەکـەش دەبوو لەوە پێش بچـین بیـاندۆزینەوە و ئاگاداریان بکەین، چۆنکە ئەو سـەردەمـە کـەم کـەس هـەبوون لـەو کـوردانەی بەغدا، کـە تەلـەفۆنیـان لە مـاڵەوە هـەبێ. ئەمـەش بیـانوویەک بوو بۆ پێوەندیکردن بەتاکە تاکەی ئەو کەسـانەوە کە مـەبەسـتمـان بوو بەتەنێ بیانبینین.

یەکـێک لـەوانەی کـە چەند جـار فـەرمـاندرابوو بەسـەریدا؛ ئێـوارێـخـوانێک دروستبکات و نەیدەکرد؛ عەلادین سەجادی بوو، بەڵام لە ئێوارێخوانی زۆربەی ئەمـانی دیکەدا ئامـادە دەبوو. لەو کـاتانەدا کـە لە بـەغـداوە بـچـوومـایـە بۆ سلێـمـانـی بەکـەرکـوکـدا تێـدەپەڕیم و لـەوێ، هاوڕێ و دۆسـتـەکـانم بەسـەر دەکردەوە. جـارێکیان لە کەرکووک چوومە لای عومـەر بێکەس بۆ هـەواڵپرسین. عـومـەر، کونە دوکـانێکی هـەبوو بەرامـبـەر سـەراکـەی جـارانی کـەرکـووک بوو، بەئاسـتـەم جێی خۆی دەبووە تێیدا، بەو حـاڵەش پەرتۆکی کوردی دەفرۆشت. عـومـەر گـوتی: ژمـارەیەکی زۆر پەرتۆکی عـەلادین سـەجـادیم فرۆشـتـووە، تۆ دەچیتەوە بەغدا، تکایە پارەکەی ببە بۆی».

گـوتم: باشـە بـەسـەرچاو. پارەکە، ئێـسـتـەش لە بـیرمـە، شـەش دینار بوو. شـەش دینـار بۆ ئەو زەمـانـە پارەیەکی کـەم نەبوو. کـە چوومـەوە بەغـدا، بە"ئوسـتـاد"م گوت شـەش دینار پارەی پەرتۆکەکانی عـەلادین سـەجادیم پێیـە. "ئوسـتـاد" گوتی: یـەک فلسی نەدەیتێ، تا ئێوارێخـوانەکە دەکات. کە عـەلادین سـەجـادی هات بۆ دوکـانی، "ئوسـتـاد"، پێـمگوت شـەش دینارم لە عـومـەر بێکەسـەوە هانیـوە بۆت، بەڵام "ئوسـتـاد" فـەرمـووی کـە نابێ بتـدەمـێ تا ئێـوارێخـوانەکە دەکـەیت. "ئوسـتـاد"یش پێـیگوت: ئەگـەر نەتکرد، ئەوا ئێمـە خۆمان بەو پـارەیە ئێوارێخوانێک دەکەین و تۆش بانگدەکـەین وەک ئەم خەڵکە. عەلادین زانی ئاسنەکە داخە، گوتی: دێیت پێکەوە پیاسـەیەک بکەین، گوتم: ئا.

لەسەرجادەی رەشید کەوتینە پیاسە. لەوەدا گوتی؛ ئامادەیە من بانگبکا بۆ نانخواردن بەتەنێ. گوتم: "ئەوە هەر نابێ. ئەوە خیانەتە لە دادگەی گەڕوگێچەڵ و ئوستادی مەزن". هەرچەندی کرد و کۆشی؛ پارەکەی نەدرایەوە. ئێدی هەموو بەشیریستەکان سەریانکردە سەری. تەنانەت جەمیلی رۆژبەیانی گوتی: "عەلا گەڕ، دەببرێتەوە، خۆت بدە بەدەستەوە، بۆچی هێندە پوولەکیت؟". قسە قسە دێنێ، جەمیل بەعەلادینی دەگوت "عەلا گەڕ"، هەژاریش دەیگوت، ئەرێ ئەو "گەڕ"ە لەباتی "دین"ەکەیەتی. رەفیق چالاکیش دەیگوت: "بۆچی چییە، تازە بووکە، شەرم بیگرێ و خۆی نەدا بەدەستەوە؟ دەیکا. دەیکا..."

لە کورتی بیبڕمەوە؛ عەلادین ناچار بوو، ئێوارێخوانەکە بکات لە ماڵەکەی خۆی کە خانوویەکی گەورە و نوێ بوو و، بەهۆی ژنهێنانییەوە گرتبووی. خوا هەڵناگرێ، میوانداررییەکی باشی کرد. کە خواردن خورا. ئەوجا "ئوستاد" فەرمووی: "دە ئێستە پارەکەی بدەرێ". پارەکەم دایە دەستی. عەلادین چاوی گەش بوو کە پارەکەی دی.

یەک دوو رۆژ دوای ئەوە، "جەمیل دومبوک" هاتە لای "ئوستاد" و گوتی: ئەرێ ئەوە چییە، بیستم چوونەتە ئێوارێخوانی عەلادین سەجادی. گوتمان، چووین و خواردنێکی زۆر فراوان بوو. ئەو "جەمیل دومبوک"ە؛ لە بنەڕەتدا سەقزی بوو. بەمنداڵی، لەگەڵ کەسوکاری کۆچیکردبوو بۆ سلێمانی و، لە سەردەمی بەکر سیدقیدا بووبوو بەسەرباز و، بەهۆی "ئوستاد"ەوە کە دۆستێکی زۆر نێزیکی بەکر سیدقی بوو و، هەموو جارێکیش پەسنی کوردایەتیی بەکر سیدقی دەدا، جەمیل لە نەفەرەوە کرابوو بەجێگری ئەفسەر (نائب ضابط) و بەرە بەرە لە لەشکردا پێشکەوتبوو تا بووبوو بە"موقەددەم"، بەڵام زمانی زۆر شڕ بوو. رکی لە هەرکەسێک بوایە، دەستیدەکرد بەدەهۆڵلێدان لە دژی. لەبەرئەوە عەرەبەکان نێویاننابوو "جەمیل دومبوک" (جەمیل دەهۆڵژەن). عەلادین زۆرجار لە ماڵی ئەو جەمیل دومبوکە نانی خواردبوو، بەڵام ئەو ئێوارێیە جەمیلی بانگ نەکردبوو. ئەویش کەوتە قسە دژی عەلادین و گوتی: "ئەم عەلا وا وا لێکراوە، دوو قڕان وایی یەکەیە". کە

لێمان پرسی "دوو قڕان وایی یەکە" (بایی یەکە) چییە، گوتی: دەڵێن کاتی خۆی لە سنە گەرماوێک بووە، منداڵێکی لووسکەلەش لەوێ ڕاگیراوە بۆ ڕابواردنی ئەو کەسانەی دەچنە ئەو گەرماوە. هەرکەسێک لەگەڵ منداڵەکە ڕایبواردبێ، دوو قڕانی داوە بەمنداڵەکە. ڕۆژێکیان کابرایەکی کرماشانی دەچێتە ئەو گەرماوە و دەیەوێ لەگەڵ منداڵەکە ڕابوێرێ. کە منداڵ تەماشای "چەکی" کابرا دەکات لە هی کەر دەچێ، بەدوو قڕان ڕازینابێ. کابراش دەڵێ دوو قڕانەکە شتێکە و بڕاوەتەوە و دەبێ ڕازیبیت. لەم قسەیەک و لەو قسەیەک، منداڵەکە ناکاتە نامەردی؛ "چەکی" کابرا دەگرێ بەدەستییەوە و ڕایدەکێشێتە بەردەم خاوەن گەرماوەکە و خەڵکەکەی دەوروبەری و دەڵێ: "خەڵکینە ئەوا خۆم هیچ نایەژم، ئێوە هەر وەخوا (بۆ خوا) یەژن، ئەوە دوو قڕان واییە؟". جەمیل دەمبوک گوتی، ئەم عەلایەش هەر دوو قڕان واییەکەیە و لەوە تێناپەڕێ". ئێمەش زۆر پێکەنین. کە بۆ عەلادینمان گێڕایەوە، ئەویش هەر پێکەنی و گوتی "وا دیارە جەمیل چەکەکەی منی بەزێدەوە قەبڵاندووە". لە هەمووش خۆشتر ئەوە بوو، کەس بەم قسانە تووڕە نەدەبوو و ئێستەش یادی ئەو ڕۆژە خۆشانە دەکەمەوە.

بەڕاستی هاتوومەتە سەر ئەو باوەڕەی کە لە کورددا پیاوێکی دیکەی وەک "ئوستاد" هەڵنەکەوتووە و، لەوانەشە هەڵنەکەوێتەوە. بەبیروڕای من ئەو کوردانەی "ئوستاد"یان ڕووبەڕوو نەناسیوە و، تەنێ چیرۆکەکانی دەبیستن، وەک ئەوانە وان کە بیانەوێ بەبۆنی کەباب و تەماتەی برژاو خۆیان تێر بکەن. لەبەرئەوە، خۆم زۆر بەبەختەوەر دەزانم، کە لە نێزیکەوە ئوستادم ناسیوە و جێی باوەڕی بووم و بەو هۆیەشەوە، ماوەیەکی باش لەو خۆشییەدا بەشدار بووم.

"ئوستاد" گەلێک قسەی هەبوو، پڕ بەپێستی شوێنی خۆیان بوون. بۆ وێنە: ماوەیەک "ئوستاد" تووشی نەخۆشی شەکر بووبوو. دوکتۆر پێیگوتبوو دەبێ نانی گەنم نەخوا، نانی جۆ بخوا. ئەو سەردەمەش کەم کەس هەبوو نانی جۆ بخوات. جۆ دەدرا بەگوێدرێژ. ئەمە لە کاتێکدا، نانی جۆ گەلێک تەندروستترە

له نانی گەنم. رۆژێکیان له خزمەت "ئوستاد"دا بووم و ناسیاوێکی عەرەبیش لەوێ بوو. "ئوستاد" نانی جۆی دەخوارد بەچاییەوە. لەپڕ رەفیق حیلمی هات و یەکسەر گوتی: "ئای ئەوە چییە، رزقی کەر دەخۆیت؟" "ئوستاد" زمانی کەوتە پرتەپرت و رووی کردە کابرای عەرەب کە له دوکان دانیشتبوو و گوتی: "شوف شوف هذا هو العاقل مالنا؟ بس الكراد شلون يصيرون حكومه؟" (سەیرکە سەیرکە، ئەمە ژیرەکەمانە، ئێدی کورد چۆن دەبن بەحکوومەت؟) کابرای عەرەب نەیدەزانی چیرۆک چییە، کە بەعەرەبی تێمگەیاند، ئەویش دەستیکرد بەپێکەنین و گوتی: "نە، ئەوە بۆ گاڵتەیە". بەڵام "ئوستاد" تووڕە و بێدەنگ. کە رەفیق حیلمی هاتە ژوورەوە و دانیشت، دەرکەوت کە کابرای عەرەب دەیناسێ، پاش چاک و چۆنی لەگەڵی، له رەفیق حیلمی پرسی "ئێستە له کوێیت؟" گوتی: له قوتابخانەی دوانێوەندیی (مەرکەزی) له بەغدا (کە نێزیک حەیدەرخانە بوو) مامۆستام. کابراش گوتی: ئەی تۆ بەڕێوەبەری زانیاری نەبوویت؟ گوتی: "با". کابرا گوتی ئەوە چۆن دەبێ؟. رەفیق حیلمی گوتی: "پاش ئەوەی له بەڕێوەبەرێتیی زانیارییەوە کرام بەپشکنەر (مفتش) و، ئەوجا بەبەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی دوانێوەندی و، ئەوجا بەیارمەتیدەری بەڕێوەبەر و، ئێستەش مامۆستا". کە ئەوەی گوت "ئوستاد" پاش بێدەنگییەک گوتی: "بعد باقي له سنة حتى يسووه فراش" (ئاخر هێشتا ساڵێکی ماوە تا بیکەنە فەڕڕاش). هەموومان پێکەنین و، رەفیق حیلمیش پێکەنی و گوتی: "گۆڵی خۆت کرد". سالآنێک دوای نەمانی "ئوستاد"، پێکەنینی رۆژگار؛ کوردی کرد بەحکوومەت و، ئەوەتە حەڤدە ساڵە کورد حکوومەتی خۆی هەیە، کەچی نە شیوێک، نە ئاشەکۆنێک، نە کەلاوەیەک بەنێوی "ئوستاد"ەوە نرا و، نە منداڵەکانیشی روویەکی خێر نرا لێیان.

هەرچەندە "ئوستاد" له نێو کورد و ناکورددا جەماوەرێکی یەکجار گەورەی هەبوو، بەڵام تاکوتەراش هەبوون کە له هێڵ دەردەچوون. "ئوستاد" بە له هێڵ دەرچوونی دەگوت "لامولجیمی". یەکێکیش له قسەکانیدا قسەی بکردایە دەیگوت: "لامولجیمی" مەکە". "لامولجیمی" وشەیەکە، نیوە عەرەبی و نیوە

کـوردی. "لا" (نا، نە)یە. "مـولجـیم" لە "لجـام"ەوە هـاتووە کـە لە "لغـاو/ڤ، لگاو/ڤ"ەی ئەسـپەوە هاتووە. "لامولجیمی" واتـە کەسێک کە نەهێڵی لغاوی بکەن. کـە یـەکـێکیش ئەوەی بکردایە، "ئوسـتـاد" دەیگوت: "ئینچـەپ"ی کـەن. "ئینچـەپ" وشـەیەکە عـەرەبەکـانی بەغدا بەکاریدەهێنن بۆ یەکێک کـە کارێک بکات بەدڵیان نەبێ و بیانەوێ بێدەنگی کەن.

یەکێک لەوانەی «لامولجیمی"یان دەکرد، حـەمـەی مـەلاکـەریم بوو. لەبەرئەوە لەگەڵ "ئەو عێزەتە" لەو بارەیەوە قسـەمانکرد و "ئەو عێزەتە" گوتی: ئێستە چی لە حەمە بکەین، ئینچەپی کەین، گوتم: ئا. ئێدی حەمەمان ئینچەپ کرد.

رۆژێکیـان کوردێک لەبەر دوکـانـەکەی "ئوسـتـاد"دا هێندەک قسـەی کرد کە بەدڵی "ئوسـتاد" نەبوو، "ئوسـتـاد"یش گوتی: "بەدینی پێغـەمبـەر ("ئوسـتـاد" ئەم دوو وشـەیەی زۆر بەکـاردەهێنا) واملێهـاتووە لە داخی ئەم کوردە، چـەقۆیەک لە دیماغی خۆم بدەم".

وا رێکەوت لە ۱۹۹۳/۱۱/۲۸دا لـە زانسـتـگەی پـاریس کـۆنفـرانسـێک ببـەسـترێ بۆ بـاسـی کێشـەکانی زمـانی کوردی لە ژێر نێـوی "زمـانی کوردی بەرەو سـاڵی ۲۰۰۰". بۆ ئەو کۆنفرانسە گەلێک کـەس لە پێوەندداران بـەزمـانی کوردییەوە بانگکرابوون و لەوانە برایم ئەحـمـەد و ئەز. ئێوارێی ئەو رۆژە لەگەڵ برایم ئەحـمـەد و چەند کـەسێکی دیکەدا لە ئۆتۆمۆبێلێکدا بووین و ئەم باسـی "چەقۆ لە دیماغدانەی "ئوسـتاد"م گێڕایەوە، برایم ئەحـمـەد گوتی: "جا بەخـوا چەقۆکە بەر هیـچ نەدەکەوت". کـە ئەمـەی گوت قسـەکەی حـسـەین رەشـوانیم بیـرکەوتەوە کـە لە سـاڵی ۱۹٦۰دا کـاتێک لە هـەولێر هـەردووکمـان هـەڤـاڵپـیشـە بووین، گوتی: "بەڕاستی ئوستاد رەعییەتێکی قۆڕی هەیە".

"ئوسـتـاد" زۆر تووڕە دەبوو لەوەی کە بەحـوزنی موکریانی دەگوترا دامـاوی مـوکـریانی. کـە گـیـوی مـوکـریانی سـۆر بوو لەسـەر ئەو نازنێـوە، "ئوسـتـاد" دەیگوت: حـوزنی بۆچی دامـاو بـوو، لەسـەرچی دامـا بوو، هـەزار شـتـی دەزانی. دەیگوت: دامـاو بەکـەسـێک دەڵێن کـە لەوبـەری جـادەکـەوە وەسـتـابێ، چەند جـەنطـەی ثـەقـیلی پێ بێ و خـۆشـی بونیـەی ضـەعـیف بێ و عـینـدەلئـیـجـاب

حەمبالی دەستنەکەوێ و پەیتووکەش (ترومبێل) یەک لە دوای یەک بەجادەکەدا تێبپەڕێ، ئەوا ئەو کەسە داماوە". کە گیوی موکریانی لەسەر قسەی خۆی ڕۆیشت، "ئوستاد" گوتی: تۆ ئێستە برات مردووە، شەیتان دەستیلێهەڵگرتووە، تۆ بۆچی دەستیلێهەڵناگری؟

جارێکیان "ئوستاد" نەخۆشبوو، چووبوو بۆ لای دوکتۆر. دوکتۆر ژمارەیەک دەرزیی نووسیبوو بۆی کە نەخۆشەوانێک لە دەماری بدات. ئێوارەیەک، هەژار و ئەز لە دوکان بووین، "ئوستاد" گوتی: ئێستە دوکتۆر مەجید دێ، دەرزی دەدا لێم". ئەوەی ڕاستی بێ، نێوی دوکتۆر مەجیدم نەبیستبوو. گوتم: "نایناسم کێیە". گوتی: "ئێستە دێ". لەپڕ "مەجی شەیتان" خۆی کرد بەدوکاندا. ئەم مەجی شەیتانە؛ خەڵکی سلێمانی بوو. ماڵیان لە گەڕەکی سەرکارێز بوو نێزیک ماڵی ئێمە. چەند ساڵێک لە قوتابخانەی سەرەتایی خوێندبووی. بەڕێکەوت ناسیاویی لەگەڵ ئینگلیزێکدا پەیدا کردبوو. ئەویش بردبووی بۆ قوبرس، کە ئەودەمە کۆڵۆنییەکی بەریتانیا بوو. لەوێ کردبوویان بەخزمەتکار لە نەخۆشخانەیەکدا. پاشان، گەڕابووەوە سلێمانی و، خۆی کردبوو بە"نەخۆشەوان" و دەرزیی لە نەخۆشان دەدا. بەڵام قوڕ بەسەر ئەوەی بەر دەرزیی مەجی بکەوتایە.

دەرزییەکی لە ژێر زمانی منداڵەکەی "شەوکەت میقوال" دابوو، منداڵەکە مرد. لە ترسیی خەڵکی سلێمانی رایکردبوو بۆ بەغدا و، دەیگوت خوێندنی لە "زانستگەی قوبرس" تەواو کردووە. کە ئەودەمە لە قوبرس زانستگە نەبوو. هەروەها دەیگوت: باوەڕنامەکەی (شەهادە) "هێندەی بەڕەیەک" گەورەیە و "٦١ ئیمزای پێوەیە". مەجی منی باش دەناسی؛ چۆنکە هاوینێک لە سلێمانی منی بێزار کردبوو؛ هەر دەیگوت "دەبێ کیمیام فێر بکەیت". دوایی ناچار بووم گوتم "سبەینێ دەفتەرێک بێنە و وەرە". کە هات گوتم دەبنووسە: کەوەر + کشمیش = کەرواتی کشمیش و، ئا لەم بابەتە: مەجی دەیگوت: "ئەی بەقوربانت بم، بزانە ئەم خەڵکە چۆن دێنمە هەلەکەسەما". تا دوایی چووبووە لای فێرکارێکی کیمیا، کە ئەمەی دیبوو، زۆر پێکەنیبوو و گوتبووی: "مەجی،

تۆ بۆ هێندە ڕێژگاویت، تۆ بۆ بەرۆکی ئێمە بەرنادەیت؟".

ئا لەبەر ئەمە بوو، کە مەجی هاتە دوکان، هەستم کرد، پێی ناخۆشبوو کە منی دی. ئەوجا، کە کەوتە کار، جارێک بە"ئوستاد"ی دەگوت: دەستت هەڵبڕە، جارەکی دی دەیگوت: خۆت بنوشتێنەرەوە. جارەکی دی پشتێنی پانتۆڵەکەی بێ شلدەکردەوە. ماوەیەکی زۆر خەریک بوو، دەماری قۆڵی "ئوستاد"ی پێنەدۆزرایەوە. ئێمەش هەر پێدەکەنین و "ئوستاد" بێتاقەت بووبوو، گوتی: "ئێییی... ئەتۆ چ دوکتۆرێکیت؟".

مەجی گوتی: "ئاخر ئوستاد، ئەوەتا، ئەمانە پێدەکەنن، لەبەرئەوەیە کە دەمارت هەڵناستێ". "ئوستاد"یش گوتی: تکا دەکەم هەر لەبەر خاتری ئەمین، جارێ پێمەکەنن، تا دەمارم هەڵدەستێ، ئەوجا چ دەکەن بیکەن". ئێمەش چووینە دەرەوە و، ماوەی چارەکێک بەکۆڵانەکانی دەوروبەری حەیدەرخانەدا سووڕاینەوە و، ئەوەندە پێکەنین، خۆمان دەدا بەدەنگەکاندا. کە گەڕاینەوە، هێشتا، دەماری "ئوستاد" هەڵنەستابوو. "ئوستاد"یش تووڕە بووبوو. مەجی گوتی: "ئەمانە وایان کرد کە مێشکم لە کار بکەوێ و سەرم لێتێکبچێ". "ئوستاد" گوتی: "هەی گوو بە دیماغت"!.

"ئوستاد" مرۆڤێکی دڵپاک و بوێر بوو. ماستاوی بۆ کەس سارد نەدەکردەوە. با ئەو کەسە دەستڕۆیشتووش بوایە. شتێکی بەدڵ نەبوایە؛ بەئاشکرا دەریدەبڕی و گوێی نەدەدایە. ئەمەش ڕەوشتێکی بەرزە و زۆریش دەکەوێ لەسەر خاوەنەکەی. جارێکیان شەو بوو، نێزیک کاتی ٢٢ی بەغدا و کەم کەس دوکانیان مابوو. هەر "ئوستاد" و خۆم لە دوکان بووین. لەپڕ ئۆتۆمۆبێلێکی کاردیلاک کە هاژۆرێک لێیدەخوڕی وەستا و پیاوێکی چوارشانە لێی دابەزی، کە هاتە پێشەوە؛ زانیمان سەعید قەزازە، وەزیری نێوخۆی عێراق. وەزیری نێوخۆی ئەو سەردەمە دەسەڵاتێکی یەکجار زۆری هەبوو. هەر هاتە پێشەوە و گوتی "ئەرێ وەستا بەشیر، ئەو قسە قۆڕانەی کە لە دژی حکوومەت بڵاویدەکەیتەوە کێ بۆت دەنووسێ؟". "ئوستاد" کە گوێی لە وشەی "وەستا" و "قسەی قۆڕ" و "کێ بۆت دەنووسێ" بوو، گوتی: سەعید بێک،

سەعید بێک، حکوومەت خۆی گەوادە و ئەمین خۆم قەلەمم بەقووەتە و لە دژی دەنووسم. با حکوومەت گەواد نەبێ و لە دژی نەنووسم، بۆچی لە دژی جەنابت نانووسم؟" سەعید قەزاز زمان لە دەمیدا وشک بوو. گوتی دەباشە هەر لە دژی من مەنووسە، شتێکی کڕی و رۆی.

لە کۆتاییدا دەمەوێ ئەوە بێژم کە "ئوستاد" گەلێک لەوە مەزنترە کە بەم چەند دێرە کۆتایی پێبهێنم. هیوام وایە بەشیریستەکانی دیکە ناتەواویی ئەم پێشەکییە تەواو بکەن و رێ نەدەن کە کەس بەنێوی "ئوستاد"ەوە قسەی "جەعەلی" هەڵبەستێ. "ئوستاد" زەریاییەکی لە بننەهاتووە و پێویستی بەوە نییە چیرۆک دروستبکرێ بەنێوییەوە.

سەرنج:

ئەو وشە و دەربڕینانەی لێرەدا بەکارهێنراون هەمووی لە سنووری "هەرێمی ئوستاد"دان، کە ئەوەش هەرێمێکی نەتەکێن (مصون)ە و کەس بۆی نییە رەخنە بگرێ لێی، یان دڵگران ببێ لێی. هەروەها لێرەدا وشەی مامۆستا و دوکتۆر و کاک و بەڕێز و خوالێخۆشبوو بەکارنەهێنراون. چۆنکە ئەوانەی نێویان هاتووە لێرەدا، هەموو بەشیریست و "رەعیەتی ئوستاد"ن. بەشیریستەکانیش لە سنووری "هەرێمی ئوستاد"دا یەکسانن.

# بەیانی هەڵبژاردن - ساڵی ١٩٢٨

بۆ هەموو کوردان

ئەی کورد.. ئاگات لێ بێ و چاو بکەرەوە. ئەوا هەڵبژاردن هات، ئەمجارە دەبێ زۆر وریا بی.

خۆیشت دەیزانی، کە نوێنەر لە پەرلەماندا ڕاستە و ڕاست نوێنەر و قسەکەری ئەو نەتەوە یان ئەو وڵاتەیە کە لێیەوە هەڵبژێردراوە.

هەروەها ئاشکرایە کە ئەم نوێنەرانە سەبارەت بەنیشتمانپەروەری، لە ئاستی زانین و هۆشیاری، بەرگری دەکەن لە ماف و ویستی ئەو کەسانەی ئەوانیان هەڵبژاردووە و بەشێوەیەکی راستی دەناسرێن.

ئاستی زانین، هۆشیاری و نیشتمانپەروەریی نوێنەرێک بەتەواوی ئاوێنەی زانین، هۆشیاری و نیشتمانپەروەریی گەلەکەیەتی.

لەبەر ئەمە بەبۆنەی ئەم هەڵبژاردنە نوێیەوە، بۆ ئاگەداری و چاوکردنەوەی هەموو کوردی دڵسۆزانی گەل، پێویستی راگەیاندنی ئەم داوایانە بەئەرکی جوان و خزمەتێکی پیرۆزی ملم زانی.

ئەی هاوخوێن و هاوزمانان..

بەناوی بەرژەوەندی مافەوە، بەدڵ و بەگیان لێتان دەپاڕێمەوە کە لە هەڵبژاردندا زۆر ئاگەدار بن. کەسانێکی وەها هەڵببژێرن کە پێچەوانەی باوەڕ و ویژدانیان نەکەن بەخاتر و خۆتری هەڵبژاردن.

با نوێنەر بەتەواوی نوێنەرایەتی ئێوە بەجێ بهێنن و ڕێزی ڕەوشی کۆمەڵایەتی ئێوە بگرن. وە بەو بۆچوونەوە ئەوانیش نوێنەرگەلێکی وەها هەڵببژێرن کە کورد بێ، کوردی بزانێ و بەشارەزایی، زانین و زانستەوە لە

پەرلەمانا توانای پاراستنی مافی میللەتەکەی خۆی هەبێ.

دیسان زۆر بەگرینگی تکا لە دەنگدەران و لە هاووڵاتیانی بەڕێز دەکەین لە کاتی هەڵبژاردندا نەشڵەژێن، تەماشای ناوی زل، دەوڵەمەندی و خاوەنی فەرمانبەری گەورە گەورە نەکەن. تەماشای توانا، بیری خزمەتی میللەت و شارەزایی لە حاڵ و پێویستی مەملەکەتیان بکەن، تاکو لەم نوێنەرە بەڕێزانە توانای لێکدانەوەی بەرژەوەندی دوارۆژی مـــوڵک و مــــیللەت و توانای ئامۆژگارییان پێ بکرێ. وە لەبەر هیچ ڕێگرێک نەوەستێ و سڵ نەکات.

ئەی میللەتی مەزن، تکات لێ دەکەین بەبۆچوونێکی گیانییەوە تەماشای ئەم پێشنیازەی دڵسۆزانی میللەتی خۆت بکەی و هەموومان لێکی بدەینەوە و بۆ بەرژەوەندی گـــشـــتی بەم شـــێـــوەیە بۆ هەڵبـــژاردن تێ بکۆشین. هیـــوای گەورەیشمان وایە، ئەگەر بەم شێوەیە هەڵبژاردن بکرێ دەستەی نوێنەرانی بەڕێزی نوێ لە دوارۆژدا لەگـەڵ حکوومـەت هەوڵی یەک دەخـات و هەرچی لە توانایدا هەبێ بۆ چاکەی نەتەوەکەی خۆی دەستەبەری دەکات. وە "ئەمین"(*) لە ئەنجامی تێکۆشان لە زانیندا، میللەت لە زانین و زانستدا بەرز دەبێتەوە و مەملەکەت لە گەشە و بنیاتکردندا پێش دەکەوێ.

ئیـتر ئێـمە هەرچی بەئەرکی ویژدانی و ملمان زانی پێشکێشـمان کرد، ئینجـا پەســەندکــردن یان نەکــردنی هەواڵەی بۆچوونی بڵندی مــیللەتە خۆشەویستەکەمانی دەکەین.

خوا شاهیدە میللەت بۆ پیاوی چاک گریانە.

هەر ئەوەندە و حورمەت.

٢٧- ١- ١٩٢٨

بەناوی کوردانی جگەرسووتاوانەوە

بەرگدروو: بەشیر موشیر

سەرچاوە: گۆڤاری "زاری کرمانجی" ژ٣ ساڵی دووەم ل٨ ، ساڵی ١٩٢٨

---

(*) ئوستاد بەشیر هەرگیز بەخۆی نەگوتووە: "من" هەمیشە گوتوویە "ئەمین".

## بەیانی هەڵبژاردن- ساڵی ١٩٣٧

بۆ هاووڵاتییە بەڕێزەکانم

لە بەغداوە/ بەرگدروو "بەشیر موشیر"

بۆ پێکهێنان و دروستکردنی پێویستیی نیشتمان، بۆ خۆشگوزەرانی و بەختیاریی هاوشاریمان لە پەرلەماندا نوێنەر دانان بەبێ ئاستەنگی مافی هەڵبژاردن دراوە بەخۆمان. هەر یەکێ لە ئێمە سەرپشک و ئازادە لە بەکارهێنانی ئەم مافەیدا. هەرچەندە لە کاتی حکوومەتی پێشوودا ئەمە بەخراپ بەکار دەهێندرا. بەڵام لە ئێستادا کە حکوومەت حکوومەتێکی جەماوەرییە و بەرنامەی چاکسازی هەیە، دەتوانین بەئارەزووی خۆمان، مافی هەڵبژاردنی خۆمان بەکار بهێنین. حکوومەت لەمەدا یارمەتیمان دەدا، لەبەرئەوەی حکوومەت مەبەستی خزمەتی میللەتە، منیش تینووم بۆ خزمەتی "قەومی عێراق" ، حەز دەکەم لەم ڕێیەدا یارمەتی حکوومەت بدەم و خزمەتی "میللەتی عێراق" بکەم. لە پەرلەماندا ئەوەی بەقازانجی "قەومی عێراق"ی دەزانم هەوڵی بۆ بدەم و بیکەم. ئەو ڕێیە کە گرتوومە دەمەوێ لەسەری بڕۆم. بۆ ئاگەداری لە ژێرەوە بەرنامەی خۆم بۆ هەڵبژاردن دەخەمە ڕوو، بەو بەرنامەیەوە بەرئەندامی خۆم بۆ "لیوا"ی سلێمانی ڕادەگەیەنم.

لەم ڕێیەوە هەر کەس هاوبیری منە، تکا دەکەم دەنگی خۆی بەمن بدا، تا بەهێزی ئەوانەوە لە پەرلەمان بتوانم نوێنەرایەتییان بکەم و بەو دەسەڵاتەوە خزمەتیان بکەم.

١- بۆ کردنەوەی قوتابخانەی ئامادەیی و قوتابخانەی پیشەیی "لە وڵاتی خۆماندا" بۆ زۆرکردنی ژمارەی قوتابخانەی سەرەتایی لەو لادێیانەدا کە پێویست بێ، وە بۆ زۆرکردنی ژمارەی "بورس- زەماله" هەوڵ دەدەم.

٢- بۆ پرۆژەی ئاو و کارەبای شار و ئەو قەزا و شارۆچکانەی پێویست بێ هەوڵ دەدەم، بۆ وەدەستخستنی هاوکاری حکوومەت و یارمەتی دەسەڵاتداران هەوڵ دەدەم.

٣- بۆ پێشخستنی کشتوکاڵ، بۆ چاکسازیی کشوکاڵ، بۆ دامەزراندنی شەریکەتێکی کشتوکاڵی و هاوکاری بانکی کشتوکاڵ هەوڵ دەدەم، وە بۆ لەناوبردنی نەخۆشی ئاژەڵان کەرەستەی پێویست لە حکوومەت داوا دەکەم.

٤- بۆ زۆرکردنی سامانی حکوومەتەکەمان، بۆ پێگەیاندن و باشکردنی جۆر و پاراستنی بازاڕی تووتن و میوە و ئاژەڵان، هەوڵ دەدەم بەشێوەیەکی هاوچەرخ و هونەری سوودمەند بن.

٥- لەبەرئەوەی بازرگانی و ئاسایش و خۆشگوزەرانی بە لەشکرێکی بەهێز و حکوومەتێکی دەسەڵاتدار دەکرێ، بۆ زۆرکردنی ئەم هێزە «بەتایبەتی هێزی ئاسمانی» بۆ یارمەتی "ئەهالی" بەحکوومەت چی پێویست بێ دەیکەم.

٦- بۆ دەستەبەرکردنی دادپەروەری لە نێوان "خاس و عام" دا، داوای زۆربوونی دادگە و چاککردنی یاساکان لە حکوومەت دەکەم.

٧- بۆ بەستنەوەی دێهات بەقەزاکانەوە داوای کردنەوەی ناحیە دەکەم.

٨- داوای زۆربوونی نەخۆشخانە و دەزگا تەندروستییەکان و ژمارەی دکتۆری پێویست دەکەم.

٩- بۆ چاکسازی هەندێ یاسای ماڵی کە زۆرینە گلەییان لێ هەیە و باج و خەراجی زەویوزار و بۆ دامەزراندنی کارگەی ڕستن و چنین تێ دەکۆشم.

بەڕێزەوە سوپاسم پێشکێش بەو کەسانە دەکەم کە نوێنەرایەتی خۆیان بە من دەسپێرن.

هیوا دەخوازم کە متمانەی ئەوان خراپ بەکار نەهێنم.

سەرکەوتن لە خوا دەخوازم.

سەرچاوە: رۆژنامەی ژیان، دووشەمە ١٨ -١ - ١٩٣٧ ل٣

## کتابی(*) هەقپەرستی

"ئەوەل کتابێکی عەجیبە، بەدەستی بەشیر موشیر نووسراوە. مولْکی هەموو ساحێب هەق، هەقناس، هەق خواز و هەق بەدەستێکە.




---

(*) کتاب: بەکوردی بە کتاب دەگوترێ "سیپارە".

ڕێگەی حەقیقەت پیشان دەدا ."
سالّی ١٩٣٩ لە شاری بەغدا
لە چاپخانەی سرین چاپ کراوە
چاپی یەکەم، نرخی شەش ئانە

ئەم سیپارەیەم وەکو دیارییەک پێشکێش بەمامۆستا مەلا عەبدولخالق ئەسیری ئەفەندی زانا و ئەدیبی کوردان کرد.

بۆ خوێندەوارانی بەڕێز:

لە خوێندەوارانی بەڕێز داواکارم و تکایان لێ دەکەم کە بەتەواوی راستی ئەم کتێبە لە خوێندەواران بگەیەنن. تاکو هەموو کەسێ مافی خۆی و مافی کەسانی دیکە بناسێ. وە کەس مافی کەس داگیر نەکات. هەروەها لە کاتی پێویستدا بەسەربەستی داوای ماف بکات. بەردەوام یارمەتی مرۆڤ بدات. ئیتر خوا مافپەرستان سەرکەوتوو بکات.

هەقپەرست
بەشیر موشیر

تەرەفداری سیپارەی هەق پەرستی
وەک شاهی جیهان بن و نەهێنن نشوستی



"زانا و فەیلەسووفی کورد
سەید حوسێن زادە مەلا عەبدولخالق ئەسیری
ئەفەندی"

## پێشەکی

ئەگەر مرۆڤ کەمێک بیر بکاتەوە و هۆش بێنێتەوە بەر خۆی، بۆی دەردەکەوێ کە ئەم دنیایە، بەرۆژ و بەشەو، بەزەوی و ئاو، بەمانگ و ئەستێرە، وە هەموو ئەو زیندەوەرانەی کە لەسەری دەژین، "هێزێک"دایە. زانایان و بیرمەندان ئەمەیان زانیوە و راست و رەوان هەستیان پێ کردووە، بەتەواوی باوەڕیان پێی هەیە. جا هەر میللەتێک بۆ ئەم "هێزە" ناوێکی داناوە. میللەتی کورد "یەزدان- خوا"ی پێ دەڵێن.

لە زانایانی فەرەنسی "لامارتین" گوتوویەتی: ئەگەر بێو حاشا لە خوای گەورە بکرابا، ئەو دەمە هەموو شتێک خۆی دەبوو بەخوای خۆی. وە رووبەڕووی هەموو شتێک دەبووەوە و نەیدەهێشت گرفتی بۆ دروست بکرێ. وە لە جێبەجێکردنی هەموو کار و کێشەیەکدا نەدەپسایەوە و هەرچییەکی بویستایە بۆ خۆی بەجێی دەهێنا. ئەو کاتە لە دنیادا هیچ شتێک بەشاردراوەیی و پەنهانی نەدەمایەوە. هەموو شتەکان ئاشکرا دەبوون. وە هیچ کەس تەنگانە، نەخۆشی، گۆشەگیری، بێ دەسەلاتی نەدەهاتە رێ. بێگومان ئەو کاتە ئەم بوونەوەرانە لەسەر رێ و شوێن و رێکوپێکی ئێستا نەدەبوون و بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبوون.

مرۆڤ چەندە بەهۆشیار و زانا بێ، ئەوەندە گرفت و کێشەی زۆرتر دەبێ. بوونی هەرگیز لە کاریگەری دەرەکی رزگاری نابێ. هۆش و بوونی وابەستەی هێزێکە کە خۆیشی تێی ناگات چییە.

ئەو هێزە بێ هاوتا و گەورەیە کە حەقیقەتی نەزاندراوە و نازاندرێ، هەر میللەتە و ناوێکی لێ ناوە، ئەو هێزە سەرکردە و رێکخەری هەموو بوون و ژیانە.

خوا لە هەموو زیندەوەرانی دیکە زیاتر هۆش و ئاوەزی بەمرۆڤ بەخشیوە. مرۆڤ خۆی لە کردەوەی خۆی بەرپرسیارە. بەڵێن و قسەیش ئەوەیە کە هەموو کەس لە کار و باری خۆیدا ئاوەز و هۆشی خۆی دەخاتە کار. مرۆڤ دەبێ لە

ماوەی ژیانیدا دادپەروەرانە، بەئینساف و بەڕاستی کار بکا. ئەوە هەر مرۆڤە دەبێ مافی مرۆڤ بپارێزێ. بەپێچەوانەی ئەمەوە کارکردن دەبێ بەهۆی سەرنەکەوتن و ماڵوێرانی.

## هەق و حقوق چین

حەق: بە"واجب الوجود" مەبەست لە خوایە، هەرچی راست و پێویست بێ بەو دەڵێن.

حقوق: هەرچی پێویستییەک لە هەموو شتێک کە مرۆڤ داخوازی بێ بەوە دەڵێن. وە حەقپەرستی لێرەوە سەرچاوە دەگرێ. بۆ ئەم مەبەست و ئامانجە وا دانراوە بەدەستخستنی زانیاری و هونەری تەواو و دروست کە بازنەی رەوشت و ئەدەب دەستەبەر بکرێ و ئەمە وا دەکات کە مرۆڤ باوەڕی پێ بهێندرێ.

ئەم شتانە بەسەر یەکەوە چەند بەندێک دەسەلمێنن:

١- هەموو دەبینین رۆژ، مانگ و ئەستێرە بەگشتی لە بۆشایی رێکوپێک و بەسیستەمدا دەسوورێنەوە، لەم سووڕانەوەیە چوار وەرز پەیدا دەبێ. لێرەوە مرۆڤ بڕیار دەدا، یان دەتوانێ بڕیار بدا کە ئەم شتگەل و بوونەوەرانە لە ژێر کاریگەریدان.

هەندێ زانیار و کەسانی سەردەرچوو دەڵێن: ئەمە هێزی راکێشانە کە جووڵەی ئەم بوونەوەرانەی بەرهەم هێناوە. بەڵێ من بڕیار دەدەم کە هێزی راکێشانە. هەروەها بۆ ئەم سیستەم و رێکوپێکییەیش پشت بەڕاکێشانی ناوهاتوو دەبەستم. بەڵام خۆ دەبێ ئەم هێزی راکێشان، جووڵە و هاتن و چوونانە سەرکردەیەکی هەبێ. دیارە ئەویش خوایە. هێزی "رادیۆ" و "ئەلەکتریک" و شتەکانی دیکە، هیچیان بەبێ بەڕێوەبەر کار ناکەن.

٢- مرۆڤ ئەگەر باش لە رەوشی مرۆڤ بڕوانێ چاوی بەهەندێ کەس دەکەوێ کە بۆ مەبەستی هۆشیاری و زانایی و بیرمەندی، دەست و پێی لێ هەڵماڵیوە و رۆژ و شەو لە کاردایە. هەرچییەک دەکات نانێکی بەدوو نان

نابێ. مرۆڤ لێرەوە تێ دەگات کە بەش بەدەستخستن بە هەوڵ و کۆشش نییە. بەڵکو هێزێکی کاریگەر هەیە، بەدەست ئەو هێزەیە، ئەویش "یەزدانە".

بەبێ تەوانا بەرگی درەختێ

هەرگیز نابزوێ بە بایی سەختێ

لەم قسەیەوە تێ دەگەین کە کۆشش هیچ نییە و "رزق" هەر بەدەست خوایە. بەلام مرۆڤ نابێ تەمەڵ و تەوەزەل دابنیشێ و پارووی بخەنە بەردەست. مرۆڤ ناچارە کە هەوڵ بدا. مرۆڤ مەحکومە بە کار و خەبات. کە کاری کرد و هەوڵی دا کاریگەر دەبێ و دەتوانێ بەئارەزووی خۆی شت بەدەست بخات. ئەو کاتە حەز دەکات بیبەخشێ یان نەیبەخشێ.

٣- کە مرۆڤ لە رەوشی دار، درەخت و رووەک رادەمێنێ، دەبینێ کە لە جێگەی وەهادا جۆرە سەوزەیەک رواوە کە نەخۆش بیخوات و بەکاری بهێنێت بۆی دەبێت بەهۆی چارەسەر بوون و چاکبوونەوە. بەلام هەر لە هەمان شوێن گیایەکی دیکە هەیە ئەگەر بیخوات دەبێت بەهۆی مردنی. ئەگەر لە کاتی لێ وردبوونەوە و تاقیکردنەوەی هەردوو جۆرەکەی گیا و سەوزە جیاوازییەک ببیندرێ، ئەوا ئەو جیاوازییە لە هیچەوە نییە. بێگومان لە ژێر کاریگەری دەرەکیدایە. وەکو وتیشمان هەردوو گیایەکیش لە ژێر کاریگەریی یەک ئاو، یەک هەوا و یەک زەوی پێ گەیشتوون. دەبوایە یەک کاریگەرییان هەبوایە، بەلام کاریگەریی دەرەکی دەبێ بەدروستبوونی ئەم کاریگەرییە. کە ئەمەیش جگە لە خوا نەبێ، هیچی دیکە نییە.

رەنگە کەسێ بڵێ ئەم کاریگەرییە هی تۆوەکەیانە و وە لە تایبەتمەندی تۆوەکەیان ئەم کاریگەرییانە دروست دەبن، بەڵێ ئەگەر ئەو تۆوەیش تاقی بکرێتەوە و لێی بکۆڵدرێتەوە، لە هەمان توخمن و لە شێوەی پێکهاتەیشدا هەر یەکن. هەروەها دەتوانین بڵێین: "ئەگەر تۆو کاریگەریی هەبوایە، دەبوو لە دایک و باوکی ژیر و زیرەک، منداڵی زیرەک ببوایە و پێ بگەیشتایە"، بەلام بەپێچەوانەی ئەمە لە دایک و باوکی زیرەک گەلێ منداڵی گەوج و تێ

نەگەیشتوو پەیدا بوون. دیارە لە گەلێ دایک و باوکی نازیرەک منداڵی زیرەک پەیدا بوون و پێ گەیشتوون.

مامۆستا سەید عەبدولخالق ئەسیری لەم هەڵبەستانەدا پەسنی خوای داوە:

لە ژمارە ٨ ی "زاری کرمانجی" ساڵی ١٩٢٨ مامۆستا ئەسیری ئەم شیعرانەی بڵاو کردووەتەوە.

ئەی مودیری جازبەی کوررات و زەرەی کائینات
شاهیدی بوونی تۆیە سووڕانی مانگ و رۆژهەڵات
بیری لاپلاس لە فیساگۆرسی چاتر شایدە
گوێ بڵندانی زەوی گەردیدەی چۆلی سیرات
چوومە کارخانەی ئەلەکتریکی کە نوورایيم دی بەدڵ
سەربەخۆ مومکین نەبوو هەرکەس پەیا کا تەرتیبات
دووکەڵی رەوشەن بووە مێزی بڵندان و زەوی
وا ئەسیری پێ دەڵێن پەیدا چلۆن بوو کۆوە هات
فەرمەسۆنان وا دەڵێن بێ مادە پەیدا نابێ هیچ
مادە نەبوو چۆن پەیا بوو ئەسحابێ رەوشەنات
بەندەکانت هەندێکی رێگای بە هیوا بردووە
گوم بووە هەندێکیشی شێواوە، داماوە لە رات
هەور و با و باران و رۆژ و شەوم پێویستییە
حیکمەتی تۆیە فەقیر و دەوڵەمەند، هات و نەهات
لەم ئیدارەی تۆ کە دەیکەی تێیتە فیکرم چاتری
بۆ بەنی ئادەم نییە بۆ رێکوپێکی و وڵات
عاجز و دامەندە بێ، زانین کار و کردەتە
سەد هەزارێکی وەکو لوقمان، ئەرستۆ و سوقرات
هەر لە یەک عەردە هەوایەک ئاوی رووناکی یەک
بەر دەدا زوهرە یەکێکی نۆشە ئەوی دی دوو نەبات

تۆو ئەگەر تەئسیری ئەو جێیە و وزەی بوایە سەربەخۆ
دوو نەوەی ژیری لە ژیری و کۆڵیدا چۆن فەرق دەکات
تۆ هەی و نابینرێی، بێ جێی و لە هەموو جێ هەی
روح و نەفسی خۆم دەلیلێکە لە دەسما وەک بەرات
رێکی دەوری جیهان تێک ناچێت دیارە هەر یەکی
بەمە یەکیت، دیارە نییە رۆڵە و کەس و باوک و برات
رۆح ئەعزەم تۆچی و بڵێم چۆنی حەدم چییە
بیری بەش بوو چلۆن، گۆی زەوی چۆن رێ دەکات
یاخوا بێ جێیە گەر ئەم گوفتارە گەر عەفووم نەکەی
روو لە کوێ کەم کێ نەجاتم دا لە رۆژی عەرەسات
زندەیە مردەی هەزار ساڵە ئەگەر مەیلت ببێ
هەر لەسەر نوێ عالەمێ پەیدا بکەی هیچە لە لات
ئەی خوا رەحمێ بە قەومی میللەتی کوردم بکە
مەیل و فەرمانت ببێ ئاسانە زوو پێک دێ ئاوات
لاوی من تۆ کارگەری زانین و پەیدا کە دراو
روو لە دەرگەی خوا دوعا کە سەید و شێخ و مەلات
زوو بە زوو پێک دێ ئەسیری ئەوجا هیوای گەلت
بەخششی زۆرە دەهەندەی نابڕێ قەت لێت خوات

## حقوق چییە؟

حقوق سێ بەشە

١- کەسێنی

٢- میللی

٣- مرۆڤانی

مافی کەسێنی:

دەبێ هەموو کەس بە مافێکی خۆی کە کەوتبێتە دەس خەڵک یان بەیاریدەی خەڵک پێک بێ، دەبێ بۆ ئەو مافە تێ بکۆشێت وە هەر مافێکی دیکەیش کە بەو پێک بێ دەبێ بەجێی بهێنێ، دەنا تاک پایەدار نابێ.

مافی میللی:

دەبێ تاکەکانی هەموو میللەتێک بۆ مافی میللەتی خۆیان بەڕێیەکی ڕەوا تێ بکۆشن. وە هەروەها هەرچی مافی میللی خەڵکی دیکەیش هەیە لە چنگی ئەواندا دەبێ بیگەڕێننەوە بۆ خاوەنی، دەنا، یەکەم: لە ڕەوشی تاکی خاوەن دڵنیایی، دەبن بەبێگانە بەیەکتر وە پەرێشان دەبن. دووەم: هەمیشە لە شەڕ، شۆڕ، و شەڕەقسە دەبن تا کۆتاییان دێت.

مافی مرۆڤانی:

دەبێ هەر کەسێ کە خۆی بەمرۆڤ زانی هەرچی تایبەتمەندییەک لە مرۆڤدا نییە و تایبەتن بەئاژەڵ، دەبێ خۆی لەو شتانە بپارێزێ. دەنا وەکو خەڵکی دوورگەی "فەرمۆزە"ی لێدێت، کە لەبەر مرۆڤ خواردن کە لە لایەن ژاپۆنەکانەوە دەدرانە بەر بۆمبا و بنبڕ کران. کەسێکیش کە مافی مرۆڤ نەزانێ ئاوەها بەپێی ویژدانی گشتی مرۆڤ دەفەوتێندرێت.

## ڕێگەی هەقپەرستی

پەسەندکردنی مەسلەکی حەقپەرستی بەچ شێوەیەکە و بەچ مەرجێکە؟

مەرجی ١

مریدی حەقپەرستی دەبێ لەگەڵ هاوڕێ و هاوولاتی خۆی ماوەیەک هەڵسێ و دابنیشێ تا شارەزای ڕەوشتی دەبێ و لە خراپەی تێ بگات و ڕێز لە چاکەی بگرێت.

مەرجی ٢

لە پاش شـارەزابوونی رەوشـتی دەبێ هـاوسـەنگییـەک لـە نێـوان چاکـە و خراپەیدا بکات. دەبێ لە رەوشتی تێ بگات و پێویستە هەندێ رەوشتی پاک و چاکی ببێ.

مەرجی ٣

لە رەوشـتی چاکـە بەتایبـەتی ئەمـانەی هەبێ: "دادپـەروەری، رێزگـرتن لە یاسا، ئەدەب، وەفا و ویژدان".

مەرجی ٤

بۆ ئاشتی و دڵنیایی مرۆڤ و بۆ ئاسایشی گشتی هەوڵ بدا. هەموو کات خوازیاری چاکە بێ.

مەرجی ٥

هەسـتێکی ئەوەندە گـەورەی هەبێ کـە شـتی هەق و ناهەق لێک جـودا بکاتەوە. بۆ ئەوەی لە بەرژەوەندی ناڕەوا لە لایەنگری ناهەق خۆی بپارێزێ.

مەرجی ٦

پیشـەی، داخـوازی خـزمـەتکردنی بەڕاسـتی و راستگۆیانە بێ. نابێ بە هاندانی کەسانی دیکە بێ و بەهیوای بەرژەوەندی خۆی کار بکات.

مەرجی ٧

دەبێ بۆ گـوزەران و ژیانی خـۆی پشت بەهـەوڵ و کردەوەی خـۆی ببـەستێ. چاوی لە مـاڵی خـەڵک نەبێ. دەبێ چاوی لە سـەرفرازی خـەڵک نەبێ. چونکە ئەگـەر وا نـەبێ زیان لە سـەربەسـتی و ئازادی خـۆی دەدا. خـۆشگوزەرانیش بەشێکە لە سەربەستی.

مەرجی ٨

دەبێ پیشەیەکی هەبێ دەبێ دەست بەو پیشەیەوە بگرێت و لەو پیشەیەشدا هەوڵ بدا پێش بکەوێ.

مەرجی ٩

دەبێ لە هاوکاریکردندا ئامانجی ئەو بۆ بەرپرسیاریەتی گشتی بێ.

مەرجی ١٠

دەبێ بەدڵ و بەگیان باوەڕی هەبێ بە"یەزدان"، "توانا" و "زانا"، دەبێ بەزمان ئەمە بڵێت و دانی پێدا بنێ. ئەمە بنەمای مەسلەکی حەقپەرستییە.

مەرجی ١١

پێویستە لەسەر هەموو کەس کە پەسنی خوا بدا و بوونی بسەلمێنێ. هەروەها باس لە توانا، دەسەلاتداری، گەورەیەتی و بلاوکردنەوەی حەق بکات.

هەروەکو جەنابی مەلا عەبدولخالق ئەسیری لەم بوارەدا هەڵبەستێکی فەرمووە و باسی قوتابخانەی کردووە.

رۆڵەی ساوات لە بۆ مەکتەب بەرە
کوردی ناو جێگا ئەمڕۆ بێ فەڕە
خوێندەواری پێگەیشتووی مەکتەبە
بۆ هیوای گەل ئەو بە کار و رەهبەرە
ئەو کەسەی مێشکی لەوێ رۆشن بووە
روو لە هەرچی دەوڵەتێ کا سەروەرە
سەیری نووسراوی عیلمانم کە کرد
هیچی وام تێدا نەدی بێژم شەڕە
تووشی هەندێ کەس دەبی گەوج و نەزان

مـــێـــشکـی تاریکە ئەوە ئـەســڵـی کـــەرە
هەندێ باوەڕیان نیـــیــە گــومـــڕا دەبن
باعــیــسی مـــامـــۆســـتـــایانـی بەدفـــەڕە
ئەو کـــەســـەی وریا و زانا بێ بە فـــەن
بۆ نەجـــاتـی کـــەشـــتـی گـــەل لـەنگەرە
خــــوێـنـدنـی دیـنـیش بـزانـن چاک دەبێ
هـەردووکی بـۆ دین و دنیـــا رەهـبـــەرە
مـەدرەسـە زۆر چاکـە فـەننی تیـا هـەبێت
پێگەیشـتـووانی ئەوێ جـێی سـەر سـەرە
خــــوێندنی تێـــدا نیـــیـــە وێران بـووە
خــــۆ خــــەریـککردن لـەوێدا بـێ بـەرە
کـوردە گـوفـتـاری ئەسـیـری بێنە کـار
رۆڵەی ســـاوات لـە بۆ مـــەکـــتـــەب بەرە

رێگەی هەقپەرستی

واتای زمانیی راستی بە خۆوە گرتنە، واتای حەقپەرستی ئەمەیە لای "خوا" خۆ خۆشەویست کردن، فەرمان بەجێهێنانی و لە خراپە خۆپاراستن.

بەهەندگرتنی مافی هەموو مرۆڤان و زیندەوەران. لە مەسەلە و داخوازی دادپەروەری و ویژداندا بێ لایەنی و لە لایەنداری خۆپاراستن.

مەبەست و سوودی هەقپەرستی

مەبەستی هەقپەرستی لە هەموو مافێکدا، مافی کەسانی دیکە، لەگەڵ خودی خۆیدا حساب بەچاکە و بەمرۆڤانە بکات. خزمەتی مرۆڤ بکات و سوودەکەی گەیشتنە بەرەوشتی بەرز، بە زانین، بە ویژدان و دووربوونە لە خراپە و نزیکبوونە لە هەوڵ و تەقەلادان بۆ ئاسایش و دڵنیایی گشتی .

هۆیەکانی یەکگرتنی کەسانی هەقپەرست

مرۆڤ کە بیر دەکاتەوە هەرچەندە بەهێز و بەزۆر بێ و هەرچەندە لە بواری ماڵی دنیادا دەوڵەمەند بێ، هەرچەندە پڕ زانین و هونەر بێت، بەتەنیا ناتوانێ بێ یاریدە و هاوکاری خزمەتی مرۆڤ بکات. هەرچەندە بازنەی یارمەتی و خزمەتی گەورەتر بێ، ئەوەندە پێویستی بەیارمەتی و هاوکاری هەیە. لەبەر ئەمە و بۆیە یەکگرتنی کەسانی هەقپەرست و مرۆڤگەلی چاک دەبێ بەئەنجامی ئاسایش و دڵنیایی مرۆڤ.

پرشنگ "فکرم"

مرۆڤ دەمرێ و بوونەوەرەکان تێک دەچن. ئەم گۆی زەوییە بڵاو دەبێتەوە. پاشماوەکانی لە ناو هەوادا دەمێنێتەوە. پاشان پارچە بچووکەکانی یەک دەگرن و شێوەیەکی دیکە پێک دەهێنن. لەم رووداو و بەسەرهاتەیشدا هەڵگەڕاندنەوە و دروستبوونەوە پەیدا دەبێ. هەرچەندە مرۆڤ بەمردن لەشی لە ناو دەچێ، بەڵام کە زانین، چاکەکاری و رەوشتی باشی هەبوو ناوی هەر دەمێنێتەوە. بەچاکە یادی دەکرێتەوە. زانین بەهەوڵدان پەیدا دەبێت. رەوشتی چاک بەڕاگرتنی خود و راگرتن و زەوتکردنی خود پەیدا دەبێ. بەدەستخستنی زانین ئاسانە، بەڵام پابەندبوون بەڕەوشتی چاکە زۆر سەختە. چونکە هەوڵی خودی و کەسێتی تێدایە و بەوە پەیدا دەبێ. ئەوەندە هەیە زانین هاوکار و پشتگیرییە بۆ رەوشت. زانین وەکو چەکێک وایە بەدەست مرۆڤەوە بۆ هەوڵدانی خۆی. زانین بژێوی دەستەبەر دەکات. رەوشت نفوزی میناکی فراوان دەکات. رەوشت بەهەڵسوکەوتی بەردەوام بەدەست دەخرێت. زانین بەهەوڵدان بەدەست دەخرێت. رەوشت تیشکە و زانین وەکو چرایە بۆی. مرۆڤی بێ رەوشت وەکو داری بێ بەر "زڕ" وایە. پەرێشان و سەرگەردانە. مرۆڤی بەڕەوشت پەرێشان نابێت. ئەگەر تووشی پەرێشانیش بێت زۆر بێ رەوشتی ناکات. بەڵکو شەرەفی پێ زیاد دەبێ و ناو پەیدا دەکات. سەر بڵند و لە هەموو جێگەیەک بەڕێز و لای هەموو کەسێک بەنرخ. لەبەر ئەمەیە کە

ڕەوشت بناغەی مەسەلەکەیە. مەسەلەی هەقپەرستیش لە خاڵی مەسلەکەوە پاڵی داوەتە سەر ڕەوشتی چاکە.

مەبەست و پرۆگرامی هەقپەرستی

بەندی ١

خزمەتکردنی جیهانی مرۆڤایەتی، ماف جێگیرکردن، وە هەموو ئەو شتانەی کە زیان و خراپە بەکۆمەڵی خزمەتگوزاریی ناوەندی دەگەیەنن، کار بکرێت بۆ لابردنیان. لە جێگەی ئەمانە شتی بەسوود و بەکەڵک دابمەزرێت.

بەندی ٢

«هەق هەقە». واتە ڕاست ڕاستە وە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەم بۆچوونە لە ڕاستییەوە دوورە. لە بەرانبەر ئەوەی کە هەموو زیندەوەرێک مافی ژیانی هەیە و ئەم ژیانەشی شتێک نییە بەردەوام و نەمر. بۆیە هەڵگرتن و نەهێشتنی ناپاکی، گەندەڵی و دووڕوویی لە ناو میللەت، دەبێتە هۆی بەردەوام بوونی ژیانی سروشتی میللەت. لەسەر هەموو موریدانی هەقپەرستی پێویستە هەوڵ بدەن بۆ هەڵگرتن و لە ناوبردنی ڕەوشت و کردەوەی نا شایان. بێگومان پێویستە لەسەریان بەرانبەر بەوە ڕەوشتی چاکە جێگیر بکەن.

بەندی ٣

مرۆڤ بەهۆی مافەوە پێوەندی بەیەکەوە هەیە و بەیەکەوە پابەندن. بۆ ئەوەی ئەم پێوەندییە نەپچڕێت و هەڵنەوەشێتەوە، دەبێ بگەنە فریای چەوساوەکان و غەدرلێکراوان. دەستی یارمەتی بۆ کەسانی پاکژ و لێقەوماو درێژ بکەن. دەبێ یارمەتییان بدەن و هیچ کاتێک مرۆڤایەتی خۆیان لە بیر نەچێتەوە.

بەندی ٤

ئەوانەی پێویستییان هەیە و دەبێ ئەو پێویستییە جێبەجێ بکەن، ئەگەر

هاوکاری نەکرێن و ئەگەر کەسانێک ئەم بەندە بەجێ نەهێنن، ئەوا تەنگاوی و ناچاری ئەو کەسانە تووشی گەلێک شت دەکەن و بەرانبەر بەیاسای ژیان و مرۆڤ یاخی دەبن و ئەو کاتە زیان بەسیستەمی هەموو جیهان دەگات.

تێکەڵی و پەشێوی دەست پێ دەکات و جیهان تەفروتوونا دەبێ و بەرباد دەبێ.

بەندی ٥

کارکردن و هەوڵدان لە کارکردندا ناچارییە، چونکە مرۆڤ بۆ ژیان و بۆ داهاتووی هەوڵ دەدا. دیارە داهاتوو شتێکی زۆر پێویستە. کە هەوڵدان نەبێ، نە داهاتوو دەبێ و نە ژیان دەبێ. کەواتە کۆشش و هەوڵدان بۆ هەموو کەسێک پێویستە. بەڵێ ژیانی کەسێنی و ژیانی رەگەزی بەماڵ و بەخۆراک بەردەوام دەبێ و دەڕوا، بەلام ئەمەیشیان دیسان بەبێ هەوڵ و کۆشش پێک نایەت. کەوابوو هەوڵدان چەند بەهێز بێ، ئەنجامی ئەوەندە باش دەبێ.

بەندی ٦

دڵنیابوون لە ئاسایشی مرۆڤ و لە خۆشگوزەرانی مرۆڤ گەلێک پێویستە. دەستەبەرکردنی ئاسایشی مرۆڤ چەندە چاکتر بێ، ئاسایش و سیستەمی گشتی ژیانی مرۆڤیش ئەوەندە زیاتر و باشتر لەسەر رەوتی خۆی دەسووڕێتەوە.

هەتاکو پێویستە بوار بۆ ئاسایش و سەلامەتی هەموو زیندەوەرێک دابین بکرێت، جگە لەوانەی کە زیان بەخش و زۆردارن. چونکە ئەوانیش گیانلەبەرن و ئازاریان دەبێ. پەسەندکردنی ئەمەیش ئەرکی مرۆڤایەتییە. مانەوەی ئەو گیانلەبەرانە بۆ ژیان بەسوودە. بڕوا ناکەم لە جیهاندا هیچ شتێک لە سوود خاڵی بێ.

بەندی ٧

یاسـایەکی مـسـۆگـەریی پاراسـتن بۆ مـرۆڤ و هـێـزێکی راپەڕینەریش بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایە پێویستە. هەموو تاکێک، یان هەموو مرۆڤێک ئاوەز و هەست و تێڕامـانی هەیە، بـەڵام تەنیـا پاراسـتنی خـودی خـۆی، نیـشـانەی پاراستن و ئاسـایش نییـە. بەڵکو شـۆڕشـێکی گـەورە پێـویستـە بۆ پاراستن و مسۆگەرکردنی ژیانی مرۆڤ. یاسایەک بۆ پاراستنی ژیانی مرۆڤ پێویستە.

هەمـوو دەیزانین یاسا خـۆی بریتـییە لە چەند پەڕە کاغـەزێک و بەمـەرەکـەب رەش کراوەتەوە. بەڵام جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی یاسـا، هێزێکی جێبـەجێکاری پێویستە.

ئەو هێـزی جـێـبـەجـێکارەیش بەکـۆمـەڵێک هەقـپـەرست پێک دێ. کـەوابوو کۆمەڵی هەقپەرست بۆ پاراستنی مرۆڤ پێویستە.

بەندی ٨

مـرۆڤ لە ناو سـەرجـەم گـیـانلەبەراندا ئـەندامـێکی بـەنرخـە. لە هەمـوو چینەکانی دیکەی گیانلەبەراندا بڵندتر و تەواوترە. ئەوانی دیکە (مشـەخۆرن)، لەبەر ئەمە دەبێ پاراستنی ژیانی مرۆڤ دابین بکرێت.

مـرۆڤ بۆ خـۆی حـەز بە چی دەکات، دەبـێ بۆ بەرانبـەرەکـەیشـی حـەز بەوە بکات. وە بۆ خـۆی چی بەخـراپ دەزانێ، دەبێ بۆ خـەڵکیش ئەوە بەخـراپ بزانێ. مرۆڤ دەبێ بەردەوام و هەموو کاتێک مـەرجەکانی هـەق و مـاف دووبارە بکاتەوە. بۆ ئەوەی هیچ کاتێک لە خەیاڵی دەرنەچێ. دیارە ئەمەیش خوێندنەوە و تەماشا کردنی یاسای هەق و مافی پێویستە.

ئەو بـەندانە کـە لەسـەرەوە نووسـیـومـانن بـەباوەڕێکی تەواو، بەنیـازێکی خـاوێن، بـەدڵێکی پاک و بە مـێـشـکێکی روون دانراون. بەهـیـوای ئەوەی بەبیـرێکی دوورودرێژ و بەردەوام بژی، و بێ ناپاکی و بێ گـزیکردن، لـە پای دەسکەوتی تایبـەت و کەسێنی. کارکردن تـەنیا بۆ بـەرژەوەندی مرۆڤ دەبێتـە

هۆی بەختەوەری و سەرفرازی. کارکردن بەپێچەوانەوی ئەمەوە دەبێ بەمایەی پەرێشانی. چارەسەر و رێگەی رزگاری لە مەسلەکی هەقپەرستیدایە.

رێگەی هەقپەرستی

ئەم مەسلەکە لە فێڵ و گزی دوورە. شتێکی سیاسی نییە، میناکییە. سەرفرازی و بەختەوەری دەهێنێ. خۆشەویستی و سۆز لە ناو مرۆڤدا تەواو دەکات. مەسلەکێکی راست و راستەقینەیە. ناسینی ماف و هەقە. چەوساندنەوە، ناهەقی و دەستدرێژی پەسەند ناکات. رێگەیەکە راست و رەوان. خوازیاری دادپەروەریی، ئاشتی ژیان و دڵنیایی مرۆڤە. پێوەندی مرۆڤانە بەهێز دەکات. ئەوەی پێوەندی مرۆڤانە دەپچڕێنێ لای دەبات. هەموو کارێک بەهاوئاهەنگی لەگەڵ بیر و لۆجیکدا دەکات. بۆ بڵاوکردنەوەی زانین و زانیاری هەوڵ و تەقەلای زۆر گەورە دەدا. بەشێوەیەکی یاسایی کار بۆ هەموو ماف و هەقێک دەکات. یارمەتی لێقەوماوان و کەسانی پەرێشان دەدا. سەرمایەیشی هەوڵدان و پشتیوانی خوایە.

هەقپەرستی مەسلەکێکی هەقە بۆ مافی کەسێنی، میللی، مرۆڤانە و دینییە. بەخۆڕایی کاتی خۆی دەخاتە خزمەتی مرۆڤەوە. چەندێکی لە باردا بێ، کەم و زۆر، لە رێی چاکەدا تەرخانی دەکات. بەم جۆرە خزمەتی هەموو ژیان و هەموو زیندەوەران دەکات. بۆ خۆشگوزەرانی گیانلەبەران خۆی دەخاتە مەترسییەوە. سەبارەت بەم هەموو کارانە پاداشت لە لایەن مرۆڤەوە خێر و چاکەیە. ئەم بوونەوەرانە، ئەم شتانەی کە هەن، راستییەکیان هەیە. وەکو "سەفسەتائییەکان" دەڵێن: «بوونەوەر هیچ شتێک نییە، ئەوەی کە هەرچی لە بەرچاوە خەیاڵە و راستی نییە». وەکو خێلێک چۆن شتێک بە دووان دەبینێت، ئەمەیش پێچەوانەی ئاوەز و هۆشە. بەڵکو بوونی ئەو شتانە راستییە. پێوەندی مرۆڤانە و پێوەندی مرۆڤ راستییە. بەرانبەر بەوە کە مرۆڤ لە چینی سەرەوەی گیانلەبەرانە، هەرچی مافێک داوا بکات لەسەر هەقە. لەبەر ئەمە مەسلەکی بەشیر موشیر هەق پەرستییە. ئەو رێیەی گرتوویە بەری نادا.

خوا تاکەی نەناسن هەقپەرستی
لەبەرچی تێنەگەن ژینی بەڕاستی

بەشیر موشیر سلێمان
دانیشتووی بەغدا

بەندە مەبەستم لەم نووسراوە خزمەت و یاریدەی هاوڕێ، هاوولات و هاوڕەگەزەکانمە. هەرکەسێ مەسلەکی هەق پەرستی بێ، دەبێ لە هەقی خۆی تێ بگات. داوای هەقی خۆی بکات. ستەمە کەسێک خۆی بەمرۆڤ بزانێ هەقی خۆی بزر بکات و هەقی کەسانی دیش قووت بدا. مرۆڤ بەهەق و ماف لە ئاژەڵ جودا دەبێتەوە. ئیتر هەر بژی هەقخوازان و هەقپەرستان.

هەقپەرست
بەشیر موشیر

دوای بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە، ئەگەر کات یارمەتیمان بدا، کتێبێکی دیکە سەبارەت بەکاروباری کۆمەڵایەتی دەنووسم. نیازم هەر چاکەیە و تا بمرم چاکە دەکەم. چاک دەنووسم، چاک دەڵێم و لە چاکە دەدوێم. ئینجا پشت بەخوا و هیممەت لە ئێوە.

هەقپەرست
بەشیر موشیر




روانیمـە هـەقپـەرسـتـی سـیـپـارەکـەی بـەشـیـر
پڕ بوو لە گفتـی چاکە و هۆشـەنگ[١] و بیر[٢]

کورتـی نییـە ئەسـیـری کـە نەیدیوە مـەکتـەبی
وا بوو لە چاخی[٣] خـۆیا سـۆکـراتـی ژیر[٤]

(١) حیکمەت. (٢) فکر. (٣) وقت. (٤) زەکی.

بۆ هەموو خوێندەوارانی ئەم کتێبە:

زۆر چاک بزانن کە بەندە وێرام و بۆ نووسینی (تالیف)ی ئەم کتێبە بچووکە بەفەرمووده و لەسەر بڕیاری چەند کەسێکی کوردی زانا و خاوەن بیر، بۆ چاپکردنی ڕێگەیان دام. پاشان بەندە بۆ بڵاوکردنەوەی دڵنیا بووم.

یەکەم جار، بۆ ڕێکخستنی پێشکێشی مامۆستا ئیسماعیل حەقی شاوەیس ئەفەندیم کرد. پاش ڕێکخستنی کێتبەکە، قایل بوو کە بڵاو بکرێتەوە.

دووەم جار، ناردم بۆ مامۆستا عەبدولخالق ئەفەندی "ئەسیری" زانا و فەیلەسووفی کورد. ئەویش زۆر جوان پێیدا چووەوە و زۆر خۆشحاڵ بوو بۆ چاپکردنی. بەندەی زۆر دڵ و دەروون روون کرد بەم کتێبی هەقپەرستییە.

سێیەم جار، پێشکێشی مامۆستای گەورە و بڵندی هەموو زانایانی کورد ئەمین زەکی بەگ (وەزیری کار و گواستنەوە)م کرد. پاش ئەوەی مانگێک بەچاکی پێیدا چووەوە، فەرمووی: «وەستا بەشیر، ئەم کتێبە زۆر باشە و کتێبێکی زۆر بەنرخە، سوپاسی هیممەتت دەکەم و بەرانبەر بەتێکۆشانت مەمنون و خۆشحاڵم». وە فەرمووی: «من وای بەباش دەزانم کە بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە بخەیتە کاتێکی دیکە». بەندەیش عەرزم کرد کە بۆچی دوای بخەم؟ خۆ زیانی بۆ کەس نییە تاکو بترسم؟ لە چاکە زیاتر هیچ شتێکی دیکەی تێدا نییە. دووبارە فەرمووی: «بەبۆچوونی من وای بەگونجاو دەزانم کە جارێ دوای بخەیت، چونکە هەندێ لە "منەوەرەکان" نووسینی ئەم کتێبەیان پێ خۆش نییە، بەڵام هەرچی پسپۆڕ و زانایە زۆر لایان بەنرخ و خۆشەویستە».

بەندەیش ئەم کتێبەم بۆ کەسێک نەنووسیوە تاکو لێی بترسم. ئەم کتێبە ڕێگەپیشاندەرە، ئەوەی نرخی دەزانێ و ڕێزی لێ دەگرێ باشە، ئەوەی نرخی نازانێ و ڕێزی ناگرێ بەزۆر پێی ناکەم. لەم ڕۆژگارەدا کێ دەتوانێ کارێکی وەها بکات کە هەموو دنیا قایل بکات. فەرمووی: «پایەبەرز ئەمین زەکی بەگ» راستییەکەی قسەکەی تۆ راست و هەقە، بینووسە زۆر باشە و زۆر سوپاست دەکەم. فەرمووی: من بۆ خۆم زۆر پێخۆشحاڵم بۆ شتێکی وەها.

ئەوسا منیش بەدڵێکی روونەوە، لە پێناوی خزمەتکردن بەهاوڕێیانم بۆ چاپکردنی دەستم بەهەوڵ و تێکۆشان کرد.

هەقپەرست

بەشیر موشیر

بۆ خوێندەوارانی بەڕێز:

بەندە زۆر زۆر ئارەزوو دەکەم خزمەتی هاوڕەگەز و هاوشارییەکانی خۆم بکەم، ئەگەر پێمان رەوا دەبینن.

رۆژێک لە رۆژان دڵم تەنگ بوو، زۆر لە رەوشی خۆم بێ هیوا بووم کە تاکو ئێستا شتێکی وەهام نەکردووە بۆ گەل و لاوانی تازە پێگەیشتوو. زۆر دڵتەنگ بووم و بەرەو دەرەوەی شار دەرچووم. دەرچووم تاکو دڵم رووناک بێتەوە. لە رێگەمدا چاوم بەشارە مێروولەیەک کەوت. بیرم کردەوە کە ئەم مێروولانە هەڵکوت هەڵکوت رایان دەکرد و منیش دوایان دەکەوتم تاکو بزانم بۆ کوێ دەچن و چی دەکەن. پاشان بینیم چوونە درزە دیوارێکەوە و راوەستام تاکو هاتنە دەرەوە. کە هاتنە دەرەوە تەماشا دەکەم هەر مێروولە و شتێکی بەدەمەوە گرتووە و دیسان بەخێرایی بەرەو شارەکەی خۆیان رادەکەنەوە. تومەس ئەم مێروولانە بۆ خۆیان و بۆ منداڵەکانیان زەخیرە و تێشوو دادەنێن بۆ زستانیان.

ئیتر منیش لەم مێروولانە پەندم وەرگرت.

ئینجا ئەگەر مێروولە وەها هەوڵ بدا و تێ بکۆشێ، ئیتر چۆن مرۆڤ هەوڵ نەدات و تێ نەکۆشێ. دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە. پێویستی دنیا و قیامەت بێ تێکۆشین دەست ناکەوێ.

منیش کە تێگەیشتم تێکۆشام بۆ نووسینی "سیپارەی هەقپەرستی" ئەگەر پێمان رەوا ببینن.

دووەم تێکۆشانی من بۆ منداڵی ساوایە. چونکە منداڵ کە لە دایک دەبێ هەرچی ناوێکی لێ بندرێت بەخۆی نازانێت و ساوایە.

وە ئەگەر ناوی بەزمانی دایک و باوکی خۆی نەبێ، لە پاشان بێ ئاگا دەبێ لە میللەتی خۆی و "رەچەتەی" خۆیشی بەجارێ بزر دەکات.

بۆیە زۆر دەپارێمەوە لە دایک و باوکان، وەکو لە ژێرەوە نووسراوە کوڕ و کچ بەکوردی پەتی ناویان لێ بنێن، تاکو خۆیان وەکو کورد بناسن.

خزمەتی زمانی میللەت زۆر پێویستە، ئەگەر زمان نەبێ سەریش نابێ.

هەقپەرست

بەشیر موشیر

## ناوی کچ بە کوردی

گەلاوێژ. گێلاس. گولاڵە. گوڵناز. گوڵخەندان. گوڵبەهار. گوڵچین. گوڵەباغ. گوزیدە. گەشە. گوڵئەستێرە. گوڵچیهرە. گوڵبەدەم. کڵاولار. پاکیزە. نەسرین. نەرمین. پەروین. بەخشین. سەروو. ئامان. نەخشین. رەنگین. زێڕین. شیرین. نۆشین. بێهترین. نەهمین. نازەنین. شەرمین. کوهڕەنگین. نازناز. نازدار. شاناز. نێرگس. نەوڕەستە. نیلۆفەر. نیگار. پرشنگ. بەهێ. خەندان. شادان. رەخشان. درەخشان. پەخشان. خەرامان. میهرەبان. پەیمان. ژیان. موژگان. فروزان. ئافتاو. لاولاو. ماهتاب. سەوزە. ئەختەر. وەنەوشە. شەوبۆ. شاپەڕ. چلورە. دڵبەر. زەرتاز. بەخومار. دڵنیگار. روخسار. دڵشکار. دڵدار. سەرئەفراز. خۆشئاواز. زەڕنیگار. زرنگە. فەرەنگیز. سەمەنبۆ. سروە. لەیلاخ. سوێسکە. چوزەرە. رەعنا. نادیدە. جازە. پەروانە. نازناو. خۆشڕام. تارا. لالا. زەڕپۆش. سامالّ. خرخالّ. هاژە. شۆخوشەنگ. ئاهەنگ. شەوچرا. خنجیلە. دڵجۆ. خانزاد. فریشتە. دڵبەستە. لاری. دووردانە. خاوێن. ئاتە. ئاسکۆڵ. خونچە. پیرۆزە. گوڵئەندام. ئەستێرە. بەسێ. ئەستێ. بیمار. خۆشەنگ. پەریزاد. دەنگشاد.

## ناوی کوڕ بە کوردی

نەژاد. نەوزاد. دڵشاد. بەهزاد. فەرهاد. شێرزاد. قوباد. نەورۆز. خەسرەو. دارا. خورشید. خاوەر. نەوشیروان. مامەند. بایز. شێرۆ. شێرکوژ. شێرکۆ. شێرجەنگ. فەرەیدوون. سۆران. گۆران. نەریمان. مەریوان. تابان. کامەران. زیزان. ڕۆستەم. زاڵ. کاوە. شاپەڕ. شاباز. شاهین. شاهۆ. شاپور. بارام. سێوە. سەربەرز. سەرکەوتوو. مەدهۆش. پیرۆت. دلاوەر. پەرویز. پڵنگ. هەڵۆ. ناودار. ئەفسەر. زۆرمەند. دلێر. پاڵەوان. نامەوەر. شیرشکار. سەربڵند. سەرچڵ. ئاگاه. دورندە. کوشندە. بڕندە. وشیار. سەرتیپ. باڵدار. دڵسۆز. هۆشەنگ. لەندەهوڕ. فیروز. نیهال. نەمام. هزرمەند. تەوانە. رابەر. خۆرگە. لەنگیزە. گورزە. گۆپاڵ. بێورە. پشکۆ. تریشکە. بروسکە. بەلار. یەکتا. بێهەمتا. سەردار. سەرباز. رەوشەن. بەخشندە. جەمشید. جەمشیر. دانش. شاسوار. جیهانگیر. زۆراب. ئەفراسیاب. ئەرجمەند. بۆتان. سمکۆ. تابین. بێخاڵ. سیروان. سیوەیل. قەندیل. بەهمەند. بەهرەمەند. زەند. زیرەک. چالاک. مەستی. شەڕئەفگەن. تیرئەندار. وریا. دانا. قارەمان. فڕندە. ئازا. موژدە. زانا. بێتا. بەشیر. گورد.

دوای بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە ئەگەر یەزدانی پاک یاریدەمان بدا، کۆمەڵێکی بچووک شیعری هاوچەرخ لە چاپ دەدەم. لەبەرئەوە تکا لە خوێندەوارانی کورد دەکەم، ئەگەر شیعری ئەدەبی، مێژوویی و دڵدارییان لە لا هەیە، بەم ناوونیشانە بۆم بنێرن:

بەغداد: جدید حسن پاشا – الشارع العام

مقابل جامع حیدرخانە – الخیاط بشیر مشیر

# بەختنامە

دانەر: ناپلیۆن
چاپی یەکەم ساڵی ١٩٣٩ بەغدا
لە لایەن مامۆستا بەشیر موشیر چاپ کراوە
چاپی دووەم
چاپخانەی کوردستان
هەولێر
٢٥٧٧ی کوردی (١٩٦٥ ز.)

## بەختنامە یان رابەری چارەنووس

بەقەڵەمی گیوی موکریانی

ئەو هێزانەی کە چەرخ و دۆڵابەکانی گێتی دەخولێننەوە وە یان هەڵیان دەسوورێنن، کۆمەڵە "معمی"یەکن پەی بەبنچینە و کانگای رازی وان بردن نەک هەر ئاسان نییە و بەس، بەڵکو زۆر گرینگ و سەخت و دژوارە. تا ئەمڕۆکەیش هەرچەندێکی بەشوێنی ویدا هەوڵ و تەقەلا درابێ، لە ماندووبوونێک بەدەر سوودێکی تر دەست نەکەوتووە. سەرەڕای ئەوەیش وا دیارە کە گەلێک کەس لە ڕووی دڵ و دەروونێکی پاک و شارەزاییەک کە هەیانبووە یارییان لە تەلیسمی چارەنووسیدا کردووە. پێیان وایە لە ئەنجامی تاقیکردنەوە و دەستکەوتنی چەند بەڵگەیەکی گرینگ، زانین ئەوەندەی دەسەڵات پەیدا کردووە کە بتوانێ چەند دەستوورێکی بۆ خوێندنەوە و ئاوەڵاکردنەوەی دەرگەی تەلیسمی چارەنووس نەخشە بکێشێ.

بەپێی مێژووی رووناکی پاکی سەردەمی شاهەنشایەتی ماد و


بەخت نامـــە
BEXT - NAME
دانەر
ناپلیون
چاپی دووەمین
چاپخانەی کوردستان
٢٥٧٧ی کوردی (( ١٩٦٥ ))

ساسانییەکانی خۆیشمان، موغ و زاناکانیان ناو و ناوبانگییان پتر بەهۆی ئەستێرە ناسی و هەڵدانی رازانی چارەنووسەوە پەیدا کردووە. وا بۆ بەڵگە تەنیا پارچە بەسەرهاتێکی کورتی مێژوویی پێشکێش بەخوێندەواران دەکەم.

یەکێک لە پادشاکانی ساسانییەکان بەناوی "یەزدی کورد" منداڵی بۆ نەدەما، جارێک کە شاژنی دووگیان دەبێ، بەئەستێرە ناسێکی فەرموو تەماشای ئەستێرەی ئەو منداڵە بکات کە بەڕێوەیە داخۆ کوڕە یان کچە؟ ئایا دەژێ یان دەمرێ؟ ئەویش مۆڵەتی شەوێکی خواست و بۆ سبەینێ گوتی: ئەوەی بەڕێوەیە کوڕە، بەڵام وای بەباش دەزانم بۆ ئەوەی کە بژی لە ماڵی خۆتاندا پەروەردە نەکرێ. باشترە رەوانەی هەندەرانی بکەی نامرێ. دەڵێن، خواوراستان کوڕێکی بوو و ناردیە هەندەران. هەروەها مێژوو وا پیشان دەدا کە رۆژێک ئەسپێکی سەرکێش هاتە حەوشی سەراپەردەی (یەزدی کورد) بەغارغارێن، سمکۆڵ، حیلە حیل و چەمووشی کە چەپۆکەکانی دەگەیاندە ئاسمانێ دنیای داروەستەی میری وە تەنگ هێنابوو. پادشا فەرمانی دا و فەرمووی: دا ئەو ئەسپە باشە بگرن، هی کێیە رووی لێرە کردووە؟ دەستەی نۆکەر و دەست و پێوەندان بەشێوەی دڕندانە گەمارۆیان دا، بەڵام بۆیان نەگیرا، چونکە بەگازگرتن، لووشکە هاوێشتن، دەرپەڕین و راپەڕین سەری لە هەمووان شێواندبوو. خۆ جار جارە کە هەڵدەستایە سەر پاشووان بۆ گازگرتن و خۆی بۆ دەهاوێژتن کەس لەبەری وی خۆی بۆ رانەدەگیرا.

یەزدی کورد زۆر پەست بوو، بەتووڕەییەوە تەکانی دایە خۆی و گوتی: هایهۆ، بەخوا پیاوی مەردم هەن. بزانن من خۆم بەتاقی تەنیا چۆن لغاوی دەکەم و سواریشی دەبم. لەو کاتەدا ئەستێرەناسێک لە دیوانێ دانیشتبوو، هەڵی دایە و گوتی: نەکەی پادشا، چونکە من لە ئەستێرەی بەختی تۆدا بینیومە کە تۆ لە ئەنجامدا بەدەستی ئەسپێک لە ناو دەچیت. لایشم وایە کە ئەو ئەسپە هەوە. بۆ خاتری ئاهورامەزدا توخنی مەکەوە و لە لام سوورە کە بە تۆ ناگیرێ. بەڵام ئەو ئەسپە لەوانەیە زیان بەژیانت بگەیەنێ. یەزدی کورد گوتی: دەک ژیان لە من تاڵ بێ کە من لە ئەسپێک بترسم. قۆڵی خۆی لێ

هەڵماڵی و چووە پێشەوە، ئەسپەکە جووتەیەکی لێدا و کوشتی.

ئەو بەختنامەیە کە بەپێنووسی مامۆستا مەلا موحسینی هەورامی بەناوی بەهەشتی بەشیر موشیرەوە لە ساڵی ١٩٣٩دا بەزمانی کوردی چاپ کراوە دەڵێ:

بیروباوەڕی وەرگێڕی ئەو بەختنامەیە لە ئەڵمانییەوە بۆ ئینگلیزی ئەوەیە، دوای ئەو شۆڕشەی کە پاش شکانی لەشکری فەرەنسا هەڵگیرسا، لە ناو کەلوپەل و پەرتووکخانەی ناپلیۆندا لە لایبزیک "ئەڵمانیا" ئەو بەختنامەیە دۆزراوەتەوە. وا دیارە ناپلیـــۆن ئەو پەرتووکـــەی لە ناو کـــەلوپەلە هەرە بەنرخەکانیدا هەڵدەگرت. وایش دەگێڕنەوە کە بەشی زۆری ئەو فەرمانە گەورانەی دەیکرد لە رووی ئەو «بەختنامەیەوە بووە، چونکە لە هەموو کاتێکدا دەیگرتەوە». وەرگێڕی ئینگلیزی دەڵێ: منیش زۆرجاران بەختی خۆم پێ تاقی کردووەتەوە و هەمیشە ئەنجامەکانی پەسەند و راست بوون. بەپێچەوانەی نیگەرانی و دوودڵی ئەوانەی کە باوەڕیان پێ نەدەکرد. بێجگە لەوەیش زۆر شتی تریش لە گرتنەوەی ئەو بەختنامەیەدا دێتە بەرهەم کە لە بەختنامەکانی تر کە بەزمانی ئینگلیزی بڵاو کراونەتەوە دەست ناکەون. لەوەڕا دیارە کە یادگارێکی هەڵکەوتوو و نرخدارە. زۆر کەس لە خاوەن بەهرەی زانیاری و وێژە باوەڕیان پێ کردووە.

ئەو "بەختنامەیە" لە پێشدا بەزمانی فەرەنسی بووە، لەو زمانەوە کراوە بەزمانی ئەڵمانی و ئینگلیزی و پاشان وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەکانی عارەوی و کوردی.

بەندەیش سەرەڕای ئەوەی کە خاوەنی سەرمایەیەکی زانیاری بێ ئەژمارم لە بابەت مێژوو، وێژە و زمانی شیرینی کوردییەوە، تازە رۆژگار بەو پیرییەوە خەریکی چاپکردنی نامیلکەی بۆ پێکەنین و بەختنامەم و وەکو منداڵ فێرە گڕوگاڵم دەکات. پیری و هەزاران شوورەیی، لە رووی ئەوەوە کە هەرچییەکی بەزمانی شیرینی کوردی بنووسرێ، کەم و زۆرێک راژە "خزمەت"ی زمانە خۆشەویستە ئاسمانییەکەمانی تێدایە. هەروەها بۆ رابواردن، دڵدانەوە،

خەمڕەوێنی، ماندوویێتی حەسانەوەی چارەڕەش و هەژاران بێ سوود نییە.
هیوا و ئومێدم بەهێزە کە زانا، بوێژ، وێژەپەروەر، ژیر و هۆشمەندان لە رووی ئەوگداری مرۆڤایەتییەوە چاو لە سستی و تاوانەکانم دەپۆشن.

گیوی موکریانی

## وەڵامی پرسیار چۆن دەدۆزیتەوە؟

سەرەتا لەو ١٦ پرسیارانە کە لە "پرسیارەکانی ئاواتگەلی چارەنووس"دا هەیە، یەکێکیان بۆ خۆت هەڵببژێرە. ئەوەی کە پێوەندی بەهیوا و نیازی دڵتەوە هەیە، ژمارەکەیشی کە لە لای راستییەوە چاپ کراوە لەسەر پەڕەیەک بنووسە، ئەوجا بەچاوی قوچاوەوە یان کراوەوە لە چوار دێڕاندا چەند هێڵێک بکێشە، بەبێ ئەوەی کە ئاگات لە ژمارەیان بێ. پاشان لە لای چەپەوە دێڕ بەدێڕ، دێڕەکان هەروەکو لە خوارەوە پیشان دەدرێت، بژمێرە. هەر دێڕێکی کە هێڵەکانی تاک بێ تاکە خاڵێک و هەر دێڕێکی کە جووت بێ دوو خاڵ بەتەنیشتی لای راستییەوە بۆ دادەنرێت:

```
  | | | | | | | |-   ..
| | | | | | | | |-   .
    | | | | | | | -  .
  | | | | | | | |-   ..
```

ئەوسا چاوێک بخشێنە بە بەشی "تەلیسمی بەخت و چارەنووس"، ژمارەی پرسیاری ئاواتەکەت لە لای دەستی راستییەوە لە لای سەرەوەی لاپەڕەکەیشەوە لە ناو پۆلی خاڵەکاندا شێوەی خاڵەکانی چوار دێرەکانت بدۆزەوە بەستوونەکەیدا بڕۆ بۆ لای خوارەوە تا دەگەیە راستی ستوونی ژمارەی ئاواتەکەت. ئەو پیتەی کە کەوتووەتە قولینچکی دوو ستوونەکانەوە، واتا ئەو پیتە کە ستوونی ژمارەی ئاوات و هی خاڵەکان لێک گرێ دەدات بزانە

چییــیــه و بـەناو لاپەڕەكــانی ئەو بـەخــتنـامــەیەدا بگەڕێ تـا دەیدۆزییــەوە. لە تەنیشتی راستی وەڵامەكاندا شێوەی خاڵەكانیش بناسەوە، لە بەرانبەری ویدا تووشی وەڵامی پرسیارەكەت دەبی.

هـەرچەندە دووپاتـكردنەوەی گـەلێک شـتـان ناپەسـەندە، بەڵام بۆ تێگـەیاندنی چینێک شـایان و رەوایە كـە چاو لە دووپاتـكردنەوەی بپۆشـرێت. كـەوایە با بۆ نموونە پرسیارێک بەكردەوە هەڵببژێرین و وەڵامەكەیشی بدۆزینەوە:

ئەو لە بەشی "پرسیارەكـانی ئاواتگـەلی چارەنووس" پرسیاری ژمـارە شـەش هـەڵدەبژێرین كــە برێتــیــیــە لـە پرســیــاری "ئایا كــەلوپەلە دزراوەكــەم دەست دەكـەوێتەوە؟". ژمـارە شـەشـەكەی لە گـۆشـەی لاپەڕەیەک دەنووسـین. پاشـان لە چوار دێرانـدا چـەند هـێـڵـێـک بەچاوی قـوچاوەوە یان كـراوەوە دەكـێـشـین، بێ ئەوەی كـە هـۆش یان سـەرنج بدەینە ژمــارەكـەیان، ئەوجـا لە لای چـەپەوە دێر بەدێر هێڵەكان دەژمێرین. هـەر دێرێكی  كە هێڵەكانی تاک بێت، تاكە خاڵێک و هـەر دێرێكـی كـە هـێـڵـەكـانی جـووت بێ هـەروەكـو لـە خـوارەوە پیـشــان دەدرێت جووتە خاڵێكی لە لای راستییەوە بۆ دادەنرێت(*):

. -| | | | | | | | |
.. - | | | | | |
.. - | | | | | | | |
. - | | | | | | | | | | | |

دوای وی لە بـەشی "تـەلیــســـمی بـەخت و چـارەنووس" دا ژمــارە شــەشی

---

(*) ئەگەر ژمارەی هێڵەكانی هەر دێرێک لە نۆ پتر بێت، لە كاتێكدا كە لە لای چەپەوە دەژمــێـردرێن، پێـویسـتــە لە ســەرەتادا نۆی لێ فـرێ بدرێت. وە بڕیار لەســەر چەندێتی پاشـمـاوەكەی بدرێت. بۆ نموونە تـەمـاشـای دێڕەكـەی خـوارەوەیان بكـەن لە رووی ئەوەوە كە دوازدە هێڵە نۆمان لێ فڕێداوە و سێیان ماوەتەوە و ئەوانیش تاكن و تاكە خاڵێكمان لە لای راستییەوە بۆ داناوە.

پرسیارەکەمان کە نیاز و ئاواتی دڵە لە ستوونی لای راستییەوە پەیدا دەکەین و لە لای سەرەوەی لاپەڕەکەیش لە ناو پۆلی خاڵەکاندا ڕیزە خاڵەکانی خۆمان کە تاکێکی لە سەرەوەیە و دوو جووتیش لە ژێرەوەیە و تاکە خاڵێکیش لە بن هەموویانەوەیە، دەدۆزینەوە. ئەوجار چاو بەلای خوارەوەی ستوونەکەدا دەخشێنین تا دەگەینە ئەو پیتەی کە ستوونی ژمارەی ئاوات و هی خاڵەکانی لێک گرێ داوە. پیتی "ئەلف"ە، ئەوسا پیتی "ا" لە ناو لاپەڕەکانی ئەو پەرتووکەدا دەدۆزینەوە(**). لە لای راستی لاپەڕەکەیشەوە خاڵە باسکراوەکان دەدۆزرێنەوە و لە ئەنجامدا لە لای چەپی خاڵەکانەوە وەڵامی پرسیارەکەت بەو چەشنە بۆ دەردەچێ: "ماڵە دزراوەکەت ئیتر نابینیتەوە".

## لیستەی رۆژە شوومەکان

ئەو رۆژانەی خوارەوە کە بە شووم و نەگبەت دانراون، دروست نییە کە ئەو بەختنامەیەی تێدا بگیرێتەوە. لەو رۆژانەدا دەستکردن بەهیچ جۆرە کار و فەرمانێکیش پەسەند نییە:

کانوونی دووەم (رێبەندان) ١، ٢، ٤، ٦، ١١، ١٢، ٢٥

شوبات (رەشەمە) ١١،٧، ١٨

مارت (نەورۆز، خاکەلێوە) ١٦،١٤(***)

نیسان (گوڵان، شەستەباران) ١٠، ١٧، ١٨

---

(**) هەر پیتەی دوو لاپەڕەی لە ناو ئەو بەختنامەیەدا داگیر کردووە. ئەو بەختنامەیە لە یەک رۆژدا نابێ بۆ یەک ئاوات و دوو جاران بگیرێتەوە.

(***) هەرچەندە وشەی نەورۆز ناوی پاکترین جێژنەی سەری ساڵ و ئازادیی کوردانە، بەڵام لە رووی ئەوەوە کە ئەو جێژنە پاک و بەرزە هەموو ساڵێک دوای چەق و تۆفی زستان لە یەکەمین رۆژی پڕ شادمانی بەهاردا مزگێنی پیت و پیرۆزی و هات و خۆشی بەسەر هەموو گێتیدا رادەگەیەنێت، ئەویش هەروەکو خاکەلێوە بۆ ناوی یەکەمین مانگی بەهاریش بەکار دەبرێ کە لە رۆژی ٢١ی مارت دەست پێ دەکات.

مایس (بەختەباران، جۆزەردان) ٧، ٨
حوزەیران (جۆخینان) ١٧
تەمموز (میوەگەنان) ١٧، ٢١
ئاب (گەلاوێژ) ٢٠، ٢١
ئەیلوول (رەزبەر) ٦، ١٠، ١٨
تشرینی یەکەم (گەڵاڕێزان، خەزەڵوەر) ٦
تشرینی دووەم (سەرماوەز) ٦، ١٠
کانوونی یەکەم (بەفرانبار) ٦، ١١، ١٥

## پرسیارەکانی ئاواتگەلی چارەنووس

١- ئایا بەئاواتی خۆم دەگەم؟
٢- ئایا لەم کارەدا سەردەکەوم؟
٣- ئایا داخوازییەکەم دەبەمەوە یان دەدۆڕێم؟
٤- ئایا لە چارەنووسم نووسراوە کە لە وڵاتی بێگانانندا بژیم؟
٥- ئایا کەسە ئاوارە و دەربەدەرەکەم دەگەڕێتەوە؟
٦- ئایا کەلوپەلە دزراوەکەم دەست دەکەوێتەوە؟
٧- ئایا هاوڕێکەم لە کاروباریدا راستە یان نا؟
٨- ئایا کۆچم دەکەوێتە بەر؟
٩- ئایا ئەو کەسەی منی بەلاوە گەورەیە بەگوێم دەکات؟
١٠- ئایا ئەو هاوسەریەتییە سەر دەگرێت یان نا؟
١١- ئایا "مێردەکەم" یان "ژنەکەم" لەگەڵ من چۆن دەبێ؟
١٢- ئایا کوڕمان دەبێ یان کچ؟
١٣- ئایا نەخۆشەکە چاک دەبێتەوە یان نا؟
١٤- ئایا کەسە "بەندکراوەکەم" یان "دیلەکەم" رزگار دەبێ یان نا؟
١٥- ئایا ئەمڕۆژە بۆ من باشە یان خراپە؟
١٦- ئایا واتای خەونەکەم چییە؟

## تەلیسمی بەخت و چارەنووس

| | . <br> . <br> . <br> . | . . <br> . <br> . . <br> . | . <br> . . <br> . <br> . | . . <br> . <br> . <br> . . | . . <br> . <br> . . <br> . | . . <br> . . <br> . <br> . . | . . <br> . <br> . <br> . | . . <br> . . <br> . <br> . | . <br> . <br> . . <br> . . | . <br> . <br> . <br> . . | . . <br> . <br> . . <br> . . | . <br> . . <br> . . <br> . | . <br> . . <br> . . <br> . . | . <br> . <br> . . <br> . | . <br> . . <br> . <br> . . | . . <br> . . <br> . . <br> . . |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ا | ب | ج | د | هـ | و | ز | ح | ط | ی | ك | ل | م | ن | س | ع |
| ٢ | ب | ج | د | هـ | و | ز | ح | ط | ی | ك | ل | م | ن | س | ع | ا |
| ٣ | ج | د | هـ | و | ز | ح | ط | ی | ك | ل | م | ن | س | ع | ا | ب |
| ٤ | د | هـ | و | ز | ح | ط | ی | ك | ل | م | ن | س | ع | ا | ب | ج |
| ٥ | هـ | و | ز | ح | ط | ی | ك | ل | م | ن | س | ع | ا | ب | ج | د |
| ٦ | و | ز | ح | ط | ی | ك | ل | م | ن | س | ع | ا | ب | ج | د | هـ |
| ٧ | ز | ح | ط | ی | ك | ل | م | ن | س | ع | ا | ب | ج | د | هـ | و |
| ٨ | ح | ط | ی | ك | ل | م | ن | س | ع | ا | ب | ج | د | هـ | و | ز |
| ٩ | ط | ی | ك | ل | م | ن | س | ع | ا | ب | ج | د | هـ | و | ز | ح |
| ١٠ | ی | ك | ل | م | ن | س | ع | ا | ب | ج | د | هـ | و | ز | ح | ط |
| ١١ | ك | ل | م | ن | س | ع | ا | ب | ج | د | هـ | و | ز | ح | ط | ی |
| ١٢ | ل | م | ن | س | ع | ا | ب | ج | د | هـ | و | ز | ح | ط | ی | ك |
| ١٣ | م | ن | س | ع | ا | ب | ج | د | هـ | و | ز | ح | ط | ی | ك | ل |
| ١٤ | ن | س | ع | ا | ب | ج | د | هـ | و | ز | ح | ط | ی | ك | ل | م |
| ١٥ | س | ع | ا | ب | ج | د | هـ | و | ز | ح | ط | ی | ك | ل | م | ن |
| ١٦ | ع | ا | ب | ج | د | هـ | و | ز | ح | ط | ی | ك | ل | م | ن | س |

أ

.

.

.

. بەو نزیکانە بەئارەزووی خۆت دەگەی

---

..

. وا دیارە رووی لە پەرێشانی و خەفەتە

..

.

---

. خۆت لە کار و باری ئەمڕۆ بپارێزە، دەنا تووشی دەردەسەری دەبی

..

.

.

---

.. ئەوی کە "دیلە" یان "بەندە" دەمرێ

. برادەران خەفەتی بۆ دەخۆن

.

..

---

..

.. ئەمجارە چاک دەبێتەوە جارێکی تر دەمرێ

..

.

---

..

..

. بەڕاستی کچێکی جوانت دەبێ هەرچەندە مایەی خەفەتە

..

---

..

. "مێردتە" یان "ژنتە" ئایندار و گەورەیە

.

.

---

..

.. ئەگەر شوو بکەی بەو پیاوە دوژمنت زۆر دەبێ

.

.

---

.

.

. . بۆ تۆ وا چاکە لەم خۆشەویستە خۆت بپارێزە، چونکە پایەدار نییە

..

---

.

.

. واز لە کۆچ بێنە وا دیارە بێ قازانجە

..

---

..

. خۆشەویستیی هەردوو لاتان چاک و راستە

..

..

---

.

.. دزراوەکەت ئیتر نابینیتەوە

..

.

---

.

.. بەو نزیکانە کەسە دوور و ئاوارەکەت بە خۆشی دەگەڕێتەوە

..

..

---

.

.

.. ئێستا لە جێگەی خۆت مەبزوو

.

---

.

.. خوا یارمەتیت دەدا لەم کارەدا

.

..

———————————————

..

..

.. چاک بە تا خوا چاکت بۆ بکات

..

———————————————

ب

.

.

.

. ئەو کەسانە چاویان بەسەرکەوتن و پایەداری تۆ هەڵنایەت

———————————————

..

. هەر چۆنێکی بێ ئێستا واز لە ئاواتی خۆت بێنە چاک نییە

..

.

———————————————

.

.. لە لایەنی کەسێکەوە پێشکێشت دەکرێ

.

.

———————————————

..

. دوژمنەکانت دەیانەوێ تووشی دەردەسەریت بکەن

.

..

———————————————

..

.. دەبەخشرێیت یان بەردەدرێیت، بەڵام بە دەردەسەرییەکی زۆر

..

.

———————————————

..

..

. ئەو نەخۆشە ئامادەیە کە لەم جیهانەدا کۆچی دوایی بکات

..

———————————————

..

. کوڕێکی زانا، دانا و بەمێشکت دەبێ

.

.

———————————————

..

.. برادەرێکی گیانیی دەوڵەمەندت لە گیانی نووسراوە.

.

.

———————————————

.

.

.. بەو ژنهێنانە یان شووکردنە خۆشحاڵ و چاک دەبی

..

—————————————

.

.

. ئەو خۆشەویستییە لە دڵێکی پاکەوەیە

..

—————————————

..

. بەڕاستی خوا هاریکارتە و سەرت دەخات

..

..

—————————————

. لە برادەری درۆزن و فڕوفێڵباز وشیار بە

..

..

.

—————————————

.

.. بەخۆشت نازانی ماڵەکەت لە ناکاو بۆ دێتەوە

..

..

—————————————

.

. ئەو خۆشەویستەت دوور کەوتووەتەوە بەم زووانە ناگەڕێتەوە

..

.

—————————————

.

.. جێگەی دانیشتن لێرە باش نییە بڕۆ بۆ شوێنێکی تر

.

..

———————————————

..

..

.. بۆ ئەوەی قازانج ناکەی، دانا و وریا بە

..

———————————————

ج

.

.

.

. بەیارمەتی خوا قازانجێکی گەورە و باش دەکەی

———————————————

..

. دڵی خۆت چاکەوە، یارمەتی لە خوا بخوازە

..

.

———————————————

.

.. بەئاواتی خۆت دەگەی ئەگەر زۆر لێی نەکۆڵیتەوە

.

.

---

..

. رووی لە ساغی و نەرمییە لە راست گەلدا

.

..

---

..

.. ئامادەبە ئەمڕۆ، ئامادەبوونێکی چاک، دەنا دەکەویتە تەنگانەوە

..

.

---

..

.. ئازادبوونی ئەو "دیلە" یان ئەو "گیراوە" زۆر سەختە مەگەر پاشا بەزەیی پێیدا بێتەوە

.

..

---

..

. ئەو نەخۆشە چاک دەبێتەوە و بە بەرزی و خۆشی دەژی

.

.

---

.

.

.. ئەو کەسە زۆر خاوەن ماڵ نییە، بەڵام ژیانی مامناوەندییە

..

______________________

.

.

. خۆت لەو ژنهێنانە بپارێزە دەنا پەشیمان دەبییەوە

..

______________________

..

. خۆت لەو ئەڤینە بپارێزە، دەنا سەرگەردان و پەشیمان دەبییەوە

..

..

______________________

. ئەو کۆچەت بێ سوودە لە نیشتمانی خۆت بمێنەوە باشترە

..

..

.

______________________

.

..

.. پشتی پێ ببەستە برایەکی راست و چاکە

..

______________________

.

. ئەو زیانەت بۆ دەگەڕێتەوە

..

.

______________________

.
.. نەخۆشی نایەڵێت میوان بە تۆ بگات
.
..
——————————————
..
..
.. وا پێویست دەکات لە جێگەی خۆت بمێنیتەوە
..
——————————————

د
.
.
. تۆ لە وڵاتێکی تردا دەوڵەمەند دەبی
.
——————————————
.. بەئارەزووی خۆت دەست لە کار و بارەکەت دەدەی، بەڵام کۆششی زۆری بۆ بکە
.
..
.
——————————————
.
.. خوا لەو تەنگانەیە رزگارت دەکات و سەربەرز و خۆشحاڵ دەبی
.

.

—————————————

..

. ئارەزووی ئێستات بگۆڕە دەنا تووشی دەرد و بەڵا دەبی

.

..

—————————————

..

.. خۆت بپارێزە لەم کۆششە، چونکە دوژمنت زۆرە

..

.

—————————————

..

..

. هەر چۆنێک بێ ئەمڕۆکە واز لە ئارەزووی خۆت بێنە

..

—————————————

..

. دیسان "دیلەکەت" یان "گیراوەکەت" ئازاد دەبێ

.

.

—————————————

..

.. ئەم نەخۆشە لە مێژە تووشی ئەو دەردەی بووە لە چاکبوونەوەیدا نیگەرانی هەیە

.

.

---

.

.

.. کوڕێکی گوێگری جوانچاکت دەبێ

..

---

.

.

. ڕەوشی ئەو کەسە بەرەو نەرمی دەڕوات و دەبێ بەخاوەنی دڵێکی پاک

..

---

..

. ژنهێنان یان شووکردن وا دیارە مایەی سەرکەوتن و پایەدارییە

..

..

---

. تۆ کەسێکت خۆشدەوێ ئەویش ددانی چاکە بەتۆدا نانێ

..

..

.

---

.

.. ئەگەر بەرگی زانایی و تێگەیشتن لەبەر بکەی لە کۆچەکانت سەردەکەوی

..

..

______________________

. بەوتەی سەرزارەکیی ئەو باوەڕ مەکە چونکە لە دڵدا درۆزنە

.

..

.

______________________

.

.. لە پاش تێکۆشانێکی زۆر ماڵەکەت بەگران دەست دەکەوێتەوە

.

..

______________________

..

..

.. ئارەزووی بینینی کەسە دوورەکەت مەکە چونکە ئیتر نایبینیتەوە

..

______________________

و

.

. ئەگەر تێبکۆشی بۆ دۆزینەوەی ماڵەکەت بەهۆی چەند کەسێکەوە دەست دەکەوێتەوە

.

.

______________________

..

. کەسە دوورەکەت بۆی نالوێ بێتەوە

..

.

____________________

.

..

. له وڵاتی بێگانەدا کاروبارت رێکوپێک دەبێ و قازانج دەکەی

.

____________________

..

. لەسەرخۆ سەرمایەیەکی گەورە کۆ دەکەیتەوە

..

.

____________________

..

.. بۆ قازانجی کارەکەت ئێستا بەرهەڵستێکی گەورە هەیە

..

.

____________________

..

..

. ئارەزووەکانت ئێستایش پووچن

..

____________________

..

. له رووخساری تۆدا وێنەی تەنگانە و گێچەڵ خۆی دەنوێنێ

.

.

____________________

.

.

.. دیلەکەت یان گیراوەکەت ئازاد دەکرێ

..

____________________

.

.

. لە چاکبوونەوەی ئەو نەخۆشەدا نیگەرانی هەیە

..

____________________

..

. تەنیا کچت دەبێ

..

..

____________________

.

.. کەسێکی باشە و سەرمایەیەکی جوانی هەیە

..

.

____________________

.

.. ئاواتەکانت پووچ دەردەچن، سەرەڕای ئەوەیش دەکەویتە کاروبار و ژیانێکی باشەوە

..

..

---

.

.

.. دڵنیا بە و لەو خۆشەویستییە چاک و راستە نیگەران مەبە

.

---

.

.. کۆچەکەت بکە و لە گەڕانەوەت پەشیمان نابیتەوە

.

..

---

..

..

.. باوەڕکردنت بەو هاوڕێیە مایەی خەفەت و زیان و پەرێشانییە

..

---

ز

. ئەو برادەرەت لە هەموو لایەن و لە هەموو روویەکەوە لە گشت هاوڕێکانی
ترت باشترە

.

.

.

---

..

. ئەو زیانەی کە بەبۆنەی کۆمەڵەوە تووشت هاتووە پێویستە کۆی بکەیتەوە

..

.

---

.

.. کەسە دوورەکەت کە تۆ ئاگات لێی نییە لە ناکاو پەیدا دەبێتەوە

.

.

---

.. لە نیشتمان و لە ناو کەس و کاری خۆت بمێنەوە لە هەموو جۆرە دەردێک رزگارت دەبێ

.

.

..

---

..

..

.. لەم کارەدا قازانج ناکەی و نەکردنی چاکترە

.

---

..

..

. بەفەرمانی خوا لە ئاسمانەوە پیت و فەڕت بەسەردا دەبارێ

..

---

..

. واز بێنە نەی کەی

.

.

---

..

.. وا دیارە بەو زووانە لە دوژمنت رزگار دەبی

.

.

---

.

.

.. راوەستانت لەو کارەدا چاک نییە، پەلەکردنت باشترە

..

---

. ئەو "دیلە" یان "گیراوە" بەمردن نەبێ رزگاری نابێ

.

.

..

---

..

.

.. بەویستی خوای گەورە ئەو نەخۆشە چاک دەبێتەوە

..

---

.

..

.. کچێکی لەڕ و لاوازە

.

---

.

..

.

.

---

.

..

.. کوڕ یان کچێکی هاوتەمەن بەڕاستی و پاکی دەبێتە هاوسەری ژیانت

..

---

.

.

.. واز لەو شووکردن یان ژنهێنانە بهێنە دەنا تووشی دەردەسەری دەبی

.

---

.

..

. خۆت لەو خۆشەویستییە بپارێزە

..

---

..

.. بۆ ئەم کۆچە کورتە ئامادەبە چونکە بێ ئارەزووی خۆت بانگهێشت دەکرێی

..
..
____________________

ح
. دەست بەکۆچەکانت بکە ئارەزووت چۆنە وا دەبێ
.
.
.
____________________

..
.
.. هاوڕێکەت بەسەرزارەکی دۆست و بەدڵ دوژمنتە
.
____________________

.
..
. گەڕانەوەی ماڵەکەت دوورە و بەهیوای مەبە
.
____________________

..
.
. هەندێ کار و بار لێناگەڕێ کەسە دوور و ئاوارەکەت بەم زووانە بگەڕێتەوە
..
____________________

..
.. له وڵاتێکی تردا سەرمایەیەکی گەورە کۆ دەکەیەوە
..
.
———————————————
.. بۆ تۆ وا باشترە واز لەو کۆششەت بهێنی
..
.
..
———————————————
..
.
. ئەوەی تۆ دەتەوێ قازانجی تێدا نییە و سەرناکەوی
.
———————————————
..
.. دڵخوازی خۆت دەست دەکەوێ
.
.
———————————————
.
.
.. ئەمرۆ بەختت لە دوێنێ چاکترە
..
———————————————
.

. بەدڵپاكی سەركەوتنت نزیكە

.

..

____________________

..

.

.. لە پاش ڕۆژگارێكی دوور بەندییەكەت لە بەندیخانە ئازاد دەبێ

..

____________________

.

..

.. نەخۆشەكەت لەو نەخۆشییە چاك دەبێتەوە

.

____________________

.

..

.. كچێكی جوان و تەندروستت دەبێ

..

____________________

.

.

.. بەو زووانە ژن دەهێنی یان شوو دەكەی بەهاوتەمەنی خۆت

.

____________________

.

..

. که ئارەزووی سەرکەوتن بکەی لە ژیاندا شوو بەکەس ناکەی

..

———————————————

..

.. خۆشەویستییەکەتان بەدڵ و بەگیانە و هەر دەیشمێنێ تا ماون

..

..

———————————————

ط

. خۆشەویستیتان وەک ژەقنەمووتە، بەڵام لەبەر تانووتی خەڵکی نابێ لەیەک جیا ببنەوە

.

.

.

———————————————

..

.

.. ئەم چوونەت بێ قازانجە

.

———————————————

.

..

. هاوڕێکەت هەرچۆنێک ئارەزوو بکەی وەها دەبێ

.

———————————————

..

.

. ماڵە دزراوەکەت بەهۆی پیاوێکی فێڵبازەوە دەست دەکەوێتەوە

..

---

..

.. کەسە دوورەکەت بەم زووانە بەخۆشییەوە دەگەڕێتەوە

..

.

---

..

.. دەوڵەمەند و سەرکەوتوو نابی لە وڵاتی بێگانەدا

.

..

---

..

.

. باوەڕکردن نیشانەی بەرزی و سەرکەوتنە

.

---

..

.. بەم نزیکانە دەکەویتە دەردەسەرییەوە

.

.

---

.

.

.. بەتەواوی بەئارەزووی خۆت دەگەی

..

---

.

. وا دیارە ئەوەی کە لێی دەترسیت نابێ

.

..

---

..

.

.. خۆت لەو دوژمنانە بپارێزە کە بۆ پێکهێنانی دەردەسەریی تۆ تێ دەکۆشن

..

---

.

..

.. لە ماوەیەکی کەمدا دیل و بەندییەکەت لە پەریشانی رزگاری دەبێ

.

---

.

..

.. خوای مەزن هێز و توانا بەنەخۆشەکە دەداتەوە و چاکی دەکاتەوە

..

---

.

.
.. بەڕاستی کچێکی زۆر جوانت دەبێ
.
____________________

.
..
. ژن دەهێنی یان شوو دەکەی، بەڵام خۆشیتان کەم دەبێ
..
____________________

..
.. ئەو مارەبڕینە بەئارەزووی خۆتان نابێ
..
..
____________________

ی
.. لە پاش تەنگانە و دەردەسەرییەکی زۆر دەکەویتە خۆشییەکی گەورەوە
.
..
.
____________________

..
.
.. خۆشەویستیتان راستە و بەدڵ و گیانە
.
____________________

.

..

. له چوونەکەتدا سەردەکەوی و چوونێکی باشە

.

---

..

.

. باوەڕ بەخۆشەویستی ئەو هاوڕێیەت مەکە

..

---

..

.

..

.

---

..

.. ماڵە دزراوەکەت هەر دەست ناکەوێتەوە، بەڵام دزەکان دەکەونە تەنگانەوە

..

.

---

..

.. ئاوارەکەت تا سەردەمێک سەر هەڵنادات و دیار نابێ

.

..

---

..

.
. له وڵاتی بێگانەدا تووشی بەرزی و خۆشی دەبی
.
____________________

..
.. ئێستا وا دیارە کە هەتا هەتایە سەرناکەوی
.
.
____________________

.
.
.. لە کار و بارەکەتدا سەردەکەوی
..
____________________
. ئارەزووی خۆت بگۆڕە چاکترە
.
.
..
____________________

..
.
.. وا دیارە کە لە دەوروپشتی تۆدا چەند کەسێکی دووڕوو هەن
..
____________________
.
..

.. چاک بە خوا بەم زووانە چاکەت بۆ دەکات
.
____________________
.
..
.. دیل یان گیراوەکەت ئازاد دەبێ
..
____________________
..
.
..
.
____________________
.
.
.. ئەو نەخۆشە لە دنیا بار دەکات
.
____________________
..
.
..
.
____________________
.
..
. کوڕێکت دەبێ

..

---

..

.. زۆر سەختە بەدڵی خۆت هاوڕێ یان هاوبەشێکی باشت دەست بکەوێ

..

.

---

ک

.. لە ئێستا بەدواوە برادەرێکی جوانچاکت دەست دەکەوێ

.

..

.

---

..

.

.. ئەو مارەبڕینە وا دیارە دەردەسەری لە شوێنە

.

---

.

..

. ئەوە خۆشەویستییەکی سەرزارەکییە پایەدار نابێ

.

---

..

.

. لەم رۆیشتنەت پەشیمان دەبییەوە

..

---

..

.. خۆشەویستیی ئەم کەسە راست و رەوانە باوەڕی پێ بکە

..

.

---

..

.. تۆ زیان دەکەی، بەڵام دزەکان لە پاشان دەگیرێن

.

..

---

..

.

. کەسە دوورەکەت بەم زووانە بەدەوڵەمەندی دەگەڕێتەوە

.

---

.. ئەگەر لە نیشتمانی خۆت بمێنی ئەوە سەردەکەوی

..

.

.

---

.

.

.. وا دیارە قازانجێکی زۆر کەم دەکەی

..

———————————————

. تووشی شین و گریان دەبی و دەکەویتە تەنگانەوە

.

.

..

———————————————

..

.

.. بەئارەزووی خۆت بەسەر دەکەوی

..

———————————————

.

..

.. وا دیارە ماڵت دەست دەکەوێ

.

———————————————

..

.

..

.

———————————————

.

..

.. بەکوێرایی چاوی دوژمنان سەر دەکەوی

..

---

.

.

.. دیل یان بەندییەکە ماوەیەکی زۆر لە بەندیخانە دەمێنێتەوە

.

---

.

..

. نەخۆشەکە لەمەودوا چاک دەبێتەوە

..

---

..

.. کچێکت دەبێ

..

.

---

ل

.. کوڕێکت دەبێ لەدوارۆژدا دەوڵەمەند و بەڕێز دەبێ

.

..

.

---

..

.

.. تووشی هاوبەشێکی کارناس و دەوڵەمەند دەبی

.

---

.

..

. ئەو خۆشییە، شادمانییەکە زۆر بەجێ

.

---

..

.

. ئەگەر کچە یان کوڕە دەیەوێ لەم ساتدا لەگەڵ تۆ بێ

..

---

..

.. لە ڕۆیشتنەکەت قازانج دەکەی

..

.

---

..

..

. بڕوا بەو کەسە مەکە لە کانگای دڵەوە

..

---

..

.

. ماڵە دزراوەکەت لە پاش چەند ڕۆژێکی تر دەدۆزیتەوە

.

---

.. کـەسـە دوورەکـەت وا دیارە ئێـسـتـا لەبەر کـاروباری خـۆی بەم زووانە ناگەڕێتەوە

..

.

.

---

.

.

.. بەئارەزووی خۆت لە وڵاتی بێگانە سەردەکەوی

..

---

. بە تەمای قازانج مەبە، چونکە رێ لە کاروبارت بەستراوە

.

.

..

---

..

.

.. سەرکەوتنت لەوە پترە کە خۆت بەهیوای

..

---

.

..

.. هەرچۆنێک بێ بەم زووانە بەئارەزووەکانی خۆت دەگەی

.

---

.

..

.. وا دیاره بۆ سەر شایی بانگ دەکرێی

..

---

.

.

.. سکاڵا لە نەبوونی خۆت مەکە کەم بەختی

.

---

.

..

. ئەو گیراوە دڵی دادوەرانی بۆ نەرم دەبێ و ئازاد دەبێ

..

---

..

.. بەهیوای چاکبوونەوەی ئەو نەخۆشە مەبە

..

.

---

م

. ئەم نەخۆشە چاک دەبێتەوە، بەڵام رۆژی کەم ماوە

.

.

.

———————————————

..

.

.. کچێکت دەبێ

.

———————————————

.

..

. بەیەکتری دەگەن و ئەو کەسە لە هۆزێکی گەورە و ڕێزلێگیراوە

.

———————————————

..

.

. بەو گەیشتنە قازانج ناکەی

..

———————————————

..

.. بەهیوا بە خۆشەویستییەکی زۆرتان دەکەوێتە نێوانەوە

..

.

———————————————

..

.. لە نیشتمانی خۆت مەچۆ دەرەوە

.

..

---

..

.

. ئەو کەسە برایەکی راستەقینەیە

.

---

..

.

..

.

---

.. هەرگیز دزراوەکەت نادۆزیتەوە

.

..

.

---

.

.

.. کەسە دوورەکەت هەر دێتەوە، بەڵام بەم زووانە نا

..

---

. لە وڵاتی بێگانەدا خـــۆت لە ژیانی ناپەســـەند بپـــارێزە، دەنا تووشـی دەردەسەری دەبی

.

.

..

____________________

..

.

.. بەو زووانە بەئاواتی خۆت دەگەی، ئەگەرچی بەهیوایشی نیت

..

____________________

.

..

.. بەچاکی رزگار دەبی

.

____________________

.

..

.. رابویرە بەخۆشی و پێکەنین چونکە دوارۆژت رووناکە

..

____________________

.

.

.. رۆژی بەختت دەردەکەوێ بەخۆشی

.

____________________

.

..

. خونچەی بەرزیت گەشایەوە و بەو نزیکانە پێ دەگەی

..

____________________

..

.. مردن زۆر خۆشەویست و هاوڕێی لە یەکتر هەڵاواردووە

..

.

___________________

ن

. لەمەولا بەندی یان دیلەکەت ئازاد دەبێ دڵخۆش بە

.

.

.

___________________

..

.

.. لە چاکبوونەوەی نەخۆشەکەدا نیگەرانی هەیە

.

___________________

.

..

. کوڕێکی بەژن ڕێک و تەمەن درێژت دەبێ

.

___________________

..

.

. هاوڕێیەکی باش و بەڕێزت دەست دەکەوێ

..

———————————————

..

.. لەو مارەبڕینە مەوەستە تووشی بەرزی و خۆشی دەبن

..

.

———————————————

..

.. لە جیهاندا کەسێکی وا نییە هێندەی وی تۆی خۆش بوێ

.

..

———————————————

..

.

. دەست بەکارەکەت بکە و باوەڕت بەسەرکەوتنی خۆت هەبێ

.

———————————————

..

.. ئەو کەسە برادەر و خۆشەویست نییە دوژمنێکی نهێنییە

.

.

———————————————

.

.

.. دزراوەکەت بەو زووانە دەدۆزییەوە

..

———————————————

. کەسە دوورەکەت ناگەڕێتەوە

.

.

..

____________________

..

.

.. بەهۆی ژنێکی بێگانەوە بەشێکی چاکت دەست دەکەوێ و بەرز دەبییەوە

..

____________________

.

..

.. سپڵە و فێڵبازان لە قازانجی ئەو کارە بێ بەشت دەکەن

.

____________________

.

..

.. لە دەردەسەری رزگار دەبی و بە خۆشی دەگەی

..

____________________

.

.

.. بەختت نووستووە و بەئاواتی خۆت ناگەی

.

____________________

.

..

. دەنگ و باسێکی خۆشت پێ دەگات

..

—————————————

..

.. لەو جێگەیە ئامادە بە بۆ تۆ دەردەسەرییەک زۆر نزیکە

..

..

—————————————

س

.. ئەمڕۆ رۆژێکی زۆر بەرز و باشە بۆ تۆ

.

..

.

—————————————

..

.

.. دیلەکەت لە دەست دوژمن رزگار دەبێ

.

—————————————

.

..

. نەخۆشەکەت چاک دەبێتەوە و زۆر دەژی

.

—————————————

..

.

. دوو کچت دەبێ

..

---

..

.. هاوڕێی ژیانت کوڕ یان کچ دەوڵەمەند دەبێ و سەربەرز دەبێ

..

.

---

..

.. لەو هاوسەرێتییەدا پەلە بکە سەرکەوتنی تێدایە

.

..

---

..

.

. ئەو کەسە دۆستێکی راست و گیانییە

.

---

..

.. لە نیشتمانی خۆت سەرناکەوی

.

.

---

.

.

.. ئەو دۆستەت لە زێڕ گرانترە

..

———————————————

.

. ماڵی خۆت هیچ کاتێ لە لای کەس دامەنێ

.

..

———————————————

..

.

.. ئێستا ناتوانێ بگەڕێتەوە نەخۆشییەکەی گرانە

..

———————————————

.

..

.. لە نیشتمانی خۆت دانیشە خەریکی کاروباری خۆت بە

.

———————————————

.

..

.. رابوێرە بەخۆشی و پێکەنین و رووناکی لە دواوەیە

..

———————————————

.

.

.. پەنا مەبەستە بە چاکی بەشت

.

——————————————

.

..

. ئارەزووی خۆت دەست دەکەوێ

..

——————————————

..

.. ئەمڕۆکە زۆر خۆت بپارێزە دەنا تووشی دەردەسەری دەبی

..

..

——————————————

ع

.

. وا دیارە زۆر سەرکەوتن و خۆشی لە نێوان برادەراندا دەبێ

.

.

——————————————

..

.

.. ئەمڕۆ ڕۆژت چاک نییە، بەڵام لە پاشان بە چاکە وەردەگەڕێ

.

——————————————

.

..
. لەبەر ناخۆشی ئەمڕۆ لەمەولا بەسەرکەوتنی تەواو دەگەی
.
____________________
..
.
. لەبەرئەوەی لە رزگاربوونیدا نیگەرانی هەیە ئامادەی بەڵا بە
..
____________________
..
.. کوڕێکی پێشکەوتووت دەبێ
..
.
____________________
..
.. ئەو کەسە هاوڕێیەکی ژیانییە و دەوڵەمەندە، بەڵام بەد خووە
.
..
____________________
..
.
. ئەگەر لەگەڵ ئەو کەسە رێک بکەوی مایەی سەرکەوتنە
.
____________________
..
.. ئەو کەسە تۆی زۆر خۆش دەوێ، بەڵام دەیەوێ خۆشەویستییەکەی

بشارێتەوە

.

.

—————————————

.

.

.. واز لەم کاروبارەت بێنە چاک دەبی

..

—————————————

.

. بەم زووانە بەئاواتی خۆت دەگەی

.

..

—————————————

..

.

.. پەلە مەکە بۆت پێک دێ

..

—————————————

.

..

.. ئەو هاوسەرێتییە وا دیارە بەدڵی یەکتر نییە

.

—————————————

.

..

.. کەسە دوورەکەت بەدڵخۆشی دەگەڕێتەوە

..

______________________

.

.

.. لەو کاروبارەدا سەرکەوتن گرانە

.

______________________

.

..

. ئەمڕۆکە بۆ تۆ رۆژێکی باش نییە

..

______________________

..

.. تەقەلادان بۆ ئەم کارە چاکە

..

.

______________________

دیوانی شاعیری بەناوبانگ

## مسباح الدیوان

ڕێکخەر و کۆکەرەوەی: بەشیر موشیر

ساڵی ١٩٣٩

لە بەغدا لە چاپخانەی مەعاریف چاپ کراوە و نرخی (٦٠) فلس بووە.


دیوانه شاعری بەناو بانگ

مصباح الدیوان

ریکخەرو کوکەرەوەی

بشیر مشیر

١٣٥٨ه – ١٩٣٩م

بغدا ـ : چاپ خانەی معارف

## پێشەکی دیوانی ئەدەب بە قەڵەمی بەشیر موشیر

بۆ خوێندەوارانی پێگەیشتوو و

بۆ لاوانی تێگەیشتوومان پێشکێشە.

ئەگەر بەچاوێکی ورد و بەویژدانەوە تۆزێ سەرنج بدەن هیچ دوور نییە، کە بێگومان دەستی میهرەبانی بۆ ئەم دیارییەمان درێژ بکەن و لە دڵەوە لێمان وەردەگرن و ئەم خزمەتەم پێ ڕەوا دەبینن.

سلێمانی پەیامبەر «لاقە کوللەی لە مێرووڵە وەرگرتووە». ئێمە هەرچەندە لە ناو ئەدیبگەلی کورددا وەکو مێرووڵەین، بەڵام دیارییەکەمان لاقە کوللە نییە. دیارییەکەمان دیوانی شاعیری بەناوبانگ "میسباح دیوان"ە. شیعر و ئەدەبیاتی تەڕ و ئاوداری ئەدەب، دڵ، هەزار دڵ حەیرانی دەبێ.

لە مێژەوە دوورودرێژ و ورد دەبمەوە کە خزمەتێکی وەهای هاوخوێن و هاوزمانانم بکەم. کە بەو بۆنەوە لە ناو تیرە و ڕەگەزدا ناوم دەربچێ و لە پاش مردن لە بیریان نەچمەوە. بۆ ئەم مەبەستە سەرنجی گەلێ ڕێوبانمان دا و تێیدا دۆش داماین، هەرچەندە کون و قوژبنی دڵ و دەروونم پشکنی لەچاپدان و بڵاوکردنەوەی ئەدەبیات شیرینتر و جوانترم بەبیردا نەهات. لە هەموو خوێندەوارانی بەڕێز ئاشکرایە کە ئەدەبیات نموونەی بەرزی تێگەیشتنی میللەتە. میللەت ئەدەبیاتی هەرچەندە باڵا بێت، خۆیشی ئەوەندە بەرز و بڵندە. بەڵێ "مەسرەع" نیوە شیعر، تای تەرازووە. میللەت بەدوو تای تەرازوو دەکێشرێت و سەنگ و سووکی دیاری دەدا.

داخی گرانم ئەدەبیاتی قەومی لێقەوماوی ئێمە لە چاپ نەدراوە. نەنووسراوە و بڵاو نەکراوەتەوە، هەتاکو بەرزی و شیرینی ئەدەبیاتی کورد لە ناو هۆز و تیرە و ڕەگەزێکدا ئاشکرا بێ. بەڵکو ئەو شیعرە ڕەنگینانە و ئەو ئەدەبیاتە شیرینانە کە سەرتاپا بەلاغەتن و نموونەیەکی ئەدەب و فەساحەتن لەبەر بێ کەسی و بێ سەرپەرشتی لەگەڵ مردنی شاعیردا نێژراون. دەتوانم

بڵێم تەنانەت ناوی شاعیرەکان بزر بوون. گەلی کورد وەکو گەلانی دی شاعیر و نووسەریان هەبووە، بەڵام نەخوێندەواری وای کردووە کە ناویان بزر بێ. بۆ ئەو مەبەستەی کە ناوی شاعیرانمان بزر نەبێ، ویستم کۆمەڵێ شیعری کۆن و نوێی کوردی کۆ بکەمەوە و لە شێوەی "ئاتەشگەدە"دا لە چاپ بدەم. بەڵام سەبارەت بەژیاننامەی شاعیرەکان جارێ پەکم کەوتووە و داماوم. خوا یار بێ بەماوەیەکی کەم و شیاو لەو مەسەلەیە دەبمەوە و ئەوسا تێ دەگەن کە "مەلەکەی مراوەیس" خاوەنی قەسیدەی "داری حەبەنگە"، وەلی دێوانە خاوەنی قەسیدەی هەوری نوزار زار، کە جافە و لە تیرەی "کەمالەیی"یە، عەبدوڵڵا حەسەن نوروەلی کلاشی کە لە عەشیرەتی کلاشی و سەر بەجوانرۆیە، یوسف بەگی ئیمامی کە سەر بە عەشیرەتی ئیمامییە، شاکە و مەسور خان، کە ئەم دووانەی دوایی هاوچەرخ و هاوڕاز بوون و بەجووتە بەیتی "شاکە و مەسور"یان هەڵبەستووە و هەر کەس پەسنی "مەعشوقە" و بەیانی عەشقی خۆی کردووە. شاکە لە عەشیرەتی گەلاڵی و مەسورخان لە عەشیرەتی گەڵباخییە. محەمەد ئاغای دەربەند فەقەرە خاوەنی قەسیدەی "میرزام تەواری..."، ئەحمەد بەگی کۆماسی خاوەنی "گڵکۆی تازەی لەیل" عەلی بەردەشانی گەورە و عەلی بەردەشانی بچووک، مەلا مستەفای بێسارانی کە مەولەوی بەناوبانگ پێی گوتووە "مامۆستا". ئەمانە سەرباری حەسەن کەنۆشی زەنگەنە و پیرۆزی کچی حەسەن کەنۆش کە لە "خەنسا" نەبووە، شێخ رەزای بەناوبانگ کە پێویستی بەپەسنی ئێمە نییە، بەتایبەتی لە "هەجوو"دا هاوتای نەبووە. بەڵام ئەو شاعیرە گەورەیە بەدەست پیرۆزی حەسەن کەنۆشەوە دەستەوەستان و داماوە.

زۆری دیکەیش هەن، وەکو مستەفا بەگی باوەجانی، سەید فەتاحی جەباری کە ئەمیان قسەی لە شیعری خۆشتر بووە. ئەی رەفیقان باوەڕ بفەرموون ئەگەر یەکی یەک بەیت لە شیعری ئەم شاعیرانە بخوێنیتەوە، بێگومان وەک من بەدوای شیعریاندا وێڵ دەبی، سەری لێ دەشێوێ و بۆی ساغ ناکرێتەوە کە کامیان لە کامیان گەورەتر و شاعیرترە. توخوا بەچاوێکی بێ لایەنانە

تەماشا بفەرموون، بزانن کام شاعیر لە رۆژهەلاتدا ئەوەندەی حاجی قادری کۆیی یان ئەوەندەی سالم هەستی نەتەوەیی و گەلێری هەبووە. ئەم شاعیرانە هەموو تەمەنی خۆیان بەخشی بەئەدەبیات و شیعری گەلەکەیان.

شاعیری نەخوێندەواری چ گەلێک وەک عەلی بەردەشانی پەسنی شەڕ و شۆڕی گەلی کورد و دەزگا و دووکانی بابانی کردووە؟ مێژوونووسی بەناوبانگی ئەڵمان "فریتس" لە گەشتەکەیدا بۆ کوردستان ناچار بووە ئەوەندە ماوەتەوە کە هەردە، یاڵ، کێو و شاخەکانی پشکنیوە و شیعرە جوانەکانی کاکە عەلی کۆ کردووەتەوە و لە گەشتنامەکەی خۆیدا بەئەڵمانی و بەکوردی چاپ و بڵاوی کردووەتەوە، کەچی بەداخەوە ئێمە وەک "لە گوێی گادا نوستبێن" ئاگامان لێیان نییە.

کام شاعیر لە دەشتی "بەلاغەت، تەشبیە و ئیستیعارە"دا توانی لە مەیدانی نالی دا بوەستێت؟ شیعری کام شاعیر ئەوەندەی شیعرەکانی مستەفا بەگی کوردی "سەهلی مومتەنیع"ن؟ کێ ئەوەندەی کوردی سۆزی هەیە وەک چۆن رابەری گەورەی بەهاییگەل ناسراو بە"ئایشان" لە مێژووەکەی خۆیدا بەشانازییەوە دەڵێ: شاعیری بەناوبانگی خەڵکی سلێمانی " مستەفا بەگی کوردی" لە ئێمەیە و مەحاڵە کەسێک عاشقی ئێمە نەبێ بەم جۆرە خاوەنی سۆز بێ. ئەگەر لە دەشتی ئەدەبیاتدا تەختێکی "بەلاغەت" دابندرایە، لام وایە، مەولەوی "مەلا عەبدولرەحیم تاوەگۆزی" بەبێ پرس وەکو شاهانشا لە ناو کۆمەڵێ ئەدیبدا لەسەری دادەنیشت. بەڕاستی "تەسەوف، دڵداری، پەند، شیوەن، پەسن بەمەسنەوی، هەڵبەست، پارچە، چوارینە، موعەمما، غەزەلیات، لەفزی بەیان و هەڵبەست هۆنینەوە" هەر لە خۆی هاتووە و هەر شایانی وییە. ئەگەر تەماشای ئەو سێ کتێبە بکەن کە سەبارەت بە"عەقائید" بەشیعر و بەزمانەکانی کوردی، عەرەبی و فارسی نووسیویەتی، نەک ئێمەمانان، بگرە زانیارانی ئەو بوارە سەریان سڕدەمێنێ.

خۆ شێخ رەزای تاڵەبانی، ئەو "جوێنە تاڵانە" ی لە دەمی ئەو دەرهاتوون، بەرەنگێ بەشێلەی ئەدەبیات تێک هەڵشێلدراوە، ئەگەر لەسەر خوانی

"بەلاغـەت" دابندرێ لـە کـەللەی شـەکـر شـیـرنـتـرە. هیچ باوەڕم نـیـیـە هـیـچ شاعیرێک لە مەلا محەمەدی خاکی گوندی "ئەحمەد برندە"ی شاری هەڵەبجەیە و مامۆستای خۆم بووە، وردبینتر و بەتواناتر بێ. دوو خاکی هەبوون، یەکێکی پیر و یەکێکی جەوان. هەردوو لە شاری سلێمانی مردوون.

خـۆ بـاسـی وەفـایـی "خـەڵکی دەوروبەری شـاری مـەهاباد" تـەواو نابێ. زۆر پێویستە دیوانی وەفایی کۆ بکرێتـەوە و چاپ بکرێ. بۆ ئەوەی ببێ بەنموونەی ئەدەب. باوەڕ بـفـەرمـوون یەک شـیـعـری "کـەعـبـەو مـوعـەلەقـاتی سـەبـعـە" دەڕووخێنێ و بێگومـان قـیـامـەت هەڵدەسـتێنێ. ئاخ کـەیفی کە حـاجی قـادری کـۆیی هـاوڕێ و هـاوسـەردەمی بـووە. لە ئەسـتـەنبـوڵ کـۆچی دوایی کـردووە و شـیوەنـی بۆ کردووە، لەمـانە کەمتر نییە. مەولانا خالیدی شارەزووری کە لە تیرەی مـیکائیلی عـەشـیرەتی جافـە، شـیعرەکـانی لە "خرق العادة" تەکانی گەورەترە. لە ئێران دیوانەکەی لە چاپ دراوە. حەریق، غەریق و غەمبار یەک لە یەک شـاعیری چاکترن. حـەریق هاوسـەردەمی نالی بووە، هەمیـشـە گێرە و کێشەی شیعر و گفتوگۆی زۆریان لە نێواندا بووە بەشێوازی ئەدەبی. حەریقی بەهەشــتی زۆر ناسکانە بەرانبــەر بـەنالی وەڵامـی داوەتەوە، بـەتایبــەتی لەو قەسیدەیەیدا کە سەرەتاکەی وەها دەست پێ دەکات:

"عیشقت، کە حەقیقی بێ، تالیب مەبە ئیللا کوڕ"

ئەمە وەڵامە بۆ قەسیدەکەی نالی کە سەرەتاکەی وەها دەست پێ دەکات:

"عیشقت، کە مەجازی بێ، خواهیش مەکە ئیللا کچ".

زۆر بەکورتـی، لەمـانە نوێتـر و نزیکتر، تەمـاشـای دیوانی "مـەحـوی" بکەن. ئەمـیش هەر دەتوانم بڵـێم نـالی هەر مـافی مـامـۆسـتـایی بەسـەریەوە هەیە. مەحوی لە "غەزەلیات و تـەسـەوف" دا، بێگومان هاوشـانی شاعیری بەناوبانگ و سـۆفی گـەورە مـیـرزا عـەبدولقـادر ناسـراو بە"بێـدڵ" ڕۆیشــتـووە و هـیـچ دوانەکەوتووە.

نامـەوێ باسی عـەبدوڵا بـەگ، "مـیـسـبـاح الدیوان" ناسـراو بەئـەدەب بکەم،

چونکه وەک دەڵێن: "نان ئەو نانەیە ئەمڕۆ لە خوانە"، فەرموون لەم سەردەمەدا کە تاریکیی بێ دەربەستی بەجارێ ترووسکەی لە ئەدەبیاتی کوردی بڕیوە، بەیەکجاری دای پۆشیوە بووە بە شەوەزەنگ، تەماشا بفەرموون چرای دیوانی "میسباح الدیوان" شەوی تاریکتان بۆ دەکات بەڕۆژی رووناک.

ئەگەر تۆزێ لە پەسنی ئەدەبیاتی کوردی ورد بینەوە، بەرەنگی شپرزە و پەراگەندە دێتە بەرچاو، دڵ و دەروون دێنە کەفوکوڵ. لە لایەکەوە ئەم هەموو شاعیرە بەنرخانە «کە ناوی هەندێکیانمان نووسی» لە ناو میللەتی کورددا هەن و هەبوون، یان لە غوربەتدا مردوون یاخۆ ناویان کوێر بووەتەوە، شیعرەکانیان کە سەروەتی لە پاش بەجێماویان بوون، لەبەر بێ خەمی و بێ دەربەستی بزر بوون و فەوتان، چونکە کۆ نەکرانەوە و لە چاپ نەدران. لە لایەکی دیکەوە، زۆر هەڵبەستی بەنرخ هەن کە کەسانی لادێنشینی بەساڵاچوو لە بیریانە، ئێستایش لە بری چیرۆک و بەسەرهات زستانان لەبەر ئاگرداندا بەمەقام بۆ خێزان و دۆستەکانیان دەخوێننەوە، هەڵبەستی وەهان کە درێژن و هەر یەکەی بەدوو – سێ شەو تەواو دەبێت، رەنگاورەنگی ئەدەبیات، دڵداری، مێژوویی، داستانی، بەسەرهات، بەزمانی کوردی وەک مرواری هۆنراوەتەوە، کە هەر شیعرێکی گەوهەرێکی بێ هاوتایە. بەڕاستی زۆر داستان و بەسەرهاتی دیکەیش هەن کە مرۆڤ نازانێ هی کێن و کەی نووسراون، وەکو "حەوت خوان، حەوت پەیکەر، داستانی دوازدە سوارەی مەریوان، بەیتی شەریف چەلەبی، بەیتی جوامێر و دایکی، بەیتی ناسر و ماڵ ماڵ، کورد و گۆران، و... تاد" وە گەلێ بەرهەمی دیکەی ئاینی هەن وەکو "بەیتی حاتەم، ئیمامی عەلی، محەمەد حەنیفە، ئاسمان و زەوی و... تاد" کە پێویست ناکات ناوی هەموویان بهێنین، وەکو گوتم کێ دەزانێ ئەمانە هی کێن و کەی گوتراون. لە هەموو لاوە زانیارییەکان شێوێندراون و شێواندنی ئەدەبیاتی کوردیش بێ خەمی پێشینان بووە. ئەگەر ئێمەیش بەم شێوەیە بەردەوام بین و هەر وا بێ خەم بین، هیچ گومان نییە کە ئەم هەندە ناوەیش لە ناواندا نامێنن و ئەم کەمە ترووسکەیەیش کە لە مەشخەڵانی ئەدەبیاتی کوردی بەجێ ماوە

دەکوژێتەوە و دەبێ بەخاکەسار.

بەم بۆنەیەوە تکای تایبەتی لە شاعیرە تازەکان:

ئەی شاعیرە تازەکان، خۆتان هەوڵ و تەقەلا بدەن بەدڵ گەرمییەوە، تکای تایبەتیتان لێ دەکەم، کە دیوانەکانتان کۆبکەنەوە و لە چاپیان بدەن. ناوی هەمیشە نەمر بۆ خۆتان جێ بهێڵن. تەماشا ئەوە "فیردەوسی"یە، کە زیندوو بوو دەیانخستە زیندانەوە، بەڵام ئێستا لە دوای هەزار ساڵ بەچ عەنعەناتێ زیندووی دەکەنەوە. سەرنج بدەن لە دوای چەن سەدە کە بەسەر مردنیاندا تێ پەڕیوە، ئێستەیش لە هەموو دیوەخانێکی زانیاراندا، کورسی سەرەوە بۆ کەسانی وەکو "سەعدی، نیزامی، حافز، خەیام" دادەندرێ و ئەوانن کە سەرەوەی دانیشتنەکەیان گرتووە. قسەی ئەوان کە هاتە پێشەوە، هەموو دانیشتووان بێ دەنگ و بێ سەنگ کەڕولاڵ دەبن. دڵنیام رۆژێ دێت نەوجەوان و لاوانی گەلی کورد کۆ دەبنەوە و شیعرەکانتان دەخوێننەوە و بۆتان دەگرین. یادتان دەکەنەوە و پەیکەرتان بۆ دەکەن. ناو و ناونیشانتان بۆ هەمیشە بەنەمری دەمێنێ. من بەتایبەتی بۆیە تکاتان لێ دەکەم، چونکە وەک دەردەکەوێ شیعری زۆر چاکتان هەیە و بۆچی تا خۆتان ماون چاپی ناکەن؟ بۆچی تاکو لە ژیاندا ماون ئاوی ژیان ناخۆنەوە؟ بۆ پیرەمێرد، شێخ سەلام، بێکەس هەوڵی چاپکردنی کتێبەکانیان نادەن؟ چاپکردن چی تێ دەچێت؟ دەزانم ئەوانی دیکە چی دەڵێن، بەڵام پیرەمێرد زۆر بەتەمەنە و چاپخانەی خۆیشی هەیە، سەرم سڕماوە بۆچی ئەو کارە ناکات؟ دیارە پیرەمێرد دەتوانێ شیعرەکانی خۆی و تەنانەت ئەوانەی زێوەریش چاپ بکات.

## چۆن ئەم دیوانەم چاپ کرد؟

وەکو بە بەڕێزتانم گوت، سەرقاڵی ئەوە بووم کە کتێبێک لە شێوەی "ئاتەشگەدە" یان کەشکۆڵ تەواو بکەم و لە چاپی بدەم، بەڵکو ببێ بەکوێرە رێیەک و لەوێوە شوێنپێی ئەدەبیاتی کوردی هەڵبگرین. لەو کاتەدا کە من لەو رێگە سەختەدا و لەو هەوراز و نشێوانەدا ماندوو بووبووم، بۆ دۆزینەوەی

شوێنەواری شاعیرانی کۆنمان سەرم بەهەمووماڵێکدا دەکرد، هەموو کون و قوژبنێکم دەپشکنی ، ڕۆژێک سەردار و گەورەی کورد شێخ مەحموودی بەڕێزم بینی، چونکە مەبەستی من دۆزینەوە و پێشخستنی ئەدەبیاتی کوردی بوو، باسی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی هاتە پێشەوە، لە ناو باسەکەماندا ناوی "میسباح الدیوان" هاتە پێشەوە و بەدووروودرێژی باسی ئەو شاعیرەمان کرد، تاکو سەرداری بەڕێز و ناوبراو فەرمووی:(داخی گرانم دیوانی تەواوی دەست ناکەوێ، چونکە وەکو بیستوومە کاتێ حکوومەتی ئێران لەشکری ناردە سەر کوردستان، لە سنووری سنە و سابلاخ، دیوانی ئەدەب کە دەستنووسی خۆی بووە، کەوتووەتە دەست یەکێک لە ئەفسەرەکانی ئێران و لەگەڵ خۆی بۆ تارانی بردووە). ئەو کەسانەی کە لەوێ بوون، هەر یەکەو شیعرێکی "ئەدەب"یان خوێندەوە، بەجارێ هەموو دڵ و گیانم هۆگری شیعرەکانی بوون. خۆیشم هەندێک لە شیعرەکانیم لە لا بوو، بۆیە کەوتمە هەوڵ و تەقەلا بۆ کۆکردنەوەیان. هەرچەندە کارێکی زۆر سەخت بوو، بەڵام بەیارمەتی هەمووان بەتایبەتی لاوانی خوێندەوارمان، توانیمان نزیکەی هەشت سەد شیعرێک کۆ بکەینەوە، لە چاپیان بدەین و پێشکێشی خوێندەوارانی بەڕێزیان بکەین. دیارە ئەمانە سەرجەم بەرهەمی ئەدەب نین، بەڵام مشتێک نموونەی خەروارێکە.

## پەیام

لە ساڵی ١٩٣١دا "سیپارەی حەقپەرستی"م نووسی، بەڵام سەربەخۆ نەمویرا چاپ و بڵاوی بکەمەوە. ناچار بردمە خزمەتی مامۆستای گەورە و خاوەنی بەرهەمگەلی فراوان بەڕێز محەمەد ئەمین زەکی بەگ وەزیری ئابووری و گەیاندنی پێشووی عێراق، پاش ئەوەی ماوەی چەند ڕۆژێک لە "خاک پای" بەرز و گەورەیدا مایەوە، کە دایەوە دەستم، فەرمووی: «دەزانم بەشێکی مونەوەرانی تازە پێگەیشتوومان ڕەنگە لایان خۆش نەبێت، بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم لام باشە و شایستەی ڕێزیت.»

ئێمە پەسەنکردنەکەی ئەومان بەسەر پەسەندکردنی ئەوانی دیکەدا پەسەند کرد، چونکە پیاوێک هەزار پیاو و بیرێکی تیژ هەزار بیری پڕوپووچ دەهێنێ. ڕاستییەکەی فەرموودەی بەڕێزیان ڕاست دەرچوو، هەندێ لە هاوشارییەکان بێ ئەوەی مەبەستێکی پاک و پوخت ئاشکرا بکەن، لەملا و لەولا پرتە و بۆڵەیان دەست پێ کردبوو. بەڵام ئیتر هیچیان بۆ نەدەکرا، کتێب چاپ کرابوو، بڵاو کرابووەوە. ئەوان شوێن کڵاوی بابردوو کەوتبوون.

ڕێگەی تێکۆشین هەرچەندە سەخت و پڕ ئاستەنگە، بەڵام ڕێگەیەکە هەموو کەس دەتوانێ هەوڵی بۆ بدا و پێیدا بڕوات. تێکۆشینی بەکەڵک ئەوەیە کە هەوڵ بۆ سەرکەوتن و بەرزی گەل تێ بکۆشیت و هەوڵ بدەی قازانجی گەل لە بەرچاو بگریت. ئاشکرایە هەر کەس کە قازانجی گەلەکەی بوێت، ئەوە قازانجی خۆی ویستووە. قازانجی تاک لە قازانجی کۆمەڵدایە و بەپێچەوانەوە مەحاڵە.

بۆ گەلی لێقەوماوی کورد ئێستا لە هەموو شت پێویستتر ئەوەیە، بۆ زانین و خوێندەواری تێ بکۆشین. پێم وایە کەس نکوڵی لەوە ناکات کە زانین بەرگێکە لە درەختی زمان. زۆر پێویستە بەدڵ و بەگیان سەرقاڵی پێشکەوتن و پێشخستنی زمانەکەمان بین. پارێزگاری زمان و نرخ زانینی بەئەدەبیاتەوە بەستراوەتەوە. ئەگەر بێتو کاری بۆ بکەین، بێگومان بەمەبەستی شیرینی خۆمان دەگەین. سەختی و نالەباری ڕێگەکە نابێت بمانترسێنێ.

مرۆڤ بەر لە هەموو شت پێویستە خۆی بباتە ریزی کەسانی شایستەوە. دەبێ خاوەنی کرۆکی ئەخلاقی بێت. دەبێ وەکو تیغێکی ژەنگاوی تەماشای خۆی بکات و خۆی زاخاو بداتەوە. دەبێ خۆی قاڵ بکات و هەر خوویەکی خراپ لە خۆیدا دەبینێ، ڕێگەی چاککردن کورت بکاتەوە و خۆی مشتوماڵی بکات.

## مەبەست

مامۆستای گەورە رەفیق حیلمی بەگ، خاوەنی بەرهەمی کوردی، عەرەبی و فارسی، لە بەرهەمە بەنرخەکەیدا کورتەی مەسەلەی کورد دەفەرموێ: «توانای نووسەر لە پێشەکی بەرهەمەکەیدا دەردەکەوێت.» ئەم فەرموودەیە لای من زۆر شیرینە و زۆر راستە. بەڵام ئێمە مەبەستمان لە بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە، تەنیا رێکخستنی ئەدەبی کوردییە، لەبەرئەوە نەمانویست بابەتێک کە لە دەرەوەی مەبەست بێت لێی بدوێین. یان بۆ ئاشکراکردنی توانا تووشی گێرە و کێشەی پێشەکی هۆنینەوە ببین. هەرچەندە ئەم پێشەکییەمان کە پێشکێش خوێندەوارانمان کرد لە سوود خاڵی نییە. چرایەکی بچووکە بۆ رووناککردنەوەی ئەدەبیاتی کوردی. ئەگەر لاوە بەنرخەکانمان کە خاوەنی هێز و وزەن، ئارەزوویان هەبێ، دەتوانن وردە وردە سەرقاڵی کۆکردنەوەی شیعری ئەو شاعیرانە ببن و هەر یەکە و شتێک کۆ بکەنەوە، ئەوا بۆ هەر شاعیرێک کتێبێک دێتە بەرهەم. بەڵێ «دڵۆپ دڵۆپ دەریا دروست دەبێ.»

ئەی نەوجەوانانی کورد پێم وایە ئێوە لە من زیاتر نرخ و بەهای ئەدەبیات دەزانن. میللەتێک کە ئەدەبیاتی نەبێ بەمیللەت ناژمێردرێت. زمانێکی کە ئەدەبیاتی پێ نەنووسرابێ کەی زمانە. میللەتانی دیکە تەماشا بکەن چلۆن لە هەوڵ و تەقەلادان بۆ پێشخستنی ئەدەبیاتی خۆیان. ئەوان لە نەبوون شت دروست دەکەن، کەچی ئێمە ئەو هەموو شیعرە جوانانەمان هەن و ئەو هەموو شاعیرە لە کوردستاندا هەن، بەڵام لێیان بێ ئاگاین. ئەگەر ئەدەبیاتی پێشوو کۆ بکەنەوە، زۆر بابەتی گرینگی مێژوویتان بۆ دەردەکەوێ. تێ دەگەن باو باپیرانتان چۆن بوون و چۆن ژیاون. شیعر بەڵگەی مێژووە. شیعر بەخێوکەری زمانە. شیعر چەکی رۆژی نەبەردییە. شیعر هەستی نەتەوەیە. شیعر مێشک، بیر و هۆش بەخێو دەکات. نەتەوەیەک کە شیعر و شاعیری هەبێ نامرێ. شیعر میللەت لە تاریکستانی نەزانی رزگار دەکات. شیعر پەند و قسەی نەستەق دەژێنێت. شیعر خۆراکی روح و دڵ و گیانە.

بەشیر موشیر

تێبینی:

ڕاستییەکەی وەکو پایەبەرز ئەمین زەکی بەگ فەرمووی بۆ لە چاپدانی "سیپارەی حەقپەرستی" چەند برادەرێک پێیان ناخۆشە، بەڕاستی ڕاست دەرچوو و ئێستایش وا دیارە چەند کەسێک بۆ چاپکردنی دیوانی "میسباح الدیوان" پێیان ناخۆشە و ڕێگەم لێ دەگرن. بێ پرس و وەلام ڕێگەم لێ دەبەستن. دیارە ئەو کەسانە خزمەتی وەهایان پێ ناکرێ و کەم دەسەلاتن، بۆیە حەز ناکەن کە بەندەی بچووک بەم خزمەتە گەورەیە شاد بم و ئەم شەرەفەم بەر بکەوێت.

بەندەی هەموو کورد و کورد زمان

بەشیر موشیر

## گەشتێک بەسلێمانیدا

١- گەشتی یەکەم ساڵی ١٩٤٤ بوو. گەشتی دووەم لە ٢٠- ٧- ١٩٥٧ رووی دا. بەڕاستی شاری سلێمانی وەکو جاران نەماوە. شێوەی لادێی کە جاران هەیبوو، هەروەها پەشێوییەکەی جارانی نەماوە. گەلێ باڵەخانە و خانووی جوانی تێدا دروست کراوە، کە زۆر دڵگیرن.

بەتایبەتی ساختمانی کارگەی چیمەنتۆ و هەندێ تەلاری دیکە. ئەو شەقامەی کە راستەوڕاست تا کۆتاییی گەڕەکی "سابوونکەران" دەڕوات، سلێمانی کردووە بە شارێکی دیکە. ئەگەر بێتوو کارگەی جگەرە و کوتاڵیش دروست بکرێت، بۆ کەمکردنەوەی بێ کاری دانیشتووان هەنگاوێکی گرینگە. بەڵێ لە ماوەی ئەو سیازدە ساڵە کە من نەمدیبوو، هەنگاوێکی بەرزی بۆ پێشەوە ناوە. لە ئاسۆی شارەکانی کوردستان خەریکە وەکو گەلاوێژی سەر شاخی گۆیژە پرشنگ بداتەوە.

٢- چووینە سەر ئەو گردە کە بەدارستان رازاوەتەوە، ئەو دارانەی بۆ هۆی جەژنی "دار و درەختەوە" نێژراون دیمەنێکی شیرین و چاو ئەندازێکی نایابی هێناوەتە بەرهەم. ئەگەر بێتو شاری ناوبراو بەم شێوەیە روو بەرەو پێش بڕوات، هیوام وایە لە ماوەی دە ساڵی تر بەچەشنی شارەکانی سویسرای لێ بێ. هەروەکو چۆن کوردستان خۆی بەسویسرای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوی براوە.

٣- تا بڵێی دانیشتووانی شاری سلێمانی میوانپەرست و نیشتمانپەروەرن. خوو و رەوشتێکی نایابیان هەیە. دەکرێنە نموونە بۆ مەردایەتی و دەست و دڵ باشی لە کوردستاندا. ئەگەرچی کورد هەموو مەرد و دەست و دڵ باشن.

٤- كە دەچیتە کۆلانەکانی سلێمانی وەها دەزانی شارێکی چۆڵە، چونکە دەرگەکانی نزم و بچووکن، مرۆڤ وەها دەزانێ کە لادێیە یان کەلاوە کۆنێکە. بەڵام کە چوویتە ژوورەوە بەوێنەیەکی دیکە خۆی دەنوێنێ. بەجۆرێک دڵ بکاتەوە. بەتایبەتی ئەو ماڵانەی باخیان هەیە. بۆنی گوڵەباخ و ڕێحانە سەری مرۆڤ مەست دەکات و پیری وەکو ئێمەمانان شەنگ دەکاتەوە.

٥- ئەگەرچی سلێمانی گەلێ هەنگاوی بۆ پێشەوە ناوە، بەڵام هێشتا کەموکوڕی زۆر لە شارەکەدا دەبیندرێت. ئێمە هەندێکیان دەخەینە بەرچاوی کاربەدەستان بۆ ئەوەی بەچاوێکی گرینگ تەماشا بکرێت و نەهێڵدرێت ئەو شارە بەدواکەوتوویی بمێنێتەوە. بۆچی؟ چونکە چەند جار پایتەختی حکوومەتانی کورد بووە. لە جووڵانەوەی میللی کوردیشدا جێگەیەکی بەرزی هەیە. ڕۆژی نەمری "شەشی ئەیلوول" بەقەڵەمێکی زێڕین لە لاپەڕەی مێژووی میللەتی کورد نووسراوەتەوە و هەرگیز سڕینەوەی بۆ نییە. دانیشتووانی سلێمانی دەبێ چاو لە داواکردنی شەمەندەفەر نەپۆشن، چونکە هاتنی ڕێگەی ئاسن بۆ سلێمانی سەد ئەوەندەی تر ئەو شارە پێش دەخات.

٦- ئێمە زۆر زۆر خەم دەخۆین و دڵمان کون کونە کە دەبینین دەوڵەمەندەکانی کورد تەنیا هەر خۆیان دەبینن. هەر پارە و پووڵێکیان هەیە بۆ شتی بێ سوود بەکاری دەهێنن. هیچ تەماشای بەرژەوەندی وڵاتەکەیان ناکەن. سلێمانی سەدان سەرمایەداری تێدایە، بەڵام نە کارگەیەک دەهێنن و نە پرۆژەیەکی بەسوود دەکەنەوە. ئایا شوورەیی نییە کە هەموو میللەتی کورد چاپخانەیەکی کوردی نەبێ. "بەهەزار ناری عەلی" نووسەرەکان دەتوانن شتێ چاپ بکەن. ئایا کورتی نییە کە میللەتی کورد "بانکی نەبێ"؟ شاری سلێمانی زۆر پێویستی بەبانک هەیە، بەناوی بانکی کوردستان. چونکە ئەو بانکە گەلێ سوودی دەبێ بۆ ژیاندنەوەی باری ئابووری لەوێ و دەتوانێ پارە بەقەرز بداتە ئەو کەسانەی کە لێیان دەقەومێ. بەڵام ئەو

بانكە نابێ ببێت بەهۆی بەدبەختی و چەوساندنەوە، بەڵكو دەبێ پشتی هەژاران بگرێت و بەسوودێكی كەم پارە بدا بە كاسبكارەكان.

٧- گەڕاندنەوەی "ترانسێت" بۆ سلێمانی باری ئابووری ئەو شارە پێش دەخات. هەروەها ئەگەر بێتو شەقام و كۆڵانەكانی سلێمانی بەدار و درەخت برازێندرێتەوە و كۆڵانەكانی گشتی قیرتاو بكرێن، بێگومان وێنەی شارەكە زۆر جوانتر دەبێ. خۆ ئەگەر هاتوو شاخی گۆیژە لە سێ لاوە بەوێنەی كۆڵان ببڕدرێت یەكجار كاریگەر دەبێ بۆ نەهێشتنی ڕەشەبا وشترڕفێنەكەی سلێمانی و دەشگونجێ لە ئەنجامی ئەو بڕینەی شاخەكەدا ئاوێكی فراوان هەڵبقوڵێت، جا ئەو كاتە سلێمانی دەبێ بەهاوینەهەوار و سەیرانگای هەموو عێراق و دەرەوەی عێراق و كوردستانی مەزن. من دەڵێم زۆر پێویستە میوانخانەیەكی بەئابڕووی تێدا بكرێتەوە. وێنەی میوانخانەی "سیروان"ی كەركووك. چونكە كوردستان بەپیت و بەرەكەتە و پڕە لە شوێنەواری كۆن و دیمەنی دڵگیر. لە دوارۆژێكی نزیكدا هەزاران بێگانەی ئەوروپایی دەبن بەمیوان.

٨- لە سلێمانی هەندێ پیاوی ناودار سەبارەت بەگۆڤاری "هیوا" چەند پرسیاریان لێ كردم. ئایا خراپە یان چاك. دەفرۆشرێت یان نا. زۆر كەس باش باسی ناكات و كەم كەسیش خۆشی دەوێ. هەندێ دەڵێن: «ئێمە بۆیە نایكڕین و خۆشمان ناوێت، چونكە بەناو هی كوردە، كەچی بۆ بێگانە شت دەنووسێت و لایەنگری بێگانەیە». هەروەها گۆڤارەكە تەماشای "زلی" ناوەكان دەكات. بەیەك شێوەی كوردی شت دەنووسێت. گرانی دەفرۆشن. دەست لە نووسینی خەڵك دەدەن، وای لێ دەكەن نووسینەكەت نەناسیتەوە. شت بەشێوەی زازا، فەیلی، گۆرانی نانووسن.

من بەم شێوەیە و بەئاشكرا وتم: ئێمە كە كوردین هەر دەبێ كورد بین و بەس. وەكو چۆن سلێمانی كەوتووەتە نێوان دوو گۆمەوە "دەربەندیخان و دووكان"، ئەو دوو گۆمە ئەگەر ڕقیان هەستێت سلێمانی دادەپۆشن، ئێمە دەبێ نە لەم لا بین، نە لەو لا بین. ڕاست و ڕەوان بین لە هەموو شتێ

باشترە. چونکە هیچ لایەکیان پێویستییان بەپڕوپاگەندەی ئێمە نییە.

وەکو حاجی دەڵێ:

وەک مریشکێ کە ئەقڵی نەهێنێ
بێـتـو هێلکەی مـراوی بێنێ
کـە بگاتە کـەناری جـۆگـەلەیێ
نایێتە شوێنی بمرێ، جووجەڵەیێ
جـێی ئەم وشکە، جـێی ئەو ئاوە
تێ دەگـا قنگ دڕانی بۆ مـاوە

یان وەکو قسەی پێشینان دەڵێ:

"ئەوەی کە بکات بێگانەپەرستی، پاشان هەر دەهێنێت نوشووستی".

٩- من لە هەمـوو نووسـەر و خـاوەن گـۆڤـارەکـان داوا دەکـەم بەدڵی نیشتمانپەروەرە ڕاستەقینەکان بنووسن. چونکە ڕۆژی ئەوە نەما میللەتی کورد بە فریو بچێت و نیشتمانپەروەری "ساختەچی" خۆیمان لێ بشارێتەوە.

١٠- لە کـانی دڵـمەوە سـوپاسی لاوە دڵسـۆزەکـان دەکـەم کـە بەگـەرمی بەخێرهاتنیان کردم و ئەو گەشتانەیشم لە بیر ناچێت کە بۆ (سەرچنار، زەڵم و بەکرەجۆ) کردم. بەڵام داخەکەم هیوای من کە دێنە دی. هەروەکو کەمی ئاوی بەکرەجۆ کە بەشی ئاودانی درەختەکانی ناکات. جا لە کۆتاییی نووسینەکەمدا دەڵێم:

یەک ڕەنگ و دوو ڕەنگ لە یەک جیاکەی
یەک ڕەنگ ئاوێتەی گوڵەکەی بەها کەی
دوو ڕەنگ شەرمەزار هەردوو دنیا کەی
ویستی "بەشیر" خوا زوو جا بەجا کەی

# نامەکانی ئوستاد

**پشتگیری لە کۆبوونەوەی پێنجەمی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا**

زۆر سوپاسی هەستی بەرزی ئەندامانی کۆنگرە دەکەین کە لەم رۆژە پیرۆزەدا کۆنگرەی بەرزتان دەگرن، هیواداریین کەوا وێنەتان زۆر بێ.

زمان قازانجی چییە؟

زمانی کوردی وەکو گەوهەرێکی تریسکەدار وایە، هەزاران ساڵ لە ژێر گڵدا بێت لە تریسکە ناکەوێت. بگرە ئەو پرشنگەی هەر زۆر دەبێ. زمان، رەوشت، خوو و کردەوە جوان دەکات. زمان میللەتان لای خەڵک و بێگانە شیرین دەکات. زمان هەرچەندە دەوڵەمەند بێت، لە ناو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە رۆژئاوادا بڵند دەبێ. هەر کەسێ زمانی کوردایەتی خۆی باش زانی بەچەشنێکی ئاسان دەتوانێ هەموو زمانێک فێر بێ. زمان هەرچەند رێکوپێک بێ، دەتواندرێت نامیلکە و کتێبی نایاب و گەورە و بەنرخی پێ بنووسرێت. گەلی کوردایەتی خۆی بەرۆژهەڵات و رۆژئاوا بناسێنێت. زمان شیرینە، ئازیزە. گەل بەرز دەکاتەوە. هەر کوردێک زمانی خۆی نەزانی ناتوانێ کوردایەتی خۆی بڵاو بکاتەوە. زمانی کوردی هەر یەکە، سۆرانی، بادینانی، یان لوڕی، زمان شێوەی دەگۆڕێت بەپێی ئەو ناوچەیە کە وا تیایەتی. نابێ کەس بڵێ کەوا جیاوازی هەیە. هیوام وایە کە زمانی کوردی زۆر پێش بکەوێ و پەرە بستێنێ. چونکە ئەدەبیاتێکی زۆر بەرزی هەیە، رۆژهەڵات و رۆژئاوا باوەڕی پێ دەکات.

زمان ببێ، سەر دەبێ، سەر بوو، گەل دەبێ، گەل جێگەی گەورە دەبێ. زۆر کەس هەیە خۆی کوردە، بەڵام مەخابن کوردی نازانێ، هەمیشە دوعا دەکات،

کە بێ بەشە لە زمانی کوردی و ئاواتی ئەوەیە کە چەند وشەیەک فێر بێ. تکام وایە لە کوردەکانی سۆرانی، بادینانی و لوڕی کەوا یەکتر بگرن و کتێبی وەها بنووسن کەوا هەردوو لا سوودی لێ وەربگرن. لە خۆڕسکەوە زمانی کوردی بووە و هەر دەبێ.

یەکێ هەرچەندە زمان بزانێ، واتای ئەوەیە ئەوەندە میللەتەیە. هەر زمانە میللەتێکە. دەتوانێ میللەتانی تر لە ماڵی میللەتەکەی خۆی ئاگەدار بکات. تا زمان زۆر بزانی بۆ بەرزی گەلەکەت باشە.

ئیتر هەر بژی کورد و کوردستان و زمانی کوردی

بەغدا

بەشیر موشیر ١٦- ٨- ١٩٦٠

**بۆ لاوچاکانی کورد**

ئەندامانی کۆنگرەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا

پێشکێشە

سڵاوتان لێ بێ. سڵاوی کوردایەتی لە ئێوەی نموونەی تێکۆشان و کۆڵنەدان و مەردایەتی. سڵاو لە کۆنگرەی پیرۆزتان، لە رێکخراوی خوێندکارانی دڵسۆزتان، کە بووەتە مەشخەڵێ بۆ پێ ناسینی گەل و نەتەوە و هۆزتان، بەوڵاتانی ئەوروپا بەتایبەتی و بەهەموو جیهان بەگشتی.

ئەی لاوانی خوێندکاری ئەمڕۆ و جەنگاوەرانی چیاکانی کوردستانی سبەینێ. گردە و کۆشەتان بۆ ناسینی نەتەوەکەتان بەگەلانی جیهان، کارێکی سوودمەندە و خەباتێکی پەسەند. بەڵام لەم کاتەدا کە ئەم رۆڵە دەبینن، دەبێ هەمیشە لە بیرتان بێ و لە یادی نەکەن، کە نەتەوەکەمان، نەتەوەی کوردی مەردی قارەمان، تەنیا بەخەباتی نەتەوایەتی خۆی رزگاری دەبێ و بەس. واتا نابێ چاومان لە بێگانە بێ، هەر بێگانەیەک، رۆژهەڵاتی بێ یان رۆژئاوایی، نزیک بێ یان دوور، رەش بێ یان سوور، دادی ئێمە نادەن و بەدەنگمانەوە نایەن. ئێمە تەنیا خۆمان، بەبازووی پۆڵایینی رۆڵەکانمان، بەبیر و باوەڕی

پتەوی کوردایەتیمان، دەتوانین بگەینە ئامانجی پیرۆزمان، کە رزگاری کوردە و سەربەخۆیی کوردستانە.

ئەگەر چاوێک بەمێژووی نەتەوەکەماندا بگێڕین، دەبینین هەمووی پاڵەوانێتییە و خەباتە و نەبەزین. هەمووی سەربەرزی و شۆڕشی ئاگرین. هەمووش قوربانییە و گیانبەخشین. کەچی لەگەڵ ئەو هەموو قوربانی و کوشتن و بڕینەدا، هێشتا هەر ۳۰ ملیۆنین، بەم جۆرە:

کوردستانی سەروو ۱۰ ملیۆن. کوردستانی خواروو ۳ ملیۆن. رۆژهەڵات ۸ ملیۆن. کوردستانی رۆژئاوا ۱.۵ ملیۆن. کوردستانی بەزۆر بەروسیاوە بەستراو ۱.۵ ملیۆن. شەش ملیۆنەکەی تریشی بەئەفگانستان، بلوجستان، هیندستان، بەناوی "باسیک"ەوە بەشوێنەکانی تری جیهاندا بڵاو بوونەتەوە. دەشمتوانی بڵێم کە ۳ ملیۆن کوردی تر ون بوون و رەنگی سەوز و سوور و سپی کراون وەکو دار، بەڵام دارەکە هەر دارە.

کەواتە ئێمە نەتەوەیەکین مەرجی مانەوەمان تێدایە و لە ناو ناچین، کە لە ناویش نەچووین دەبێ سەربەست و سەربەخۆ بین.

ئیتر سوپاس بۆ کۆمەڵەی قارەمانتان، سوپاس بۆ هەموو ئەو کوردە تێکۆشەرانەی لە ئەوروپان، سوپاس بۆ هەموو ئەو میوان و دڵسۆزانەی ئێستا لە کۆنگرەن.

سوپاس بۆ هەموو ئەو کوردە دڵپاکانەی بەدڵ لەگەڵتاندان.

خۆشیتان و بژی کورد و کوردستان.

دڵسۆزتان

بەشیر موشیر ٦- ٨- ١٩٦١

دڵ پڕ پەژارە   وەتەن غەمبارە
هیلاک و ماندوو   کەوتووم لەم شارە
تاسە و ئارەزووی   دڵ دەشکێنم
نامەی کۆنگرە   ئەوا دەنێرم

## ئەندامانی خۆشەویستی کۆنگرەی خوێندکاران(*)

ساڵ بەساڵ هەم خۆزگەم بەپار، هەم خۆزگەم نا بەپار. ئەم ساڵیش خەمم لێ نیشت، کەوتمە جەیەشان چونکە کۆنگرەی خوێندکاران بگیرێت و ئەمن نامە نەنێرم؟ ئەمن لە بیری ئەوەدا بووم چۆن نامەکەم بەدەست یاساوڵەکانی سنوور نەگاتن. سەری دنیام لێ هاتەوە یەک، تا دوێنێ بەیانی کە تەماشای بەختنامەکەی ناپلیۆنم کرد، لێی نووسرابوو کە ئەمرۆ سەرکەوتوو دەبی. ئەمنیش دڵم خۆش بوو. نامەم نووسی، لە پڕ کاک (....) خۆی کرد بەژووری دووکاندا و وتی دەچمە ئەڵمانیا، نامەکەی وەک پارچەیەک لە دڵی پاراست و هێنای بۆ ئێوەی خۆشەویست.

خۆشەویستەکانم:

دڵم پڕ لە ئازارە بۆ کوردستان. دیارە هەموو شت ئاگەدارن. کوشتن، بڕین، بۆمباباران و داخستنی دووکانەکەی ئەمن کە یانەی هەموو کوردی بەغدایە و بەکوێرایی چاوی هەموو نۆکەر و ئیستیعمار و زۆڵە کوردێک، باڵیۆزخانەی کوردستانە لە پایتەختی هاروونە رەشید دا.

ئەندامانی خۆشەویستی کۆنگرە:

بۆمباباران ملیۆنێک کوردی لە کوردستانی بەزۆر بەقاسمە(**)وە بەستراوی کوشت، بەلام وا مەزانن بەمە کورد ملیۆنێکی کەم کردووە، بەڵکو بەگرمە گرمی بۆمبا کوردستان لە ناو ناچێ. لە کوردستان ئەمساڵ سێ ملیۆن منداڵی شۆڕشگێڕ لە دایک بوون. کوردستان هەر کوردستانە و گۆڕەکەی محەمەد عەلی کوردی «الله یرحمه» لە "مەنسووریەت ئەلجەبەل" شایەتە.

قسەم زۆرە و داخی دڵ زۆرە، هیوای سەرکەوتنتانمە و دڵنیا بن کە

---

(*) بۆ کۆنگرەی خوێندکارانی کورد لە شاری "براونگشڤایک" لە ئەڵمانیا، ساڵی ١٩٦٢ .

(**) عەبدولکەرم قاسم، سەرەک کۆماری عێراق لە ١٩٥٨ بۆ ١٩٦٣

نەتەوەکەتان سەردەکەوێ، منیش زمانی حاڵم هەر دەڵێ: بەشیر موشیر لە عەزرەت کوردانە وا بەپیری ئارەق دەکات و لە گەرمان لە ناو دووکان دەسووتێ. کورد هەر ماوە و هەر زۆر دەبێت. کوردستان هەر ماوە و تا دێت فراوانتر دەبێ. با دوژمن شەق ببات و کوێر بێ.

دوا شت بەدڵمە لە کۆتاییدا ئەم شیعرەتان بۆ بنووسم:

یادتان بەخێر ئەی دوور وڵاتان

کە کۆتر بەباڵ ناگاتە لاتان

باوکی لاو و پیرتان

بەشیر موشیر

**بۆ لاوی خۆشەویستمان کەمال فوئاد**

زۆر چاوم روون بووەوە بۆ ئەم نووسراوە رەنگینەی کەوا ناردبووت. وە سوپاسم کردن و بۆم دەرکەوت کە ئێوەن نوێنەرانی راستەقینەی میللەتی کورد لە ئەوروپا دا.

بەبۆنەی ئیبراهیم ئەحمەدەوە سڵاوی دڵسۆزانەی ئێوەم پێ گەیشت و زۆر مەمنوونتان بووم.

بیستوومانە لە ئەڵمانیادا ئێستگەی کوردی دەکرێتەوە، هەموو کورد لە عێراق سوپاسی حکوومەتی ئەڵمانیای رۆژهەڵات دەکات. وە زانیومانە، وەکو جەمالەدین نەبەز دەڵێ: کەوا بەهیممەتی تۆیە ئەو ئێزگەیە کراوەتەوە.

خوا یار بێ زۆر زوو بەبڕوانامەیەکی گەورەوە دەگەڕێیتەوە بۆ کوردستانی خۆشەویستی خۆمان.

هەموو نیشتمانپەروەرێک رێزیان هەیە بۆت. وە سڵاو لە هەموو برا کوردەکانی ئەوێ دەکەین. زۆر رێزم هەیە بۆ هەموو کوردێکی ئەو ناوە، یەکە یەکە پێیان بڵێ. وە سڵاو و رێزم هەیە بۆ هەموو عێراقییەک کە لەوێیە چ عەرەب بێ چ کورد.

لەگەڵ ئەم نامەیەدا وتارێکم بۆ ناردی لە بابەت کوردەوارییەوە کە کاتی خۆی لە قاهیرە بڵاو کرایەوە، لە زەمانی شای بۆگەندا. ئارەزوو دەکەم لە ئێستگەی ئەڵمانیایش بڵاو بکرێتەوە. خۆت بیخوێنەرەوە. بەڵام ئارەزوو دەکەم کەوا بزانین چ رۆژێک دەخوێندرێتەوە بۆ ئەوەی گوێمان لێ بێ.

جەمال نەبەز سڵاوت لێ دەکات. وردی زۆر سڵاوی بۆت هەیە.

ئەم کاغەزەم بەدەستی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد ناردرا.

ئادرەسی خۆت بەتەواوی بنێرە چونکە کاغەزەکەم لێ ون بووە.

دڵسۆزی کورد

بەشیر موشیر ٢٨- ٢- ١٩٦٠

بەغدا

**بۆ لاوی خۆشەویستم کاک کەمال فوئاد پێشکێشە**

رۆژتان باش

هیوادارم کە هەمیشە شاد و بەختیار بن.

بە ئیبراهیم ئەحمەد دا وتارێکم بۆ ناردیت، بەڵکو بیخوێنیتەوە لە ئێستگەی کوردی لە ئەڵمانیا. هەموو کوردەکان سڵاویان هەیە، وە سڵاوم بۆ هەموو قوتابییەکان هەیە.

وا دوو کارتی نەورۆزیشم بۆ ناردیت. وە دیوانی مەم و زینی کوردی.

دڵسۆزتان

بەشیر موشیر

بەغدا- حەیدەرخانە- عێراق

**بۆ لای زۆر دڵسۆزی نیشتمانپەروەری کورد کاک کەمال فوئاد**

پێشکێش بێ

رۆژتان باش:

سەڵاو لە هەمووتان دەکەم. لە پاش هەموو هەواڵ پرسینێک، تکایە بەهەر

جۆرێک بێ یەکێ لە نوێنەرەکانی کورد بچێ بۆ کۆنگرەی "باندۆک" و دەنگی کورد بگەیەنێ بەگوێی گەلانی هەموو دنیا.

سڵاو بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵ و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەکەین.

دڵسۆزتان

بەشیر موشیر ١٤- ٣- ١٩٦١

کۆماری عێراق

بەغدا- حەیدەرخانە

**بۆ لای زۆر خۆشەویستمان مامۆستا کەمال فوئاد**

رۆژتان باش

هیوادارم کە هەمیشە شاد و بەختیار بن. کارتەکەتم پێگەیشت، زۆر سپاسم کردن. سێ کارتم بۆ ناردن، یەکێکیان بۆ عیسمەت شەریف و دووەمیش بۆ دوکتۆر کامەران بنێرن.

وەکو لە کاتی پێشوودا قسەیەکم پێ راسپاردبوویت، کەوا کەسێ پەیدا بکەن بۆ بەشداربوون لە کۆنگرەی "باندۆک"دا.

رێزم بۆ کچە ئەڵمانییەکە زۆرە. زۆر شتم بۆ نارد، بەڵام وەڵامی نەبوو (هێلگا هێلینگ).

ئیتر بژین بەشادی.

دڵسۆزتان

بەشیر موشیر ٢٠- ٣- ١٩٦٣

**نامەیەکی بێ مێژوو**

لە پاش چاو ماچکردن، دوعای خێرتان بۆ دەکەین کە هەر بژین و پایەدار بن. هەرچی کوردی عێراقی هەن زۆر سپاسی خەباتی شۆڕشگێڕانەتان دەکەن، بۆ ئێوە و هەموو قوتابیانی کورد لە ئەوروپا. زۆر رێزم هەیە بۆ ئەو کچە نازدارە کە لە ئەڵمانیاوە ناوی منی بیستووە و نامەی بۆ نووسیوم. پێی بڵێ ئەگەر باڵم هەبوایە لە بەغداوە دەفڕیم و دەهاتمە بەرلین، بۆ لای ئەو کچە

نازەنینە، دڵسۆزە. زۆر شتم بۆ ناردووە سەبارەت بەکوردستان، وا بزانم پێی گەیشتووە. هەرگیز لە کۆشش مەوەستن و ئیتر هەر پایەدار بن و بژین.

ڕێزم هەیە بۆ هەموو لایەکتان.

بەشیر موشیر

پاشکۆی نامەکە:

ئەم هەڵبەستەیە:

| | |
|---|---|
| ئەی کورد نەورۆز هات | جێژنی ئازادی |
| یادی کاوەیە و | کوشتنی بێ دادی |
| ئاشتی و برایەتی | باڵی کێشاوە |
| کەچی کورد هێشتا | لە خەودا ماوە |
| دەسا بەرزی کە | چرای پێشکەوتن |
| بجمێ مەردانە | بەرەو سەرکەوتن |

**بۆ مامۆستای خۆشەویستمان کاک کەمال فوئاد**

ڕۆژتان شاد بێ

نووسراوەکەتانم وەرگرت، زۆر دڵی شاد کردم و هیوامە هەر پایەدار بن. بزانە کە ئیمساڵ کارتمان نییە بۆیە کارتت بۆ نانێرین. لە مامۆستا عیسمەتەوە کاغەزێک و کارتێکم بۆ هات، زۆر مەمنوون بووم. لە پاریسەوە دوکتۆر کامەران چەند گۆڤاری بۆ ناردم و لەگەڵ کاغەزێکیش، زۆر سوپاسی دەکەین و دڵی روون کردینەوە. لە یەزدانی پاک دەپاڕێمەوە کە هەموو لایەک سەربەرز و سەربڵند بن. کاک کەمال ئەگەر لات زەحمەت نییە، بچۆرە لای کچە نازداری ئەڵمانی نەختێ گلەیی لێ بکە، داوای زۆر شتی کردبوو، نووسیم و بۆم نارد، بەو مەرجەی کە لە ڕۆژنامەکانی ئەڵمانیادا بڵاوی بکاتەوە، وە خۆی داوای کرد لێم کە لەگەڵ کچێکی کوردی عێراق نووسراویان لە نێواندا هەبێ، منیش کچێکم بۆ دۆزییەوە، ئەویش هەرچی لێی داوا کردبوو

بۆی نارد و لەگەڵ وێنەی خۆیشی. لە پاشان کچەی کورد داوای وێنەی لێ کردبوو، بەڵام وەڵامی کچەی نەدایەوە و وەڵامی منیشی نەدایەوە. تەنانەت کارتێک دەنووسێ و چەند دێڕێکی تێدایە و هەر ئەوەندە. لە کارتەکەیدا داوای "ئەساسی" نەورۆزی کردبوو، منیش بەتەواوەتی مێژووی نەورۆزم بۆی نووسی کە لە کوێوە هاتووە و چۆن پەیدا بووە. بەو مەرجەی کەوا لە رۆژنامەکانی ئەوێدا بڵاوی بکاتەوە. من هەر ئەرک بکێشم و شتی بۆ بنووسم و کەچی بیخاتە پشتگوێ، ئەوە باش نییە. ئەگەر رێک کەوت، ئەوا زۆر رێزم بۆ دوکتۆر کامەران و عیسمەت شەریف و وریا ئەمین رەواندزی هەیە. هیوادارم کەوا کردەوەتان وەکو رۆژ تیشکی بەهەموو لایەکدا بڵاو بێتەوە. رەنجتان بەفیرۆ نارِوات.

هەر بژی کورد و کوردستانی مەزن و ئێوە.

زۆر گلەیی لە کچەکە بکە، لە ئۆلگا.

وردی زۆر سڵاوی هەیە.

بەشیر موشیر
٢٣- ٥- ١٩٦١

بەغدا

١٢- ٨- ١٩٦١

**برازای خۆشەویستم کاک کەمال گیان.**

هەمووکاتێکت هەر خۆش بێ.

جارێ بەر لە هەموو شتێک پیرۆزبایی شادبوونت لێ دەکەم بە"هێلگا"ی برازامان "چونکە کورد و ئەڵمان لە یەک تیرەن". چەند رۆژێک لەمەوبەر بە عەمرانی فەیلیدا وتارێکی زۆر جوانم بۆ ناردیت. لە وتارەکەمدا نووسیبووم کە کورد وەک دار وایە، بەهەرچی رەنگێک بۆیە بکرێ ئەو هەر لە داری خۆی ناکەوێ. خۆ ئەگەر هاتوو تۆوی دار لەسەر ئەم زەمینە ببرِێ، دیارە ئادەمیزاد نامێنێ.

لە بارەی هەڵبەستی مەیلەوە، ئەمە هەڵبەستەکەیە:

| | |
|---|---|
| مەیل دیسان مەیل | دڵ پـــڕە لە مـــەیل |
| دڵ کـــەیلە لە غـــەم | لەبەر مـــەیلی لەیل |
| لەیلی مـــن وەتەن | منم مـــەجنـوونی |
| هەردوو لا تووش بووین | کـزی و زەبوونی |
| هەرگـــیـــــز لانەچوو | مـەیل لە نـاو دڵ |
| وەتـــــــەن وەتەنمە | بشـچـمـە ژێر گڵ |
| تا دایکـــــی وەتەن | دیل و یەخـسـیـرە |
| دڵ پەست و غەمبار | بەشـــیر موشیرە |

برادەران هەمـوو سـڵاوت لێ دەکـەن و هەواڵت دەپرسن و داوای خـۆشی و بەختیاریت بۆ دەکەن.

مامت

بەشیر موشیر

**بەدڵێکی شادەوە سڵاوتان لێ بێ**

٢٤- ٤- ١٩٦٢

بەغدا

بۆ لای برای زۆر خۆشەویستمان

مامۆستا کەمال فوئاد

بەهەمـوو نیـازێکەوە سـەرکـەوتنتـان داوا دەکـەین. لە یەزدانی مـەزن دەپارێمەوە کە هەر بمێنن بۆ خزمەتی گەلە خۆشەویستەکەمان.

نووسـراوێکتـان هات، زۆر دڵمـانی شـاد کـرد و گەشـاینەوە. زۆر تکات لێ دەکـەین هـەر شـتێ دەرچووە لە لایەن ئێـوەوە لە نـامـیلکە و شـتی بەسـوود بەپۆستە بۆمان رەوانە بکەن زۆر مەمنوون دەبین. چونکە بیستوومانە هەندێ شت دەرچووە، بەڵام پێمان نەگەیشتووە. بەتایبەتی ئەو نامەیەی کە من بۆم ناردووی، دەڵێن وەرتان گێراوە. زۆر تکایە کە چەند دانەیەکمان بۆ بنێرن.

زۆر ڕێزم هەیە بۆ برازای خۆم "هێلگا"ی خۆشەویست. وە هەروەها بۆ کاک سەرداریش. هەرچی هاوشارییەک هەیە لەوێ ڕێزم بۆی هەیە. لێرەیش هەموو دۆستەکان سڵاویان هەیە و سەرکەوتنتان داوا دەکەن.

زۆر تکایە کە ناونیشانی نوێی خۆتانمان بۆ بنووسن.

ئێستا "جەمالەدین نەبەز" لە بەغدایە و پاش جەژن دەچێ بۆ سویسرا بۆ "تەحسیل"کردن لەوێ.

ئیتر زۆر سوپاس.

هەر بمێنن بە سەربەرزی.

دڵسۆزتان
بەشیر موشیر

بەغدا

٢٧- ٥- ١٩٦٢

**بۆ لای لاوی خۆشەویستمان کاک کەمال فوئاد**

ڕۆژتان باش

هیوادارین کە هەمیشە بەشادی و بەختیاری بژین. نامەکەت و وێنەی ئۆلگا خان و کچە بچووکە گیان سووکەکەمان پێ گەیشت، تا بڵێی دڵمان گەشایەوە. ئەوەندەی کێوە بەرزەکانمان دڵشاد و دڵنیا بووین و هیوامان وایە لە باوەشی دایک و باوکیدا ئەم نەوجەوانە نەخشینە پەروەردە بێ بۆ گەل و نیشتمانی هەردوو لامان تێ بکۆشێت.

خۆشەویستمان، نووسیوتە گەلێ شتمان ناردووە، بەڵام دڵنیا بن هیچی نەگەیشتووە، هەتا دانەیەکیشی زۆر جێگەی مخابنە، وا دیارە ڕەشەبا بردوویەتی.

ئێمە بۆیە شتتان بۆ نانێرین، چونکە دەزانین کە ناگات.... نیازم وایە کە نامەیەکتان بۆ بنووسم، لە کاتی کۆبوونەوەتان بۆ ئەمساڵ، ئەگەر پێتان بگات. زۆر ئارەزوو دەکەم کە ئەو شتانەی بڵاو کراونەتەوە بەهەر وێنەیەک بێت

بەپۆستە بۆمان بنێرن، دوور نییە ئەم جارە پێمان بگات.

جەمالەدین نەبەز ئەوە هەفتەیەکە گەیشتووەتە سویسرا. هەموو خۆشەویستێک ڕێزی بۆتان هەیە و قەدردانی لە هەوڵ و تێکۆشانتان دەکات و لە بیر ناچن. زۆر ڕێزم هەیە بۆ برازای خۆشەویست و دڵسۆزمان هێلگا خان، وە هەروەها بۆ باوکی و بۆ خێزانەکەیشیان.

وردی دەڵێ: وا دوو ساڵە هەر دەڵێ فۆلکلۆرەکەی کابرای ئەڵمانی بۆ دەنێرم، کەچی دیار نییە. نامیلکەیەکی نوێی هەیە، بەم زووانە بۆتان دەنێرێت بەپۆستە.

ڕێزم بۆ مامۆستا عیسمەت هەیە. بۆ هەموو کوردێکی بەئابڕوو.

دڵسۆزی هەمووتان

بەشیر موشیر

بەغدا

٥- ٨- ١٩٦٢

**بۆ لای زۆر خۆشەویستمان کاک کەمال فوئاد**

ڕۆژتان باش

هیوادارم کە هەمیشە شاد و بەختیار بن.

ئەو دیارییەی کە بەناوی هێلگا خانەوە ناردبووتان پێمان گەیشت. زۆر سوپاسم کردن، یەکجار سوپاسی ئەو ژنە بەرزە دەکەم و چاوی ئاریانی بچکۆلەی خنجیلانە ماچ دەکەم، هیوای تەمەن درێژیم بۆی هەیە. ئەو کەسەی نامەکەی هێنا بوو، وتی من نامەی بۆ دەبەم، من نامەم ئامادە کرد، لە سلێمانی هاتەوە و کەچی سەری لێ نەدامەوە. زۆر جێگەی مەخابنە کە لاوەکانمان وەها بن و لەسەر بەڵێنی خۆیان نەڕۆن. ئەگەر یەکێک هات بۆ لاتان نامەکەی پێدا دەنێرم.

هەموو برایان سڵاویان هەیە.

وردی سڵاوتان لێ دەكات.

دڵسۆزی هەمیشەتان
بەشیر موشیر

بەغدا
٦- ١- ١٩٦٧

**بۆ لای لاوی زۆر دڵسۆز و خۆشەویستمان**

**مامۆستا كەمال فوئاد پێشكێشە**

زۆر بەگەرمی هەواڵتان دەپرسین، هیوادارین كەوا هەمیشە شاد و بەختیار بن. كارتە رەنگینەكەتان گەیشت و زۆر زۆر خۆشحاڵ بووین و چاومان روون بووەوە.

برازای خۆشەویستم، ئەگەر هەواڵی ئاو و هەوای خاكی عێراق دەپرسیت، شوكور زۆر زستانێكی خۆشە.

تاكو ئێستا جگە لەو كارتە زیاتر، نە نامە و نەشتی تر نەگەیشتووە پێمان.

زۆر رێزم هەیە بۆ هێلگای دڵسۆز و بەتایبەتی سڵاوی هەموومانی لێ بكە و زۆر سوپاسی دەكەین. نامەكەی كەی دێت؟ چاوی "ئاریان"ی بچكۆلە ماچ دەكەم. هەموو برایان زۆر رێزیان بۆتان هەیە.

تكایە ئەو كتێبەی بەڵێنت داوە بەئەڵمانی لەسەر فۆلكلۆری كوردی بۆمان بنێرە زۆر سوپاست دەكەین.

هیوادارین كە هەر لە پێشكەوتندا بن و ساغ بن بۆمان.

دڵسۆزتان
بەشیر موشیر

شام

٣١- ١٢- ١٩٦٢

**برای بەڕێزم کاک کەمال فوئاد**

رۆژ باش

دوای هەواڵ پرسین، داواکارم هەمیشە بەختیار و سەرکەوتوو بن. کاتی خۆی لێرەوە نامەیەکم بۆ نووسیت و هەندێ دەنگوباسی تێدا بوو، هیوام وایە پێت گەیشتبێ.

من لێرە لە کۆلێژی "حقوق" خۆم ناونووس کردووە. لەم کۆلێژە قوتابی نەبەستراوە بەدەوامەوە. لەبەرئەوە زۆری کاتم لە بەغدا دەبەمە سەر و تەنیا بۆ تاقیکردنەوە دێم بۆ شام. جا من پێرێ لە بەغداوە هاتم بۆ ئێرە و دوای چەند رۆژێکی تر دەگەڕێمەوە بەغداد.

نوێترین دەنگوباس:

لەم رۆژانەدا پێنج ئەفسەری کورد خۆیان دایە پاڵ پێشمەرگە و بەیانێکی جوانیان دەرکرد و بڵاویان کردەوە. ئەفسەرەکان هەموویان "ملازم"ن و پار دەرچوون لە "کولییەی حەربییە" و ئەمانەن:

١- حەسەن بارزانی

٢- نەوزاد ساڵح خۆشناو

٣- نەوشیروان رەشید مەستی

٤- فازڵ تاڵەبانی

٥- م. خانەقینی «ناوەکەیم لە بیر نەماوە»

جگە لەمەیش:

بەجۆرێکی گشتی پێشمەرگە لە هەموو ناوچەیەکی کوردستاندا، لە شارەکانی موسڵ، هەولێر، کەرکووک و سلێمانیدا، جگە لە ناوەندی لیوا و ناوەندی هەندێک لە قەزاکان، بەسەر هەموو شوێنێکدا دەسەڵاتدارن و خۆیان

حوکمی تێدا دەکەن. لەم ماوەیەدا گەلێ شەڕی گەورە گەورە رووی دا، لە ئەنجامی هەموویاندا پێشمەرگە سەرکەوت. درێژەی ئەو شەڕ و دەنگوباسانە، هەموو بەوردی و بەژمارە و بەمێژووەوە گەیشتە دەست نەتەوەپەروەران لە ئەوروپا. جا تۆ ئێستا "نەبەز" نزیکە لاتەوە، هەوڵ بدە بەهۆی ئەوەوە وەریان بگریت. هەروەها هەموو دەنگوباسێکی پاشەڕۆژ.

ئەو کارتەی ناردبووت بۆ مامۆستای مەزن بەشیر موشیر پێی گەیشت. دەنگوباسی مامۆستا بەشیر ئەوەیە کە لە هەفتەی پێشوودا ژنەکەی مرد و ئێوە خۆش.

هەواڵی کاک سەعدی دەپرسم.

خواتان لەگەڵ و هەر بژین.

برات

کامیل ژیر

تێبینی:

تکایە جاروبار بەهۆی مامۆستا بەشیرەوە نامەمان بۆ بنووسە و ئاگەدارمان بکە لە گەیشتنی نامەکانمان.

هەر نامەیەکیشت بۆ من نووسی، ناوەکەی خۆت تەنیا فوئاد بنووسە، ئیتر من لێی تێ دەگەم.

# هەڵبەست و پەخشانەکانی ئوستاد

## شکایەت

خـوایە تاکـەی ئەم کوردە بـێ سـەر و گـرفـتـار
ســەر ســەرە مــاڵ لێ تێکچــوو و بێ قــەرار
خــوا کــەعــبــە بە مـن چی کــە چـوار دیوارە
کەعبەی مـوشیری دیدەنی بـەیداخی کوردەوارە
خـوا یەک رەنگ و دوو رەنگ لە یـەک جیـاکـەی
یەک رەنگ ئاوێتــەی گــوڵەکــەی بـەها کــەی
دوو رەنگ شــەرمــەزار هـەردوو دنیــا کــەی
ویســتی "بەشـیـر" خـوا زوو جـا بە جـا کـەی

بەشیر موشیر
"جەرگسووتاو"

سەرچاوە: رۆژنامەی زاری کرمانجی ، ژمارە(٥) ١١ی تشرینی دووەمی ١٩٢٨

## شیعرێکی ئەسیری بۆ بەشیر موشیر

شـاعـیـرێکمـان لێ پەیا بـوو، تازە، مـیللەت! مـژدەیە
بولبـولی بـاغی گـوڵە، شـمـقـاڕی کـێـو و هـەردەیە

چاوی پیـاوانی گـەلت ڕوون کـرد، دڵان خـۆشـە بـە تۆ
ئەی (بەشیر)ی خۆش خەبەر! ئەم مژدەیە خۆش مژدەیە

مـاوەت و تاقـە بە دەست دەبڕێ، زمـانیـشت غـەزەل
بیـریشی هـەر وایە وەسـتـا، مـەردی کـار و کـردەیە

کارکـەر و زانا کە تووشی دەردی گـەل بن چەند خـۆشـە
کارکەریشمـان خوا شوکور بێ، موبتـەلای ئەم دەردەیە

ئەی ئەسـیری دەم بە دەم شـاعیـر لە میللەت زیاد دەبێ
حـاجی عـەبدولقـادری کـۆیی بەڵام، سـەرکـردەیە.

## شیعرێکی کامیل ژیر بۆ بەشیر

گـەلێ ئازادی لە یـاد و بیـر بێ
خـاوەنی ڕۆڵەی وەکـو بەشـیـر بێ

بەشیر موشیر بێ و کامڵ و ژیر بێ
بۆ کوردستانی قەڵغانی شیر بێ

ئـەو گـەلـە دەبێ بگا بـە ئـاوات
سەربەخۆ هەڵکا بەیداخی وڵات

## دەردی دەروون

م. بەشیر موشیر

لەشکری خەم بەتاو هێرشم بۆ دەهێنێ، شادی و خۆشی ماڵئاواییان لێ کردم، هێز و توانام وا کەمە کەمە بەرەو نەمان دەڕۆن. سامان و ماڵی پڕ نرخم هەر شین و شیوەنە. دەردی پیری حاڵی شێواومی پەشێوتر کردووە. هەرچەندە بیر دەکەمەوە لای یەزدانی تاک و پاک نەبێ چ پەنایەکی ترم نییە.

ئەژنۆم سست و هێزی لەشم بەرەو رمان دەڕوات. لە چنگ نەخۆشی شەکر و ئازارەکەی توانا و خۆڕاگرتن لە دەست چوو. بەڵام من هەرگیز نارمێم، گوڵی هیوا و ئاواتم ناژاکێ، چونکە لە دوورەوە، لەسەر کێوە بەرزەکان، رووناکی دوارۆژێکی پرشنگدار دەبینم، دڵم پێی دەگەشێتەوە.

بەدەست نەخۆشی زەلیل بووم و دیل
شەمەنیخەم بوو لەگەڵ ئیزرائیل
ئەو دەیگوت: "بەشیر" پیری و ناتەوان
بەس ماندووی رۆژ و کۆکینی شەوان
با نەجاتت دەم لە دەست هەژاری
دەردی نەداری مەرگە تیماری
وتم نامەوێ مەرگی بەهاسان
دەمەوێ بمرم وەکو پیاوخاسان
لە ژێر نەزانی وەتەن پێ خوستە
بۆ رزگاربوونی هەوڵی پێویستە
دەمەوێ بمرم لە رووی مەیدانا
خۆم پێشمەرگە بم لە کوردستانا
داخی غەریبی بەس لە دڵم بێ
با خاکەکەی خۆم ئاو و گڵم بێ

وەتـەن بەخـــۆشی گـــەر ببـــینمـــەوە
ئیـــتـــر هـەر دەژیم قـــەت نامـــرمـــەوە

سەرچاوە: گۆڤاری "هەتاو" ژمارە ١٥ی ساڵی ١٩٥٥

## لالۆ کەریم و ئەدەبی کوردی

بەغدا- مامۆستا بەشیر موشیر

ئەمساڵ نامیلکەیەکی کورتم خوێندەوە بە ناوی لالۆ کەریم کە بەشێوەی چیرۆکێکی رووداو لە لایەن مامۆستا جەمال تۆفیق نەبەزەوە نووسراوە. لام وایە هەر کەسێک کە بیەوێ شێوەی زمانی کوردی و رەوشت و خووی میللەتەکەی فێر بێ، بێگومان ئەو نامیلکەیە دەخوێنێتەوە. هەر کەسێک تا ئێستا هەر کتێبێکی دانابێت، زۆر کەس رەخنەی لێ گرتووە و قسەی گەلێک لەسەر کراوە. بەڵام لالۆ کەریم تا ئێستا لە کەسم نەبیستووە کەوا رەخنەیەکی بچووکیشی لێ بگرێت. چونکە شێوەی زمانی کوردی زۆر چاک پیشان دەدا و چیرۆکێکە رووداوەکەی راستەقینەیە و گەلێ شتی وەها لە ناو گەلێکی دواکەوتووی وەکو کورد دا روو دەدا. وەنەبێ هەر کەسێ چەند زمانێکی بێگانانی زانی لە ئەدەب و زمانی کوردی بگات. کەسێک بیەوێت کە لە زمانی کوردیدا شارەزا بێ، پێویستە شێوەی قسەکردنی هەموو ناوچەکانی کوردستان فێر بێ، وەکو: جاف، هەورامی، لور، کەلهور، شوان، بادینان، جەزیرە و بۆتان و... تاد. ئەو کاتە دەتوانێ خزمەتی زمانی کوردی بکات و بەزانا بزاندرێ. بەراستی مامۆستا نەبەز زۆر لەم بارەوە لەو چیرۆکەدا سەرکەوتووە. لە کانگای دڵەوە سوپاسی دەکەین و ئاواتەخوازی سەرکەوتنی وین. لەبەرئەوەی کە زمان نەبێ، سەر نابێ. ئەو نەبێ، لەش نابێ. ئەویش نەبێ، نەتەوە نابێ. پێویستە بەهەموو لایەک زمانە پیرۆزەکەمان وە پێش بخەین.

سەرچاوە: گۆڤاری "هەتاو" ژمارە ٨٧ ساڵی ٣ یەک شەممە "رێبەندان" ١٠- ٢- ١٩٥٧ ( ٢٥٦٩ کوردی)

## لە چوارینەکانی بەشیر موشیر(*)

لە ٣٠ ی مانگی تەمموز (جولای)دا چوار ساڵ تێ دەپەڕێ بەسەر کۆچی دوایی مامۆستای هەموو لایەکدا "بەشیر موشیر". لەو کاتەوە هیچ نووسینێکی بڵاو نەکراوەتەوە. لەبەرئەوەی تا ئێستا هیچ رۆژنامە و گۆڤارێکی کوردی دەرنەچووە کە وتار و شیعری مامۆستا بەشیری تێدا نەبێت، بەپێویستم زانی ئەم چوارینانە کە تا ئێستا بڵاو نەکراونەتەوە بنێرم بۆ گۆڤاری "پرشنگ"، هیوام وایە بڵاوی بکەنەوە. ئەگەر بەدڵی خوێنەرانی بەڕێز بوو، ئەوە کاتی بڵاوکردنەوەیان هێشتا هەیە، چونکە ئەگەرچی چوار ساڵە مامۆستا بەشیر کۆچی دوایی کردووە، بەڵام گیانی پاکی هەر زیندووە.

(ک. ج. ک.)

مامۆستا بەشیر دەڵێ: رۆژێک لە ژمارەیەکی گۆڤاری گەلاوێژدا کە لە بیرم چووەتەوە چ ژمارەیەک بوو، شیعری شاعیرێکم خوێندەوە کە نازانم کێ بوو، لاسایی خەیامی کردبووەوە، بەدڵم نەبوو! وا من ئەم دێرانە دەنووسم، هیوام ئەوەیە کە لەمەودوا شاعیرەکانمان لەسەر ئەم رێوشوێنە بڕۆن.

هەردووکیان یەکن فنجان و پەرداخ
بۆ مەی بێت یاخود گوڵاوی ناو باخ
کە پێی رژایە ناو هەستەوە مەی
لە کوورەی داخا دەتوێتەوە ئاخ

لە هەموو باغێک گوڵ هەر بە رەنگە
هەست بزوێنەرە گەرچی بێ دەنگە

(*) گۆڤاری پرشنگ، گۆڤاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد- ئەوروپا، ژمارە ٢ ئاب "ئاوگوستۆس"ی ١٩٦٧

ســـەیری ئەو گــوڵەی وا لـەو باغــەدا
بۆتـە مــیــوانی ئەو گـۆمــە مــەنگە

کــتــێــبــێک بەدەست منداڵێکەوە
پێنووسیش بە دەست کـەرپیـاوێکەوە
وەکـــــو نـانێکە لـە تینی گـــــڕدا
رەش دابگیـرسـێت بەسـەر سـاجـەوە

عــەقڵ لە ســـەردا گــەر رێگەی نەدرێ
یا ئینســان بـێ سـوود بە پیـری بمرێ
وەکــو پارەیە بیـخــەیتــە ســـەر یەک
بیـــشــــاریتـــەوە تا ژەنگ دای بگرێ

مردن یەک جارە، یەک جار خۆ دەمرین
باشـــــتـــــر ئەوەیـە بـە باشـی بمرین
کـە ژین نـاخـۆش بوو لە ژینی نەکـرد
گــۆڕێک هـەڵکەنـین تا تـیـا بســرەوین

کـــە رەشـــەبا هـات ناوەســـتێ هـەوا
دەیفــڕێنێ و دەیبــا کــراس یا کــەوا
کـە رۆژ تـەواو بوو جــێگامـــان نیــیــە
خـــۆ تـەفـــــرەدانـە خــــواردنـی دەوا

کـە ژینمـــان هاتە ســـەر بـەندیخـــانە
هــەڵاتـوو بـژین بــێ جــێ و بــێ لانــە
بـێ وچان بـڕۆین لـە رێـی خـــــەباتا
تا رزگـــاری کــەین ئەم نیــشــتــمـــانە

تێ ناگەم سمێڵ بۆچی دروست بوو
هیچ سوودی نییە سمێڵ و کەپوو
هەناسە دەدەین لە دەممانەوە
زۆر شت بێ کەڵکە کەچی بۆتە خوو

لە ناو ئاوێنە رووی خۆم دەبینم
لە شووشە، لە ئاو رووی خۆم دەبینم
تا لە ئاسمانا من خۆم دەبینم
تەنیا لە خۆم دا من خۆم نابینم

## من و شاعیرەکان(*)

بە پێنووسی بەشیر موشیر

ئۆف لە شاعیر! کورە خۆ دەڵێی شارە زەردەواڵەن، وا لەم خەڵکە ورووژاون. دەتوانم بڵێم وەختە ژمارەی "کۆلکە" شاعیر لە ژمارەی خوێنەری شیعر تێپەڕ بکات. تۆ تەماشا بکە، هەرچی دەستی قەڵەمی گرت شاعیرە!.

ئەرێ باوکم شیعر بوو بە چی؟ نانە؟ ئاوە؟ چییە؟ بەڵێ راستە "هەموو شت بە خوێ "بەڵام "خوێیش بەمانا". هەموو گەلێک پێویستی بەشاعیر هەیە، بەڵام نەک بەم رادەیە.

سەیر ئەوەیە کابرایەک رۆژێک هات، یەخەی منیشی گرت، وتی: تۆ شاعیریت؟ بڕوا بکەن دەستبەجێ نەخۆش کەوتم. چونکە وەک عەجەم دەڵێ: "من و شیعر کوجا مەرحەبا". من چۆن دەتوانم بەخۆم بڵێم شاعیر؟ لە کاتێکدا کە نەمتوانیوە تا ئێستا دیوانێکی وەکو دیوانەکەی شاعیری مەزن "حاجی قادری کۆیی" بنووسم؟.

---

(*) رۆژی نوێ، ژمارە ٦ ساڵی ١، ئەیلول "سەپتەمبەر"ی ١٩٦٠

من ئەگەر جاروبار پارچە هەڵبەستێکم وتبێ، بۆ ئەوەم نەوتووە پێم بڵێن شاعیر. بەڵکو تەنیا دووریم لە خاکی نیشتمان، لە کوردستانی نازدار، وای لێم کردووە کە جۆشی کوورەی دڵم تین بداتە هەست و هۆشم و بەدەربڕینی چەند وشـــــەیەکی هۆنراوە و رازاوە تۆزێ ئارام بدەم بەدڵ و دەروونی هەڵقرچاوم. بڕوانن:

هەرچەند کـــە دەری نەهاتیی نەردم

چاوم لە شنەی "ئالآ"یە تا رۆژی مەرگم

من لە بارەی شیعر و شاعیرەوە، لە کاتی خۆیدا دوو وتارم لە رۆژنامەی "پێشکەوتن"دا بلاو کردەوە. لەو وتارانەدا پێشانم دا کە شیعر و شاعیر دەبێ چۆن بن. لەبەرئەوە لێرەدا زۆری لەســـەر ناڕۆم، تەنیا ئەوەندە دەڵێم: ئەی خوێندەوارە خۆشەویستەکانی نەتەوەی کورد، زیاتر گوێ بدەنە نووسین، نووسینی سیاسی، زانستی و ئەدەبی، نەک هەر شیعر و شیعر. چونکە بەنووسین زۆر شت زیاتر رۆشن دەکرێتەوەو کەڵکی دەبێ بۆ نەتەوەکەمان. دڵنیایش بن بۆ شیعریش پەکمان ناکەوێت، خۆ ئەوە شاعیرەکانی پێشوومان گەنجینەیەکی پڕ لە سامانیان بۆ بەجێ هێشتووین. بڕوا بکەن شیعرەکانی "مەولەوی، خانی، کۆیی، بێکەس و... تاد" هەر لە ژمارە نایەن و نرخیان تەواو نابێت. بۆ ئەمڕۆیش چەند شاعیرێکی هەڵکەوتوومان هەن، وەک "گۆران، هەژار، کامەران، ژیر و یەک دووانێکی تر". ئیتر ئەمانە بەسن بۆ ئەمڕۆمان و بۆ شیعر وتن. با ئەدیبەکانی ترمان خەریکی نووسینی ئەدەبی بن و نووسەرەکانمان خەریکی نووسینی سیاسی، کۆمەلایەتی و زانستی بن.

من وەکو لە سەرەوە وتم شاعیر نیم و تەنیا دووریم لە کوردستانی نازدار و جوان وام لێ دەکات کە جاروبار شیعر بڵێم. من شاعیر نیم، هەرچەندە لەم بەینەدا کیژۆڵەیەکی ئەڵمانی کە تەمەنی (٢١) ساڵە، پارچە هەڵبەستێکی منی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئەڵمانی، لە رۆژنامەیەکی شاری "بەرلین"دا بلاوی کردووەتەوە و لەگەڵ وەرگێڕانی هەڵبەستەکەیشدا دەڵێ: «یەکەم جار کە چاوم بەم هەڵبەستە کەوت، وام زانی کە هی شاعیرێکی بەرزی ئەڵمانییە، کەچی

پاشان بۆم دەرکەوت کە هی شاعیرێکی کوردە و ناوی بەشیر موشیرە و ئێستا لە بەغا دادەنیشێت». هەڵبەستەکەیش ئەمەیە:

| | |
|---|---|
| مەیل دیسان مەیل | دڵ پڕە لە مەیل |
| دڵ کەیلە لە غەم | لەبەر مەیلی لەیل |
| لەیلی من وەتەن | منم مەجنوونی |
| هەردوو لا تووش بووین | کزی و زەبوونی |
| هەرگیز لانەچوو | مەیل لە ناو دڵ |
| وەتەن وەتنمە | بشچمە ژێر گڵ |
| تا دایکی وەتەن | دیل و یەخسیرە |
| دڵ پەست و غەمبار | بەشیر موشیرە |

ئیتر، جارێکی دیکەیش تکا لە خوێندەوارانی کوردی خۆشەویست دەکەمەوە، کە تا دەتوانن خەریکی نووسین بن و خۆیان لە "کۆلکە" شیعر دوور بخەنەوە. من ئامۆگاری نووسەرەکان دەکەم کە بۆ نووسین، نووسینی بەرز و نایاب، پەیڕەوی نووسینە بەرز و بەنرخەکانی (جەمال نەبەز) بکەن. وە هەر لەو رووەوە بنووسن کە ئەو دەنووسێت. ئیتر هەر بژین و خۆش بن لە پێناوی کورد و کوردستاندا.

## کورد لە جیهاندا

بەپێنووسی: بەشیر موشیر

هەندێ کەس کە لە مێژوو و جوگرافیای کوردستان پیتێک نازانن و ئاگەداری گیروگرفتی مەسەلەی کورد نین، تا ئێستا بەئێمە باوەڕ ناکەن کە کورد لە گێتیدا بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ١٥ بۆ ٢٥ ملیۆن دەبێت. ئەوانەی سەرتاسەری کوردستان گەڕاون، لە ئێران، بە دە ملیۆنی دەدەنە قەڵەم. لە تورکیا حەوت ملیۆن، لە عێراق سێ ملیۆن و لە یەکێتی سۆڤییەت(*) ٥٠٠

(*) (سۆڤیەتی ئەو دەمە).

هەزار و لە سوریایش هەروەها. لە ئەفگانستان و هندیش بەملیۆن و نیوێک دەدرێنە قەڵەم.

بەڵام داخەکەم لە لایەن حکومەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، لە هەموو هەرێمێک بەکەمینە ناو دەبرێین. ئێمە کە لێرە کۆبووینەتەوە و هەموومان کوردین، دەزانین کەوا کورد مافی ژیانی هەیە. دەبێ بەرانبەر ئەو پڕوپاگەندانە بوەستینەوە و بەربەرەکانێیەکی سەختی لەگەڵ بکەین. کورد دەبێ مافی تەتەوایەتی داوا بکات، چونکە کاتێ کورد دەوڵەتی بەڕێوەبردنی زانیوە، ئەو گەلانە هێشتا لە قۆناغی جەنگەڵدا دەژیان.

دەوڵەتی میدیا، ساسان و دەوڵەتی کلدان، ئاشوور، ئەشکاین و حورییەکان سەرپاکی کورد بوون. بەڵام سیاسەتی ئیستیعمارییەکان ئەو شتانەیان خستبووە ژێر پێوە.

جا ئێمە بەهۆی دامەزراندنی حکوومەتی کۆماری عێراقەوە ئەم وتارەمان پێشکێش کردن، کەوا لە رادیۆی کۆماری میسر خوێندراوەتەوە لە قاهیرە. هیوادارم کە کۆماری عێراقیش هەوڵی ئەوە بدا کەوا زمانی کوردی، مێژوو، جوگرافیا و ئەدەبی کوردی لە قوتابخانەکاندا بخوێندرێت. ئیتر بژی برایەتی کورد و عەرەب بۆ رزگاری هەردوو لامان.

لە کۆتاییی وتارەکەمدا دەڵێم: کورد هەر کوردە و تا دوا دڵۆپی خوێنی هەر کورد دەبێت. وە چاوی لە خاکی کەس نییە. هێز نییە لە رووی زەویش کە بتوانێ سەریان پێ شۆڕ بکات، وەکو شاعیرێک دەڵێ:

ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان
نایشکێنێ دانەیی تۆپی زەمان
کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە
زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان

## کچە ئەڵمانییەک هەستی خۆی دەردەبڕێ

"بۆ مامۆستا بەشیر موشیر"

بۆ کاکی بەڕێز مامۆستا بەشیر موشیر

لە یەکێ لە رۆژنامەکانی ئەڵمانیادا هۆنراوەکەتم خوێندەوە کە وەرگێڕدرابوو بۆ ئەڵمانی. وام هەست دەکرد کە هۆنراوەی خۆشەویستیی شاعیری مەزنی ئەڵمانی دەخوێنمەوە، «هاینریش هاینە».

نیشتمانێکی جوانم هەبوو
درەختی بەڕووی بەرزی تیا روابوو
گوڵەکان دەشەکینەوە
خەوێکی خۆش بوو
بەئەڵمانی ماچی دەکردم و
بەئەڵمانی قسەی دەکرد
شتێکی ستەم بوو
چەند خۆشە دەنگێ
کە بڵێت
بەڵێ خۆشم دەوێیت
خەوێکی خۆش بوو

پاش ئەمە من لەسەر راستی نیم؟ ئەم شاعیرە، شاعیرێکی بەرز نییە؟

پاش ئەوەی ناوم زانیت و زانیم کە لە عێراق دەژیت، زۆر سەرسام مام، وەکو لە قوتابییە کوردەکانم بیست سەرۆکی کوردیت.

پێش ماوەیەک لە ئێستگەی بەغدا ناوی تۆمان بیست، قوتابییە کوردەکان زۆریان پێ خۆش بوو.

من لە تەمەنی ٢١ ساڵەدام وە لە ئەڵمانیای دیموکراسی دەژیم. لە یەکێ لە رۆژنامەکاندا کار دەکەم. تکایە هەندێ لە هۆنراوەکانت بنێرە بۆت بڵاو

بکەینەوە لەگەڵ دەنگوباسی کۆماری عێراق. لە نامەی دووەمدا باسی ئەڵمانیات هەموو بۆ دەنووسم. ئەگەر بەئەڵمانی نامەت بۆ نانووسرێت، بێ وەستان بەئینگلیزی بینووسە.

لە دوا کاتدا خۆشیت پێویستە

هێلگا هینیگ

سەرچاوە: رۆژنامەی برِوا، لاپەرِە ٤، ژمارە ٧ رۆژی ١٠ – ٩– ١٩٦٠

**برۆ**

بالّی کێشاوە بەسەر دوو چاوا    لە دوو لاوە برۆ
وەک چــزوو دەسڵەمێنێ    لە دوو لاوە برۆ
وەک تیــر و کەوان چەماوە    لە دوو لاوە برۆ
پەرژینی هــەردوو چــاوە    لە دوو لاوە برۆ
شــیری هەڵــکێشــاوە    لە دوو لاوە برۆ
دەردەدارە بەشــیر ئیــمرۆ    تیری لێ داوە برۆ

نەورۆز

ئەی کورد نەورۆز هات    جێــژنی ئــازادی
یــادی کــاوەیە و    کــوشــتنی بێ دادی
ئاشــتی و برایــەتی    باڵــی کــێــشــاوە
کەچی کورد هێشتا    لە خــەودا ماوە
دەســا بەرزی کــە    چــرای پێــشکەوتن
بجــمێ مــەردانە    بەرەو ســەرکــەوتن

## شکایەت

خوایە تاکەی ئەم کوردە بێ سەر و گرفتار
و سەر سەرە ماڵ لێ تێکچوو و بێ قەرار

خوا کەعبە بە من چی کە چوار دیوارە
کعبەی موشیری دیدەنی بەیداخی کوردەوارە

خوا یەک رەنگ و دوو رەنگ لە یەک جیاکەی
یەک رەنگ ئاوێتەی گوڵەکەی بەها کەی

دوو رەنگ شەرمەزار هەردوو دنیا کەی
ویستی "بەشیر" خوا زوو جا بەجا کەی

# کۆمەڵێ وتار سەبارەت بە ئوستاد بەشیر

## لە یادی سەد ساڵەی رۆژنامەوانی کوردیدا

## گۆڤاری هیوا و بەشیر موشیر(*)

کامیل ژیر

لەم یادە پیرۆزەدا بەدوای ناوی سەرکاروانی رۆژنامەنووسی کوردی، میقداد مەدحەت بەدرخاندا، ناوی پاڵنەری رۆژنامەنووسی کوردی، بەشیر موشیر نەوترێت.

بەدرخان لە قاهیرەوە کاروانەکەی خستە رێ و لە جنێڤ لای دا و گەڕایەوە قاهیرە و ئینجا بۆ لەندەن و لەوێوە بۆ فۆلکستۆن و دوا قۆناغی گەشتەکەی جارێکی تر شاری جنێڤ بوو.

بەشیر موشیر لە بەغدا، سی ساڵێک دوای بەدرخان، گوڕ و تاوێکی تری دایەوە بەوشەی کوردی و بەنامەخانەی کوردی و بەرۆژنامەی کوردی. سەرەتا ساڵی ١٩٣١ نامیلکەیەکی بەچاپ گەیاند بەناوی "سیپارەی هەقپەرستی"یەوە. لە هەمان کاتدا دووکانەکەی کردە یانەیەکی رۆشنبیری کوردی بۆ زانایان، مێژوونووسان، نووسەران، رۆژنامەوانان و سیاسەتوانانی کورد. ئەم دووکانە لە بەغدا، تاکە نامەخانەیەک بوو بۆ فرۆشتنی رۆژنامە، گۆڤار و کتێبی کوردی بەئاشکرا. بە نهێنیش لەم دووکانەدا وتووێژ و پلانی سیاسی ئەنجام دەدرا.

---

(*) وتارەکەی بەڕێز کامیل ژیر زۆر لەمە درێژترە، بەڵام ئەو بەشانەی تری کە پێوەندییان بەمامۆستا بەشیرەوە نەبوو، نەمانووسییەوە. هەرچەندە هەر شتێک بەکوردی و لەسەر کورد بنووسرێت بەجۆرێک لە جۆرەکان هەر دەچێتەوە سەر مامۆستا بەشیر و بیری هەمیشە درەوشاوەی وی.

له مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، بەدوای کوردستانەکەی بەدرخاندا، گەلێ ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی دەبیندرێن. بەڵام لە ڕووی قەوارە، بەردەوامبوون، تەمەن درێژی، بایەخی مێژوویی و ئەدەبییەوە، ئەگەر گۆڤاری گەلاوێژ بایەخێکی تایبەتی هەبێ، ئەوا گۆڤاری هیوایش چراوگی گەشی ڕۆژگاری خۆیەتی. ئەم گۆڤارە ئۆرگانی یانەی سەرکەوتن بوو لە بەغدا، کە مامۆستا بەشیر موشیر یەکێک بوو لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر و دەستەی بەڕێوەبەری ئەو یانەیە. ئەگەرچی لە ڕۆژگاری دەرچوونی گۆڤارەکەدا ئەو لەو دەستەیەدا نەما بوو، بەڵام لە یانە ڕۆشنبیرییە خنجیلانەکەی خۆیەوە، هەر پاڵنەر و هاندەر بوو بۆ گۆڤاری هیوا و تێکڕا چاپەمەنی کوردی و بزووتنەوەی کوردایەتی و ڕۆژنامەنووسی کوردی.

دەبێ ئەوەمان لە یاد نەچێ کە جێگە دەستی مامۆستا بەشیر موشیر هەمیشە بەنووسینەکانمانەوە دیار بوو، ئەو بەردەوام لە یانە ڕۆشنبیرییەکەی خۆی سرووشی دەداینێ کە هەمیشە ڕێگەی کوردایەتی بگرین. هەر دووکانەکەی ئەویش بوو کە کردبوومان بەبڵاوکردنەوەی گۆڤاری هیوا و لە ڕێگەی ئەوەوە گەلێ نووسینمان بۆ دەهات.

گەلێ ئازادیی لە یاد و بیر بێ
خاوەنی ڕۆڵەی وەکو بەشیر بێ
بەشیر موشیر بێ و کامڵ و ژیر بێ
بۆ کوردستانی قەڵغانی شیر بێ
ئەو گەلە دەبێ بگا بەئاوات
سەربەخۆ هەڵکا بەیداخی وڵات

ئەمە دەقی ئەو هەڵبەستەیە کە بۆ مامۆستا بەشیرم وتبوو، جا ئاخۆ دەبێ ئەم زاتە کێ بێ؟

لە مێژوودا زۆر کەسی ناودار هەڵکەوتووە و ناوبانگی پەیدا کردووە: بلیمەت، ئازا، ئەدیب، هونەرمەند، بەخشندە، داهێنەر، شۆڕشگێڕ، یاخی،

زۆردار، خوێنڕێژ و... تاد.

ئەم ناودارانە ژمارەیان زۆرە و هەر یەک لە مەیدانی خۆی ئیمپراتۆرێک بووە و بۆ هەر یەکەیان هەزاران لاپەڕە رەش کراونەتەوە. بەڵام ژمارەی ناودارەکانی ئیمپراتۆری خەیاڵ، لە پەنجەکانی دەست کەمترە و کەمیشیان لەسەر نووسراوە، دەگونجێ زۆریشیان پشتگوێ خرابن و لە بیر چووبنەوە.

دۆنکیشۆتی رۆژئاوایی، یەکەم نموونەی ئەم جۆرە ناودارانەیە. بەشیر موشیری کوردیش دووهەم نموونەیە کە فەیلەسووفی مەیدانی بەهرەی خۆیەتی.

با بزانین بنچینەی فەلسەفەی بەشیر چییە؟

بنچینەی فەلسەفەی بەشیر ئەوەیە کە دوو سیفەتی بەدیمەن پێچەوانە لەودا گونجاون و لکاون بەیەکەوە. بەشیر ئەو کەسەیە کە لە ژیانیدا درۆی نەکردووە، قسەی راستیشی نەبووە! چۆن؟

بەشیر سیفەتێکی تایبەتی هەبوو کە خەیاڵ و خەوی لێ دەبوو بەڕاست، خۆی لە بەسەرهاتی خەڵکی تردا دەبینی، خۆی لێ دەبوو بەپاڵەوانی داستانە جەنگییەکان. ئەگەر شەو لە خەویدا، بۆ نموونە: زانایەکی فەرەنسی بهاتایە بۆ لای و پرسیارێکی لێ بکردایە، ئەو بۆ رۆژی دوایی لێی دەبوو بەڕاست و وای دەزانی کە چەند مانگێک یان چەند ساڵێک لەوەوبەر بەڕاستی زانایەکی فەرەنسی هاتووە بۆ لای و داوای یارمەتی و زانیاری لێ کردووە، ئەمیش کورتی نەکردووە، زۆر یارمەتی داوە، فێری کردووە و لە رووناکی زانستی خۆی بێ بەشی نەکردووە. ئەگەر بەخەیاڵ وێنەی پەریزادێکی ناوداری هاتبێتە پێش چاو و لەگەڵ زەردەخەنەی لێوەکانیدا دڵی ئەمیش لێی دابێ، ئەمە بەس بوو بۆ ئەوەی لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا خۆی بەکوڕێکی چواردە ساڵ بزانێت، خێرا تەراشێکی بۆ بکات و جلەکانی بنێرێت بۆ هەڵم و سدارە نوێیەکەی لەسەر بکات. کە باسی لاوێکی قۆز دەکرا، ئەو گورج خۆی بۆ قیت دەکردەوە و دەیپرسی، ئەی من چۆنم؟ کە باسی پاڵەوانیەتی سەربازی دەکرا، ئەو خۆی لەو باسەدا دەدی و دەگەڕایەوە بۆ زەمانی عوسمانییەکان کاتێ لە سوپادا

بووه. «وەک خۆی دەیگوت زابت قوماندان بووم»، بەسەرهاتێکی سەیر و ترسناکی خۆی دەگێڕایەوە کە لە فلان جەنگدا بلیمەتی و پاڵەوانیەتی تێدا نواندووە و تێدا سەرکەوتوو بووە. کە باسی سەرۆک و پێشەوای وڵاتێک دەکرا، ئەو وەک سەرۆک و پێشەوای کورد قسەی دەکرد و دەیوت منیش وام کرد و وا دەکەم. بۆ نمونە، جارێک وتیان شاندێکی کورد هاتوون بۆ لای عەبدولکەریم قاسم، وتی راست نییە، ئەگەر وا بوایە لە پێشدا دەهاتن بۆ لای من. بەم جۆرە کەسێتی دووەمی بەجۆرێک بەسەریدا زاڵ بوو، کە خۆی لە پێشەوەی گەلێ بەهرە و بلیمەتیدا دەبینی. وە نەبێ ئەمەیش خۆهەڵکێشان بووبێ، وەک هەندێک درۆزن و خۆهەڵکێش، بەڵکو هەر تەواو بەڕاستی بوو و وای دەزانی وایە. لەمەوە ژیانی بەشیر موشیر بریتییە لە ژیانێکی پڕ لە کۆمیدیا.

بۆ کەسێک کە تێی گەیشتبێ، کۆڕ و دانیشتنی بەشیر موشیر زۆر خۆش بوو. ناودار، ئەدیب و هەستیارە کوردەکان و هەندێک لە قوتابیانی زانکۆی بەغدا و خەڵکی تریش زۆر کات لە دەوروپشتی بوون و کاتی بێ کارییان لای ئەو بەسەر دەبرد. دووکانەکەی وەک یانەی رۆشنبیری کوردی لێ هاتبوو. ئەوانەی بەزۆری دەچوونە لای، بەپێی پیتی ئەبجەدی:

ئیبراهیم ئەحمەد، ئیحسان فوئاد، ئەمین زەکی بەگ، ئەنوەر سائیب، پاکیزە رەفیق حیلمی، جەمال عارف، جەمال نەبەز، جەمیل رۆژبەیانی، حوسێن حوزنی موکریانی، یوسف میران، کاکە زیاد، کامیل ژیر، کەمال فوئاد، کەمال میرزا کەریم، گیو موکریانی، مام جەلال تاڵەبانی، محەمەد ئەحمەد قادر، محەمەد مەلا کەریم، محەمەد نوری عارف، محەمەد عەلی کوردی، محەمەد ساڵح محەمەد، محەمەد خاڵ، مەحموود جەودەت، مەحموود زامدار، مەعروف جیاووک، مارف خەزنەدار، مستەفا سلێمان، ناجی عەباس، نەسرین فەخری، نەجمەدین عەونی، عەبدولرەحمان نورجان، عەلی تۆفیق، عیزەدین مستەفا رەسول، شەماڵ سائیب، شەمسەدین موفتی، عەلادین سوجادی، رەفیق چالاک، رەفیق حیلمی، تۆفیق وەهبی، تۆفیق وردی و

گەلێکی تر. بەشیر هەموو ئەمانەی بەقوتابی خۆی دەزانی. زۆربەی ئەو بەڕێزانەیش سوارچاکی مەیدانی ڕۆژنامەنووسی کوردی بوون.

دانیشتن لەگەڵ بەشیر ئاسان نەبوو، زانینی دەویست. دەبوو وەک گەورەی هەموو کورد، فەیلەسووف، ئەدیب، هەستیار، زانا، جوان، قۆز، هەڵکەوتوو تەماشات بکردایە. هەرچی دەوت چونکە بەلای خۆیەوە راست بوو، دەبوو بەلای تۆیشەوە راست بوایە. ئەوەی نەریتی مەجلیسی ئەوی نەزانیبا، تووش دەبوو و خۆی بەدەرکردن دەدا. نووسەر و هەستیارەکان گەلێ جار بەناوی ئەوەوە بەرهەمیان بلاو دەکردەوە. کە دەیبیست، کەسایەتی دووەمی پێی دەگوت، راستە ئەوە بەرهەمی تۆیە و فلان کات نووسیوتە. ئیتر ئەویش وەک بیری بکەوێتەوە، دەیگوت، بەڵێ ئەوە دەمێکە نووسیومە، نازانم باشم لە بیر نەماوە، ئادەی بۆم بخوێننەوە. خوا هەڵناگرێ خۆیشی هەندێ جار شتی دەگوت، بەلام بەم جۆرە:

باسێکی بەخەیاڵدا دەهات، دەیگوت، دەمەوێ لەسەر ئەم بابەتە وتارێکی "عەجیب" بنووسم. دەتگوت زۆر باشە، دەیگوت، دە بنووسە، قەڵەم و کاغەزی دەدایە دەستت و خۆی سەرەتایەکی بۆ دادەمەزراندی و دەیگوت، دە ئیتر خۆت لە ماڵەوە بەشێنەیی چاک بینووسە. کەسیش نەیدەتوانی بڵێ نایینووسم، لە ترسی ئەوەی خۆی لە دووکانەکەی بەدەرکردن نەدا. بۆ نموونە جارێک وتی دەمەوێ لەسەر نەوت وتارێکی "عەجیب" بنووسم، منیش گوتم زۆر باشە، گوتی، دە بنووسە، قەڵەم و کاغەزەکەی دامێ. لەو کاتەدا مامۆستا محەمەد ئەحمەد قادر کە ئەوسا قوتابی کۆلێجی پەروەردە، بەشی کیمیا بوو، دانیشتبوو، گوتم مامۆستا ئەم باشی دەنووسێ، خۆی کیمیاگەرە. گوتی، زۆر باشە، دە بنووسە.

کاتی خۆی لە کەرکووک، لە باوەگوڕگوڕ، خەڵک بەپاچ و خاکەناز و سەتڵ نەوتیان لە زەوییەکە دەردەهێنا و دەیانکردە "کونە"وە و بەکەر و ولاخ دەیانبرد بۆ سلێمانی. پاشان "ئیستیعمار" پێی زانی، هات و دەستی بەسەردا گرت. تێی گەیشتیت؟ دە دوایی خۆت بینووسە. کاک محەمەد پاشان وتارێکی

زانستی پڕ زاراوەی زانستانە سەبارەت بەنەوت نووسی. لە ڕۆژنامەی بڕوادا بڵاوی کردەوە. دوای بڵاوکردنەوەی وتارەکە، کاک محەمەد چونکە ئەو کاتە هیشتا باش شارەزای بەشیر نەبووبوو، نەیدەوێرا خۆی پیشانی بدا. دەیگوت، دەترسم بچێ بەگژمدا، چونکە خۆی و خەڵکیش دەزانن کە ئەمە نووسینی ئەو نییە. پێم گوت، مەترسە لەسەر من، پێکەوە چووینە لای، گوتی دەزانن وتارێکی "عەجیب"م لەسەر نەوت نووسیوە؟ دیار بوو بیری چووبووەوە کە داواکەی لە کاک محەمەد کردبوو، گوتمان، نەخێر. بەزەردەخەنەوە دەستی دایە ڕۆژنامەیەک و گوتی، ها بیخوێننەوە. کاک محەمەد دەستی کرد بەخوێندنەوەی وتارەکە و خۆش خۆشیش دەمانگوت، دەستت خۆش بێ، بەڕاستی بەرزە. ئەویش بەزەردەخەنەی ڕەزامەندییەوە بەسەر وەڵامی دەدایەوە.

خوێندکارانی کوردیش لە دەرەوەی وڵات، بەشیرویستەکان، زۆر شتیان بۆ دەنووسی و بەزمانە بێگانەکان بڵاویان دەکردەوە و دانەیەکیشیان بۆ دەنارد. هەندێ جار وێنەی بەشیریشیان لەگەڵدا بڵاو دەکردەوە. ئیتر ئەمیش دوای ئەوەی زمانزانێک بۆی دەخوێندەوە، لێی دەبوو بەڕاست و دەیگوت، من شتی وەها دەنووسم!

لە کۆنگرەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، هەموو ساڵ ناوی بەشیر هۆڵەکەی پڕ دەکرد. قوتابییەکانی خۆی «بەزۆری دوکتۆر ئیحسان فوئاد و دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ» برووسکەیەکیان بەناوی ئەوەوە ڕێک دەخست، دەخوێندرایەوە و دەبوو بەچەپڵە ڕێزان و قاقای پێکەنین. برووسکەکان بەجۆرێک ڕێک دەخران کە پڕ بوون لە قسەی خۆش و پێکەنیناوی. جارێک لە کۆنگرەدا دوو بەرەی سیاسی ناکۆکی بەجۆرێک دەکەوێتە نیوانیانەوە، وردە وردە شەڕ دەست پێ دەکات. زۆر گەورە دەبێتەوە، لەو کاتەدا برووسکەی بەشیر دەگات و دەخوێندرێتەوە، پێکەنین هەموویان سارد دەکاتەوە و کۆنگرەکە دەچێتەوە سەر هێمنی خۆی. خۆیشی جار بەجار بەپۆستەدا نامەی بۆ کۆنگرە دەنارد.

لە ئەوروپا، خوێندکارانی کورد، گەلێ کەسی ئەوروپاییش دەکەنە قوتابی، دڵسۆز، دۆست و سەرسامی بەشیر. من و دوکتۆر جەمال نەبەز، کاتێ لە سویسرا بووین، لە شاری جنێڤ، ئەوەندە باسی بەشیرمان دەکرد، مادام "برۆنزینۆ"ی خاوەن ماڵەکەمان شەیدای بەشیر بووبوو، دەیگوت، ئێستا من بووم بەدەزگیرانی و شووی پێ دەکەم. وێنەیەکی بەشیریشی لە ژوور سەر خۆی، لە ژووری نووستنەکەی هەڵواسیبوو.

لە ئەنسیکلۆپیدیای رووسیدا، لە مۆسکۆ، بەشێک تەرخان دەکرێت بۆ ژیان، تێکۆشان، بەرهەم و مەزنیی بەشیر موشیر، بەڵام بەداخەوە یەکێک لە خوێندکارە کوردەکان، کە ئەوسا ناحەزی بوو، تێکی دەدا و پێیان دەڵێ کە مەسەلەکە وا نییە.

وەرگێڕ و نووسەری نامە ئینگلیزییەکانی بەشیر موشیر، بەزۆری مامۆستا ئەنوەر سائیب بوو. بۆ نامە ئەڵمانییەکانیش دەگەڕاین ئەڵمانی زانێکمان دەدۆزییەوە. هێلگا و لودڤیک دوو ژنی ئەڵمان بوون کە سەرسام بوون بە بەشیر، هەموو جار بەشیریان بۆ ئەڵمانیا بانگهێشت دەکرد بەشیر دەیپرسی، چۆن بچم؟ ئێمەیش رێ و شوێنمان بۆ دادەنا. بەشیریستەکان بەرنامەیەکی باشیان دانابوو بۆ پێشوازی. ئۆتۆمۆبیلێکی "پەیتوکە"(**) سەر کراوەی بۆ ئامادە دەکەن، لەوانەی سەرۆک دەوڵەتان سواری دەبن، دایان نابوو بەشیر بەپێوە بوەستێت و بەشەقامەکانی بەرلیندا بیگێڕن و بەدەستی راستی سڵاو لە خەڵکی ئەڵمان بکات. دیارە کۆمەڵێ ماتۆرسکلێت و دەیان ئۆتۆمۆبیلیش بەدوای کەژاوەکەوە بن. وەکو سەرۆک دەوڵەت پێشوازی بکرێت و نوێنەری راگەیاند، رۆژنامە و تەلەفزیۆنەکانیش بانگهێشت بکرێن و ئاگەدار بکرێن کە کەسایەتییەکی گەورەی کورد دەگات. راستییەکەی بەشیر زۆر دڵی بەو سەفەرەوە بوو.

بەردەوام لەگەڵ خوێندکارە کوردەکانی ئەوروپادا، بەشیر نامەی

---

(**) بەشیر، بە ئۆتۆمۆبیلی گوتووە: پەیتوکە.

دەگۆڕییەوە، هەموو جار سەرەتای نامەکەی بەم شیعرە دەست پێ دەکرد:

یادتان بەخێر ئەو دوور وڵاتان
کە کۆتر بەباڵ ناگاتە لاتان

بەزۆر نووسەری نامە کوردییەکانی مامۆستا تۆفیق وردی بوو. زوو زوویش لەگەڵ وردی تێک دەچوو، لە کاتی هەموو تێکچوونێکدا، کتێبەکانی وردی کۆ دەکردنەوە و دەیدایەوە بەسەریدا و دەیگوت، برۆ من ئیتر کوردایەتی ناکەم.

بەشیر مرۆڤێکی پاک بوو، کوردێکی دڵسۆز بوو، هەمیشە ئاواتی سەرکەوتنی نەتەوەکەی بوو. گەلێ جار هەناسەی هەڵدەکێشا و دەیگوت، دەترسم بمرم و نەگەم بەئاواتی گەلەکەم. بەشیر نەفسییەتی بەرز بوو، بەوەفا بوو، دوور بوو لە ریاکاری، رقی لە پیاوی درۆزن بوو، دوژمنی ئەوانە بوو کە ناپاکی لە نەتەوەکەی خۆیان دەکەن، قسەی لە روو بوو. بەشیر موشیر پیاو بوو. ساویلکەیەکی پاک، خۆش و نوورانی بوو. جگە لەمانە، ئەو ئازار و خەم و پەژارەی خەڵکەکەی بەپێکەنین دەرەواندەوە.

قوتابییەکانی بەشیر لە رووی خۆشەویستی و نزیکییەوە پلەیان هەبوو، قوتابی یەکەمی مامۆستا جەمال نەبەز بوو. مام جەلال، شەمسەدین موفتی و من لە پلەی دووەمدا بووین. پاش چوونی قوتابی پلە یەک بۆ دەرەوەی وڵات و بڵاوەلێکردنی دووەمەکان، من پلە یەکم بەدەست هێنا لای مامۆستا بەشیر.

ساڵی ١٩٦٣، رۆژێکیان پێم گوت، مامۆستا پێشنیازێکم هەیە، گوتی، ئێ! گوتم، حەز دەکەم خانووەکەت "وەقف" بکەیت. دوای کۆچی دوایی خۆت، کرێی ساڵانەی تەرخان بکرێت بۆ یەکەمی قوتابخانە ئامادەییەکانی کوردستان و وەکو خەڵاتێک بیدرێتێ. بۆ ئاهەنگی بەخشینی خەڵاتەکەیش هەموو ساڵ لێژنەیەک دروست بکرێت و لە ئاهەنگێکی گەورەدا خەڵاتەکە پێشکێش بکرێت. دیارە لەو ئاهەنگەدا هەموو ساڵ یادی ئێوە دەکرێتەوە. ژیان، گەورەیی و بەخشندەیی ئێوە باس دەکرێ و خەڵاتەکەیش ناو دەنێین "بەشیرا" لە سەر کێشی "دوکتۆرا"، بەو جۆرە بەختیارترین قوتابی لە کوردستاندا ئەوە دەبێ

کە خەڵاتی "بەشیرا" وەربگرێت. مامۆستا پێشنیازەکەی زۆر پێ خۆش بوو، بەڵێنی دا کە جێبەجێی بکات، بەڵام داخی گرانم زۆری پێ نەچوو، دوای گرتنەکەی نەخۆش کەوت و لە ٢٠- ٧- ١٩٦٣ کۆچی دوایی کرد.

***

گۆڤاری "سیخورمە" لە هەموو ژمارەیەکیدا گۆشەیەکی تێدایە بەقەڵەمی "پرۆفیسۆر بەشیر موشیر" دەنووسرێت، سەرەتا دەیاننووسی "وەستا بەشیر"، لەسەر ئەوە سیخورمەی بەڕێزم بەشیعرێک ئاگەدار کردەوە، کە ئەو پرۆفیسۆر بووە نەک وەستا. ئەمە دەقی شیعرەکەیە:

***نامەیەک لە بەشیر موشیرەوە***

*من نەمردووم*
*من فریشتەی کوردایەتیی هەمیشە بێدار و زیندووم*
*من کەی وەستام!؟*
*من مامۆستام*
*من بەشیرم، رووگەی هیوای سەرتاسەری کوردستانم*
*من پزیشکی پرۆفیسۆر تەکاندەری تێکۆشانم*
*بۆ دەمدەنە بەر سیخورمە!؟*
*خۆ من هەرچی نووسەر هەیە، قوتابیمە، یاخۆ کورمە*
*دەبا منیش پێتان نەڵێم: تری ئەولادی ئەم عەسرە*
*لە زاخۆوە هەتا بەسرە..*
*نا نا نایڵێم ئەگەر ئێوە بەشەڕ نەیەن لەسەر پارە*
*ژن و منداڵی ئەم کوردە نەکەن پێشێل و ئاوارە*
*بۆ دەمدەنە بەرسیخورمە*
*بەسە و شەرمە*
*کۆتایی بێنن بەم شەڕە ئابڕووبەرە*

*شەڕی کوردان کەی ڕەوشتی تێکۆشەرە*
*لە سایەی ئێوەوە ئێستا دز و جەردە و جلخوارەکان*
*بوونەتە ئاغا و خانەخوێی نا ئاوارە و ئاوارەکان*
*زۆر بێزارم لە کردەتان*
*ئاگەدارم لە بردەتان*
*چییە ئەم ژان و ئاوسانە!؟*
*ئەم هەموو ماڵ و سامانە!؟*
*چییە ئەم ژن لەسەر ژنە!؟*
*ئەم ڕێگە ئاڵۆز و ونە!؟*
*بەسە ئیتر گومرکێنە و کورسی کورسی*
*دوو حکوومەت لەسەر ورگی خەڵکی برسی*
*بۆ دەمدەنە بەر سیخورمە، بەسە ئیتر وەستا وەستا*
*وەرنەوە سەر ڕێگەی ژیری، هاکا دنیا لێتان هەستا*
*بۆ پێکەوە دانانیشن، لە ئەنکەرە یان دارەبەن*
*بەسە ئابڕووی سی و سێ ساڵی چەرخی بیست و یەکیش مەبەن*
*ئەمە چییە ئاشت و ماشتی منداڵانە، بە پێغەمبەر*
*دانەنیشن، خۆم دێمەوە کوردستان و دەبمە ڕابەر!*

پاش ئەم ئاگەدارکردنەوەیە، مامۆستا مافی خۆی وەرگرتەوە و لەو ڕۆژەوە بەپرۆفیسۆر بەشیر موشیر ناوی دەنووسرێت.

***

لە ژمارە ٤٥ی گۆڤاری ڕەنگیندا مامۆستا حەمەبۆر وتارێکی لەبارەی بەشیرەوە نووسیبوو. بەڵام چونکە ناوبراو ناشارەزای دیوەخان و ڕێ و ڕەسمی بەشیر موشیر بوو، وتارەکەی بوو بەهۆی نیگەرانی گیانی بە بەهەشت شادبووی مامۆستا بەشیر. مامۆستا بەشیر هاتە خەوم، وەک لە خەوەکەدا لێم زویر بێ وابوو، لێم پرسی، مامۆستا چی بووە؟ گوتی، جا چی

بێ لەوە زیاتر؟ ئێوە وەک قوتابییەکانی سوکرات دەرنەچوون. کە سوکرات کۆچی دوایی کرد، قوتابییەکانی وەک ئەفلاتون و گەزنەفۆن، بەرگرییان لە سوکراتی مامۆستایان کرد و فەلسەفەکانی ئەویان بەخەڵکی راگەیاند. سوکراتی فەیلەسووف هەوڵی دەدا، مرۆڤ خۆی خۆی بناسێت و لە خۆی تێ بگات. ئەویش وەکو من یارمەتی قوتابییەکانی دەدا بۆ پەیبردن بەزانین لە رێگەی خودی خۆیانەوە. کەچی ئێوە، «مەبەستی لە بەشیرویستەکان بوو» لەوە دەچێ نەک هەر فەلسەفەکانی من بڵاوناکەنەوە، بەڵکو بەرگریشم لێ ناکەن. گوتم، مامۆستای گەورە و بەڕێز: هەرچەندە ئێمە ئەفلاتون و گەزنەفۆن نین، بەڵام ئێوە سوکراتن و فەرمانتان رەوایە و ئێمەیش کورتیمان نەکردووە. گوتی، ئەی ئەم نووسەرە تازەیە کێیە بەناوی حەمەبۆرەوە لە دژی من دەنووسێت و ئێوەیش لێی بێدەنگن؟

ئیتر لەو بارەیەوە سوکرات ئاسایی، لە رێگەی پرسیار و وەڵامەوە کەوتە وتووێژ:

– تۆ ئەو وتارەت خوێندووەتەوە؟

– نەخێر

– نایناسیت؟

– بەڵێ دەیناسم، بەڵام نووسەرێکی تازە نییە، بەڵکو کۆنە، زۆریش کۆنە. یەک تاڵ مووی رەش بەسەریەوە نەماوە.

– ئەی ئەگەر کۆنە، بۆچی لە زەمانی خۆمدا ئەو وتارەی نەنووسی؟

– من وەک گوتم، وتارەکەم نەدیوە، چی دەڵێت؟

– بەزمانی ئاخاوتنەکەی من دەڵێ چەوت.

– فەرمانی ئێوە چییە؟

– با ئەو جارێ زمانی نووسینەکەی خۆی چاک بکات، ئەوسا باسی زمانی ئاخاوتنی من بکات.

– زمانەکەی ئەو چییەتی؟

– له نووسینەکەیدا دەڵێ: "فڕی شێخ سەلامی بەسەرەوە نییە". له کاتێکدا کورد دەڵێ: فڕی پێوە نییە، نەک فڕی بەسەرەوە نییە.

– چی تر؟

– دەڵێ، "بەکامێرا دوو وێنەی منی لەسەر یەک کارت کێشاوە"، راستییەکەی دەبوو بیگوتبا، "دوو وێنەی منی لەسەر یەک کارت گرتووە". وێنە بەکامێرا دەگیردرێت، نەک دەکێشرێت.

– هەڵەکانی تری بەرانبەر بەئێوە چین؟

– بەکورسییەکەی من دەڵێ، "کورسییە بێ پاڵپشتەکەی"، ئەوە ئەگەر له فەلسەفەی من بگەیشتایە، گاڵتەی بەو کورسییە بێ پاڵپشتە نەدەکرد. ئەو نازانێ کە من مەبەستم له کورسی بێ پاڵپشت ئەوە بوو کە نەتەوەکەم بێ پاڵپشتە. بەدینی پێغەمبەر ئەوەندە بێ پاڵپشتە، ئەگەر بیسووتێنن کەس لەسەری هەڵناداتێ.

– دوای ئەوە؟

– ئینجا دەڵێ، "ئەوەندەی پەلە لێ کردم له شپرزەییدا فیلمەکەم بیر چوو بیگۆڕم، بۆیە هەردوو وێنەکەم لەسەر یەک کارت و سەرەوخوار لەسەر یەکتری کێشاون".

– وەڵامی ئێوە؟

– ئەو نەیتوانی بێت وێنەیەکی رێکوپێکی من بگرێت بەلاوی، ئێستا چۆن دەتوانێ رەخنەیەکی رێکوپێک له من بگرێت بەپیری!؟

– تەواو؟

– نەخێر. ئەو چاپکردنی دیوانەکەی ئەدەب دەداتە پاڵ محەمەد عەلی کوردی، نازانێ کە محەمەد عەلی خۆیشی له پاڵ مندا بوو.

– بەڕێز ئەگەر ئەمجارە مامۆستا حەمەبۆر داوای بەڵگەی کرد بۆ له چاپدەری ئەو دیوانە؟

– من دیوانەکە خۆی دەکەم بە بەڵگە. بزانن ناوی کێی پێوەیە؟ جگە لەوەیش

خۆ حەمە عەلی کوردی خۆی دەیان ساڵ دوای لە چاپدانی ئەو دیوانە ژیا، ئەی بۆچی قسەی نەکرد؟

– کەواتە مودەعی وازی هێناوە، شایەت دەست هەڵناگرێت!؟

– بەڵێ. ئینجا گۆڤارەکەی دایە دەستم و گوتی، ها تۆیش بیخوێنەوە، منیش خوێندمەوە.

– مامۆستا گیان، لەوە ناچێ نیازی خراپ بێ بەرانبەر بەئێوە. ئەوەتا دەڵێ: «ئێوە یەکتریتان زۆر خۆشویستووە و دانیشی بەوەدا ناوە کە لە چاپکردنی نامیلکەی هەمیشە بەهارەکەیدا یاریدەی پارەتان داوە.»

– اتق شر من احسنت الیە

– مامۆستا گیان من ئەم قسانەی هەموو پێ دەگەیەنم. ئێستا حەز دەکەم باسێکی گوزەرانی خۆتم بۆ بکەیت لە دنیای تازەتاندا.

– ئێستا گوزەرانم زۆر خۆشە لێرە، بەتایبەتی بەشێک لە موریدان، وەک محەمەد عەلی کوردی، ئەمین زەکی بەگ، رەفیق حیلمی بەگ، حوزنی داماو، گیوی موکریانی، مەعروف جیاوک، تۆفیق وەهبی بەگ، تۆفیق وردی، عەلادین سوجادی، ئەنوەر سائیب، جەمال عارف، مەحمود جەودەت، ئەورەحمان نورجان، رەفیق چالاک و چەند کەسێکی تریش لە دەورمن. بەڵام من بەخوا هەر بیرم لە لای نەتەوەکەمە. بیری ئێوەیش زۆر دەکەم. بەتایبەتی ئەوانەی ماون لە "حەوتەی مژدەبەر"، جەمال، تۆ، کەمال، عیزی و حەمە. سوجادی و وردی یەکەیش لای خۆمن. نازانم کەی ئێوەیش دێن؟ زۆریش مەمنوونی ئیحسانەکەم. بەڕاستی توێژەرەوەیەکی باشە لە فەلسەفەی مندا. کە هاتن ئەویشتان بیر نەچێ. بەڵام توخوا نەیەن هەتا مژدەی رزگاربوونی تەواوی نەتەوەکەم پێ دەگەیەنن.

– ئەمە ئاواتی هەموومانە. «گەلێ پرسیار مابوو لێی بکەن، کەچی لەو خەوە خۆشە بەئاگا هاتم.»

***

برادەری ڕێبازی بەبڕشتی بەشیریزم دوکتۆر ئیحسان فوئاد، سکولەری کۆمەڵەی حەوتەی مژدەبەر، وەک قوتابییەکی بەوەفای قوتابخانە بچکۆلە گەورەکەی مامۆستای نادیاری دەرکەوتوو "ئوستاد" بەشیری کۆچکردووی نەمردوو، لە هەمیشە بەهارێکی تەڕی پڕ گوڵی بۆن خۆش بۆ هەناسەی بەشیرویستان و پڕ دڕکی تیژ بۆ چاوی دژان، لە ژمارە ٢ی خولی سێیەمی مانگی ٨ی ١٩٨٥ی گۆڤاری نووسەری کورددا، سێ وەڵامی بەرچاو خستبوو کە تێیاندا پەنجەی درێژ کردبوو بۆ هەندێ لە بنەما هەرە پتەوەکانی ئەم بیروباوەڕە.

یەکێک لەو بنەمایانە: راستی و درۆیە لە فەلسەفەی بەشیریزمدا. دوکتۆری بەڕێز زۆر پسپۆرانە، بەدەنکە شقارتەیەک ئەو گۆمە گەورەیەی ئەم بنەما ترسناکەی شڵەقاندووە. لە وەڵامەکانیدا پرسیاری تر خۆیان دەسەپێنن و هەندێک لەو پرسیارانە بەرەو رووی من بوونەتەوە، لە خوێنەرەکانی ئەو هەمیشە بەهارەوە.

منیش لە وەڵامدا دەڵێم:

مامۆستا بەشیر کە ئاوێنەیەکی زەڕەبین ئاسای زۆر گەورەی نەتەوەکەمان بوو، وەک پەیامبەرێکی هەڵکەوتوو، لە پاڵ لایەنە دروستەکاندا، لایەنە نادروستەکانی نەتەوەی لە خۆیدا پیشان دەدا. بۆ پەندی زەمانە و مۆرکی تەریقی نان بەناوچەوانی سەرلێشێواوان و رێ لێ هەڵەبووانەوە.

من کە گوتوومە: «ئەو زاتە پیرۆزە بەدرێژاییی تەمەنی هەرگیز درۆی نەکردووە، هیچ کاتێکیش راستی نەگوتووە»، وەکو دوکتۆر هەندێ رۆشنایی خسبووە سەر ئەو بۆچوونە، هیچ ناکۆکییەک لە بۆچوونەکەدا نییە. زانستی نوێ، پاش بیردۆزەکانی "ئاینشتاین و روزەرفۆر" سەلماندی کە رەش پێچەوانەی سپی نییە، شلە پێچەوانەی تونە نییە، سارد پێچەوانەی گەرم نییە. بەڵکو ئەوانە توانرا مادە لە سووکەوە بگۆڕدرێت بۆ قورس، لە شلەوە بۆ توند، لە ساردەوە بۆ گەرم، لە رەشەوە بۆ سپی و هەموویشیان بەپێچەوانەوە. هەروەها بۆ تاقیکردنەوە، هەندێک مادە بەگۆڕینی ژمارە و رێکخستنی

گەردیلەکانیان گۆڕدران بۆ جۆرە مادەیەکی تر. وەک گۆڕینی هەندێک گەردیلەی نیترۆجین بۆ هەندێک گەردیلەی ئۆکسجین و هی پلاتین بۆ زێڕ و... تاد.

فەلسەفەی بەشیریشی دەری خست کە راستی و درۆ پێچەوانەی یەک نین. هەردووکیان لەودا کۆبوونەتەوە و یەک یاریدەی ئەوی تر دەدا. ئوستاد هەروەک سرووشێکی "وەحی" سروشتی و بەهرەیەکی یەزدانی، خەو و خەیاڵی لێ دەبوو بەڕاستی و خۆی لە بەسەرهاتی خەڵکی تردا دەبینی. بەو جۆرە راستی و درۆ لە فەلسەفەی بەشیریزمدا، نەک هەر دژ، ناکۆک و پێچەوانە نەبوون و دوور بوون لە زۆرانبازی و شەڕە قۆچ، بەڵکو ئەوەندە کۆک بوون، موو بەنێوانیاندا نەدەچوو. لەوەیش زۆرتر، درۆ پێخۆری راستی بوو لە لای ئوستاد. ئەمڕۆ ئەم جیهانە پڕە لە بەشیر، بەڵام بەشیری ئوستاد نا، بەڵکو بەشیری چەوت. بەڵێ لەم رۆژگارەدا بەشیرە چەوتەکان پەرەیان سەندووە و هەر یەک ناشیرێکە لە بەرگی بەشیردا.

چەوتێتی ئەم بەشیرانە ئەوەیە کە راستی دەکەن بەپێخۆری درۆ. درۆیش بۆ لێدانی نەتەوە.

## بەشیر و زاراوەی پێشمەرگە(*)

"بەشیریستێک"

نووسین و یادکردنەوەی شادڕەوان بەشیر موشیر، بەبیرهێنانەوەی رۆژە دێرینەکانی ژیانی رووناکبیری و سیاسی کوردە لە سەرەتای سییەکانەوە "سەدەی بیستەم" تا سەرەتای شەستەکان. ئەو کاتە بەغدا ناوەندی سەرەکی کۆبوونەوەی رووناکبیری و سیاسی کوردان بوو. پێش ئەوەی شۆڕشی ئەیلوول قورسایی هەڵسووڕانی بزوتنەوەی سیاسی کورد بگوازێتەوە چیاکانی کوردستان و پێش ئەوەی دەسەڵاتی شۆڤێنی دوای کودێتای شوباتی

(*)رۆژنامەی کوردستانی نوێ. ساڵی هەشتەم. ژمارە ١٨٢٢ رۆژی١٥-٣- ١٩٩٩

"فـەبریوەری" ١٩٦٣ هـەمـووترووسکەیەک لـە رووناکـبـیـری کـوردی لە بەغـدا ببڕێت.

سەردەمی دێرینی ژیانی رووناکبیری بەشێکی بەیادکردنەوە و سەرگوزشتە و قسـە خـۆشـەکـانی بەشـیـر رەنگرێژ کـراوە. هەروەک دووکـانەکەی شـوێنی کۆبوونەوەی سیاسەتوان و پیاوانی ناودار و رووناکبیری کورد بووە.

بەشیر موشیر لە دەوروبەری ساڵی ١٨٩٠ لە سلێمانی لە دایک بووە. پێش جـەنگی جیـهانی یەکەم چووەتە بەغـا. پاشـان هـەر لەوێ گیرساوەتەوە و خـۆی کـردووە بە بەرگـدروو. تا کـۆتاییی چلەکـان (سـەدەی بیـست) بەرگـدروو بووە پاشان دووکانەکەی کردووە بەدووکانی فرۆشتنی وردە بابەت، رۆژنامە، گۆڤار و کتێبی کوردی. میراتی دووکانی بـەرگدرووەکـەی "مەقەسـتێک" و "گـەزێک"ی ئاسن بوو. مـەقەسـتی بەشیر لە کابینەی رۆژنامـە و گۆڤـار فرۆشـتنیشـدا هـەر لە کاردا بوو، بەڵام نەک لە دروونی جل و بەرگی "ملکی و عـەسکەری" بەڵکو لە بڕینی ئەو نووسین و گـوتارانـەی مـامـۆسـتـا قـینـی لێ هەڵدەگـرتن و دەبوایە سانسۆریان بکات. لێرەشـەوە، عەرەب گوتەنی "فذهبت مثلا" مەقـەسـتی بەشیر ناوبانگی پەیدا کـرد. لە کـاتـی توورەبوونیـشـیـدا بـەگـەزەکـەی هـەڕەشـەی لە ناحەزان دەکرد.

بەشـیـر شـیـعـر و وتاری زۆر "تـەئلیف" کـردووە و لە رۆژنامـە و گـۆڤـارە کوردییـەکانی ئەو سـەردەمـەدا بـڵاوی کردوونەتەوە. لەبەرئەوەی دووکـانەکەی ژوانگەی بەیەکگەیشتنی رووناکبیران و کەسایەتییەکانی کورد بوو، بەشێکی ئەو رووناکـبیرانـە بەنووسینی خۆیان لـە حزووری مـامـۆستا بەشـیردا بوون و ئەویش بۆی "ئیـمـضـا" دەکـردن و بەنـاوی خـۆیەوە بڵاوی دەکـردنـەوە. ئەوە پاداشتی رووناکبیران بوو بۆ مامۆستا و قسە خۆشەکانی.

مامۆستا لە دنیای کتێبیشدا پشکی هەبوو:

سیپارەی هەقپەرستی. بەغا ١٩٣١

بەختنامەی ناپلیۆن. بەغا ١٩٣٩

دیوانی ئەدەب. بەغا ١٩٣٩

گەشتێک بەسلێمانیدا. بەغا ١٩٥٧

ئەوانە لەو کتێبانەن کە "تەئلیفی" کردوون و بڵاوی کردوونەتەوە،

لە پاشکۆی دیوانی "ئەدەب"دا شتێکی نووسیوە کە تێیدا بۆ یەکەمین جار زاراوەی "پێشمەرگە"ی بەکار هێناوە، پێش ئەوەی لە بزووتنەوەی سیاسی کورددا ئەم وشەیە واتای ئەو جەنگاوەرە فیداکارە بەخۆوە بگرێت کە لە پێناوی رزگاری کورد و کوردستاندا گیانی خۆی دەبەخشی. دواتریش لە شیعرێکدا بەناوی "دەردی دەروون" کە لە ژمارە ٥١ی گۆڤاری هەتاودا بڵاو کراوەتەوە (هەولێر، ل١١ رۆژی ٣١- ١٢- ١٩٥٥) چاکتر واتای پڕ بەپێستی "پێشمەرگە"ی داوە بەدەستەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

لەشکری خەم بەتاو هێرشم بۆ دەهێنێ، شادی و خۆشی ماڵئاواییيان لێ کردم، هێز و توانام وا کەمە کەمە بەرەو نەمان دەڕۆن. سامان و ماڵی پڕ نرخم هەر شین و شیوەنە. دەردی پیری حاڵی شێواومی پەشێوتر کردووە. هەرچەندە بیر دەکەمەوە لای یەزدانی تاک و پاک نەبێ چ پەنایەکی ترم نییە.

ئەژنۆم سست و هێزی لەشم بەرەو رمان دەڕوات. لە چنگ نەخۆشی شەکر و ئازارەکەی توانا و خۆڕاگرتن لە دەست چوو

بەڵام من هەرگیز نارمێم، گوڵی هیوا و ئاواتم ناژاکێ، چونکە لە دوورەوە، لەسەر کێوە بەرزەکان، رووناکی دواڕۆژێکی پرشنگدار دەبینم، دڵم پێی دەگەشێتەوە.

بەدەست نەخۆشی زەلیل بووم و دیل
شەمەنیخەم بوو لەگەڵ ئیزرائیل
ئەو دەیگوت: "بەشیر" پیری ناتەوان
بەس ماندووی رۆژ و کۆکینی شەوان
با نەجاتت دەم لە دەست هەژاری
دەردی نەداری مەرگە تیماری

وتم نامــــەویٚ مـــــەرگی بەهاســـــان
دەمــــەویٚ بمرم وەکــو پیــاوخــاســـان
لە ژێر نەزانـی وەتەن پیٚ خــوســــتــە
بۆ رزگـــاربوونی هەولٚـی پێـویســتــە
دەمـــــــەویٚ بمـرم لە رووی مــــــەیدانـا
خۆم پێـشـمـەرگـە بم لە کوردسـتانا
داخـی غـــــــەریبی بەس لـە دڵم بیٚ
با خــاکــەکــەی خــۆم ئاو و گــڵم بیٚ
وەتەن بـەخـــۆشـی گــەر ببـــینمــــەوە
ئیــتــر هـەر دەژیم قــەت نامـرمـــەوە

لەو شیعرەدا مامۆستا مزگێنی هەڵگیرساندنی شۆڕشی راگەیاندووە، بەڵام ئەو کاتەی شـۆڕش بەرپا بوو، سـەردەمێک بوو حوکمی تاکڕەوی قاسم وەک چۆن لە رووی سیاسییەوە شتێکی بۆ کورد نەسەلماند، ئاوەهایش وردە وردە باری رووناکبیریی کوردی بەرەو کزبوون برد. حکوومەتی عێراق رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی داخست. ئەو سیاسەتوانانەی ئامـوشـۆی دووکانەکەی بەشـیریان دەکرد «لەوانە: بەڕێزان مام جەلال تاڵەبانی، کاک شـەمسـەدین موفتی» دایانە شاخ بۆ ئەوەی «خۆیان پێشمەرگە بن لە کوردستانا».

ئەو دووکانەی بەشـیر، یانەی دیداری دۆسـتـانی رووناکبیری و ناودارانی کـورد بوو. بەحـوکـمی ئەوەی قـورسـایی بزووتنەوەی سـیــاسـی گـوێزرایەوە چیاکانی کوردستان، ئاموشۆکەرانی دووکانەکەیش کەم بوونەوە.

کودێتای شوبات (فەبریوەر)ی ١٩٦٣یش لە کورد و مامۆستا بەشـیر قەوما. فاشیستەکان رووناکبیری کوردیان قۆڵبەست دەکرد و مامۆستا بەشیریشیان وەکو دەیان و سەدان کوردی نیشتمانپەروەر دەسگیر کرد. چونکە بەشێکی زۆری هەڵســوورێنەرانی کـوردەواری و کـوردایـەتی سـەریان لە دووکـانەکـەی دەدا. دەسـتگیـرکـردنی بەشـیـر و کـوێرکردنـەوەی کـوانووی دیوەخـانەکـەی،

دەتگوت نەزیری شوومە بۆ ئەو کارەسات و رووداوانەی دواتر کە تا ئەمڕۆ لە کورد و کوردەواری قەومان. ئەو سەرگوزشتە، قسەخۆش و پێکەنین ئامێزانەی لە بەشیر ماونەتەوە، پێش ئەوەی نوکتە و گاڵتەوگەپی لە چەشنی ئەوانەی مەلای مەشهور بن، بۆ خۆیان سەرگوزشتەی رووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمە دەگێڕنەوە. هەر بۆیە لەسەر دوو ئاستی رووناکبیری، دیاردەی بەشیریزم پێویستی بەلێکۆڵینەوە و بەدۆکومێنتکردن هەیە.

یەکەم: لەسەر ئاستی تێگەیشتن لە هەلومەرجی ژیانی رووناکبیری، کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو سەردەمەی کورد بەگشتی و کوردانی دانیشتوو یان کوردانی خوێندکار و رۆشنبیر لە بەغدا بەتایبەتی. چونکە لەو سەرگوزشتانەی بەشیر و ئەوانەی کە هاوچەرخەکانی سەبارەت بەو یان لە سەر زاری ئەو بۆمان دەگێڕنەوە، زۆر لایەنی تاریکی باری کوردمان بۆ رۆشن دەبێتەوە.

دووەم: لەسەر ئاستی ئەمڕۆ و داهاتوو، سەرگوزشتەکانی بەشیر و تەنانەت ئەوانەی بۆ ئەویان هەڵبەستووە، جگە لەوەی وێنەیەکی ژیانی ئەو سەردەمەمان بۆ روون دەکاتەوە، لە هەمان کاتیشدا ئەو سەرگوزشتانە خۆیان ئەزموون و پەندی گەورەن و دەکرێ لە ژیانی سیاسی و رووناکبیری ئەمڕۆدا کەڵکی لێ وەربگیرێت. بەشێکی زاراوە، پەند و نوکتەکانی هی ئەوەن لە نووسین، قسەکردن، رەوشی سیاسی و رووناکبیریی هاوچەرخیشدا بەکار ببرێن. وەک لە مێژووی گەلێک میللەتاندا رووی داوە کە قسە و دەستەواژەی پیاوێکی ناودار وەکو پەند و قسەی نەستەق بکەونە سەر زار. زۆر جاریش قسە پێکەنیناوی و بەسەرهاتی پێکەنیناوی، ئەلتەرناتیڤێک بوون بۆ گوتار و نووسینی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەو سەردەمانەدا کە خەڵکی نەیانتوانیوە راستەوخۆ خواست و تێڕوانین و بۆچوونەکانیان بخەنە روو.

بەشیر موشیر لە ٣٠- ٧- ١٩٦٣دا، دوای ئازادبوونی لە زیندان بەماوەیەکی کەم، لە ئەنجامی تێکچوونی باری تەندروستی کۆچی دوایی

دەکات و ئیتر «دەورانی بێ بەشیری» دەست پێ دەکات.

سەردەمی بەشیر سەردەمی دڵپاکی و کوردایەتییەکی بێ فرتوفێڵ بوو. باری رووناکبیری و کۆمەڵایەتی کورد لە بەغا دەرفەتی ئەوەی رەخساندبوو بۆ بەشیر موشیری خزمەتگوزار کە دووکانەکەی بخاتە خزمەت رووناکبیران و لاوانی کوردەوە. خزمەتێک کە لەم سەردەمەدا «سەد حەیف و مەخابن» هیچ کەسێک بێ بەرانبەر پێشکێشی ناکات.

## د. کەمال فوئاد وەک بەشیرناسێک

### وەڵامی پرسیارێکی بەدرخان دەداتەوە لە بارەی بوونی کورد لە چین(*)

بەشیر موشیر هەم ناوێک و هەم دیاردەیەکی کولتووریشە لە نێو ناوەندی رۆشنبیری کوردیدا. بێگومان بەشیر موشیر نەیەکەمین کەس بووە بەو جۆرە قسە خۆش و نەستەقانەوە ژیانی بردبێتە سەر، نە دوایین کەسیش دەبێ. بەڵام هەموو شەریک شعورەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە مامۆستا بەشیر موشیر یەکێکە لە هەڵکەوتووەکانی کورد. بۆیە کە هەواڵی دۆزرانەوەی ئێسک و پرووسکی کوردان لە وڵاتی چین کەوتە سەر رووپەلی رۆژنامەکان، ئێمەی ستافی بەدرخان هانامان بردە بەر بەڕێز د. کەمال فوئاد کە یەکێکە لە بەشیرناسەکان، کە تا ئێستا دڵسۆزانە و بەئەمەکەوە پەیامەکەی مامۆستا بەشیری لە ونبوون پاراستووە. ئەم پرسیارەی خوارەوەمان لە بەڕێزیان کرد و ئەویش بەو لوتفە جوانەی خۆی وەڵامی داینەوە.

پرسیار: لە دوا لاپەڕەی ژمارە ٢٢٠٣ ی رۆژی ١٣- ٧ - ٢٠٠٦دا رۆژنامەی "خەبات"دا هەواڵێک بڵاو کراوەتەوە سەبارەت بەدۆزینەوەی ئێسکی مرۆڤی کورد لە گۆڕستانێکی کۆنی ناوچەی «شاناخی چینی

(*) مانگانەی بەدرخان، ژمارە ٧٢ ی رۆژی ٢٢- ٨- ٢٠٠٦

کە ئەو تێستانەی لەسەر ئەو ئێسکانە بەهۆی پشکنینی (DNA) یەوە کراون، دەریانخستووە» کە ئەو ئێسکانە هی مرۆڤی کوردن. ئێمەیش بیستوومانە کە خوالێخۆشبوو "بەشیر موشیر" باسی ئەوەی کردووە کە لە چین کورد هەیە، ئایا بەڕێزتان وەک "بەشیرناسێک" راتان چییە لەو بارەیەوە؟

وەڵام: مانگی تشرینی یەکەمی (ئۆکتۆبەر) ساڵی ١٩٦٠ کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی خوێندکارانی جیهانی/ IUS لە بەغدا لە «بهو الامانة / باب ئەلموعەزەم» بەسترا. کۆنگرەکە نزیکەی دوو هەفتەی خایاند و نزیکەی ١٢٠ رێکخراوی خوێندکارانی تێدا بەشدار بوون. وەفدێکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا KSSE.

لەسەر ئاستی چاودێر بۆ ئەو کۆنگرەیە بانگهێشت کرابوو. ئەندامانی وەفدەکە بریتی بوون لە بەڕێزان: عیسمەت شەریف وانلی، تەحسین هەورامی و بەندە. «ئەو کاتە سکرتێری گشتی کۆمەڵە بووم»، لە کاتی پشووەکاندا، ئەوەندەی پێم دەکرا سەردانی قەلەندەرخانەکەی خوالێخۆشبوو بەشیر موشیرم دەکرد، کە زۆر دوور نەبوو لە شوێنی بەستنی کۆنگرەکەوە، کەوتبووە سەر "شارع الرشید" بەرانبەر بە"جامع الحیدرخانە"، قەڵەم و دەفتەرێکم دەگرت بەدەستەوە، لەبارەی زۆر بابەتەوە پرسیارم لێ دەکرد و هەرچی بگوتایە یاداشتم دەکرد. رۆژێکیان لێم پرسی: مامۆستا ئێمە لە دەرەوەی وڵات کێشەیەکمان هەیە لەسەر ژمارەی کورد، هەندێک دەنووسن دە ملیۆن، هەندێک دەنووسن دوازدە ملیۆن، هەندێکیش دەنووسن پازدە ملیۆن. ئێوە لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟ لە وەڵامدا گوتی: ژمارەی کورد لە جیهاندا خۆی دەدا لە ٣٠ ملیۆن، بەڵام ئێوە بنووسن ٢٥! گوتم ئەو دابەشبوونەکەی چۆنە؟ گوتی لە تورکیا دە ملیۆن، لە ئێران شەش ملیۆن، لە عێراق سێ ملیۆن و نیو، لە سوریا و لوبنان یەک ملیۆن و نیو، لە روسیا یەک ملیۆن. گوتم ژمارەی دانیشتووانی عێراق هەمووی بەسەر یەکەوە حەوت ملیۆنە، چۆن سێ ملیۆن و نیویان کوردن؟ گوتی، منیش هەر وام داناوە نیوەی دانیشتووانی عێراق

کوردن. دەستێکی راکێشا بەرەو رووباری دیجلە و گوتی: لە ئاوەکە بەو لاوە هەموویان کوردن. کە ژمارەکانم کۆ کردنەوە، کردییە بیست و دوو ملیۆن. گوتم هێشتا سێ ملیۆنی کەمە. ئەوانە لە کوێن؟ گوتی: ئەوانە ون بوون!..

بیستبووم مامۆستا بەشیر جارێکیان وتبووی، ژمارەی دانیشتووانی چین شەش سەد ملیۆنە، قابیلە پانزە ملیۆنیان کورد نەبن. وتم وەک من بیستوومە لە چینیش کورد هەیە، ئێوە لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟ وتی: بەڵێ راستە، لەوێیش کورد هەیە. وتم ئەگەر ئێمە ئەوە بنووسین خەڵکی داوای بەڵگەمان لێ دەکات. وتی من بەڵگەم هەیە. وتی: ساڵی ١٩٣٦ "کیتابێکم" بۆ هات لە "قبرس" چاپ کرابوو، بەرگەکەی سەوز بوو «ئیتر نەیگوت ناوی کتێبەکە چی بوو»، لەوێدا نووسرابوو: "١٤٥٠ ساڵ پێش ئێستا پانزە خێزانی کورد لە کوردستانەوە کۆچیان کردووە بۆ چین و لەوێ نیشتەجێ بوون، قابیلە ئەوانە ئێستا ژمارەیان نەگەیشتبێتە پانزە ملیۆن؟".

ساڵ هات و ساڵ رۆیی، بەشیر موشیر لە ٣٠- ٧- ١٩٦٣ دا کۆچی دوایی کرد.

هەر لەو ساڵەدا گۆڤاری New Times

کە بەچەند زمانێک لە مۆسکۆ دەردەچوو، لە وتارێکدا لەبارەی کوردەوە ناوی ئەو وڵاتانەی بردبوو کە کوردی لێ هەن، لەوانەیش وڵاتی "چین".

سەرەتای حوزەیران (جونی) ساڵی ١٩٨٩ لە پەکین «پایتەختتی چین» خوێندکاران زنجیرەیەک خۆپیشاندانیان رێکخست کە توندوتیژی تێدا بەکار هات. کاربەدەستانی چین گەلێکیان لێ گرتن، هەندێکیان دەرباز بوون و خۆیان گەیاندە هەندەران، لەوانە رێکخەری خۆپیشاندانەکان توانی بگاتە ئیتاليا، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لێیان پرسیبوو، تۆ لە چ نەتەوەیەکی «چین وڵاتێکی فرە نەتەوەیە، بۆیە ئەو پرسیارەیان لێ کردبوو»، لە وەڵامدا وتبووی: من بەڕەچەڵەک کوردم.

ئێستایش ئەو هەواڵە بڵاو بووەتەوە، کە بەڵگەیەکی ترە بۆ راستیی

قسەکەی خوالێخۆشبوو بەشیر موشیر. شاعیرێکی عەرەب دەڵێ:

ستبدی لك الأيام ماكنت جاهلا

وتأتيك بالأخـبـار مـالم تزود

هەر لە بارەی کورد و چینەوە، جارێکیان خوالێخۆشبوو وتبووی: برنج لە کوردستانەوە بەجیهاندا بڵاو بووەتەوە. لێیان پرسیبوو چۆن، وتبووی دوو هەزار ساڵ پێش ئێستا کابرایەکی شیعە کە ناوی "رۆبێن" بوو، لە چینەوە برنجی هێناوە بۆ کوردستان و رواندوێتی، ئیتر لێرەوە بەجیهاندا بڵاو بووەتەوە.

پێیان وتبوو: مامۆستا دوو هەزار ساڵ پێش ئێستا ئیسلامیش نەبووە، چ جای شیعە، وتبووی: بەڵێ هەبوون، بەڵام بە"خەفیە" ئیشیان دەکرد. وتبوویان باشە شیعە چۆن ناوی "رۆبێن" دەبێ؟ وتبووی: ئەوە بۆ شوێنە ونی بووە، نەموت بە"خەفیە" کاریان دەکرد؟.

ئەم دیاردەیە لە فەرهەنگی مندا پێی دەوترێ "بەشیرییات".

جارێکیان ئەم قسەیەم لای خوالێخۆشبوو «تۆفیق وەهبی ١٨٩١-١٩٨٤» کرد، زۆری پێ خۆش بوو. چونکە ئەویش داد و بێدادی بوو لە دەست ئەم جۆرە بۆچوونانە، بەتایبەتی لە بواری زمان و ئەدەب و مێژوودا، کە بووەتە دیاردەیەک لە ناو کۆمەڵی کوردەواریدا. بەرادەیەک مامۆستایانی زانکۆکانیشی گرتووەتەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا دەبێ دان بەوەدا بنێین کە خوالێخۆشبوو بەشیر موشیر خاوەنی گەلێک قسەی خۆش و نەستەق بوو، مامۆستایەک خەریکی کۆکردنەوەیانە، خوا یار بێت لە داهاتوویەکی نزیکدا بەبێ "رتووش" بڵاویان دەکاتەوە.

## لە بیرەوەرییەکانی بەشیرخانە(*)

جەمال خەزنەدار

وا بزانم پێویست بەوە ناکات دووکانەکەی بەشیر موشیر "بەشیرخانە" بۆ رۆشنبیرانی کورد پێناسە بکەم.

بەش بەحاڵی خۆم بەشیرخانەی ساڵانی پەنجاکان، شەستەکان "سەدەی بیست" لە بەرچاومە. لە شەقامی رەشید، بەرانبەر بەمزگەوتی "حەیدەرخانە" شارەزایی و ئاگەدارییم لە پێش پەنجاکانیش هەیە بەهۆی بەشیریستە(١) پۆزەتیڤەکانەوە(٢).

بەشیر موشیر کاتێک لە "وەستا"وە بووبوو بە"مامۆستا" کە بەشیرخانەکەی لە خەیاتییەوە گۆڕی بۆ عەتاری و کتێب فرۆشی(٣).

بەشیریستەکانی ساڵانی چلەکان و پەنجاکان و تا ساڵی ١٩٦٢ لە دانیشتووانی بەغا، ئەم بەڕێزانە بوون، داوای لێبوردن لەوانە دەکەم کە ناوەکانیان تۆمار نەکراوە، دیارە لە بیرم نەماوە:

تۆفیق وەهبی، سەعید قەزاز، ئەمین زەکی بەگ، رەفیق حیلمی، مام جەلال تاڵەبانی، محەمەد باشقە، مەلا محەمەد قزڵجی، محەمەد عەلی کوردی، روشدی دزەیی، موکەڕەم جەمال تاڵەبانی، مەلا واحیدی هەولێری، مەلا جەمیل رۆژبەیانی، مارف خەزنەدار، جەمال نەبەز، عەلادین سوجادی، هەژار، کامیل

---

(*) گۆڤاری رەنگین، ژمارە ٢٠، ساڵی ١٩٩١

١- د. ئیحسان فوئاد، بەپێی ئەو تیۆرەی لە بارەی بەشیرەوە دای ناوە، بەشیریستەکانی کردووە بەدوو بەشەوە، بەشی یەکەم پۆزەتیڤ و بەشی دووەم نێگەتیڤ.

٢- بەشیریست = هاوبیری بەشیر

٣- کتێبخانەی بەشیر، یەکەمین کتێبخانە بوو لە بەغا کە کوردەکانی دانشتووانی بەغا گۆڤار، رۆژنامە، کتێب و سیپارەی کوردییان لێ دەکڕی.

ژیر، محەمەد تۆفیق وردی، د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ، نووری عەلی ئەمین، کەریم سەعید دەوڵەت، عەزیز قادر، کامیل کاکەمین و زۆری دی. بێجگە لەو رۆشنبیرانەی دانیشتووانی کوردستان، ئەگەر بەسەفەر بۆ بەغا بچوونایە، دەبوایە سەر لە بەشیرخانە بدەن، ئەگەر بۆ خۆپیشاندانیش بێ.

بەشیر چایی و ساردەمەنی بۆ هیچ کەسێ نەدەکڕی بۆ هیچ کەسێ لەوانەی هاتوچۆیان دەکرد و مووریدی بەشیرخانە بوون. بەڵکو دەبوو یەکێک لە دانیشتووان بانگی چایی بکات بۆ خۆیان و میوانان و خاوەن ماڵ. دەبوو پارەکەیشی دەستبەجێ بژمێرێ، بەزۆری وەها رێک دەکەوت خوالێخۆشبووان، تۆفیق وەهبی، رەفیق حیلمی یان رۆژبەیانی پارەکە بژمێرن.

یەکێک لە مەرجە هەرە گرینگەکانی بوون بە بەشیریست بەرپەرچنەدانەوەی را و بۆچوونەکانی بەشیرە. بەشیر بەئارەزووی خۆی پارەی ئەو کتێب و رۆژنامە و گۆڤارانەی کە دەیفرۆشتن بۆ خاوەنەکانی دەگەڕاندەوە. جاری وا هەبوو ئەو داوای پارەی لە خاوەنەکانیان دەکرد. جا یان کتێبەکە بەڕای بەشیریستەکان لە ناوەڕۆکدا لاواز بوو، یاخۆ نەفرۆشراوە. وەیان لەبەر هەر هۆیەکی تر بێ، کە لە خۆی زیاتر کەسی تر نەیدەزانی.

رۆژێکیان بەشیریستە نێگەتیڤەکان وایان لە بەشیر گەیاندبوو کە بەندە(٤) لە راگەیاندنی بەڕێوەبردن نووسیومە، گۆڤاری شەفەق لە بەغا لای "وەستا" بەشیر موشیر دەفرۆشرێ. ئەو بەشیریستە نێگەتیڤانە وایان تێ گەیاندبوو کە ئەو "وەستا" نییە، بەڵکو مامۆستای گەورەمانە و "قیبلەی ئامالی کورد و کوردستانە"، چۆن دەبێ بنووسرێ "وەستا"؟

بەڕێکەوت لەگەڵ خوالێخۆشبوو رەفیق حیلمی، لە شەقامی رەشید پیاسەمان دەکرد، رووەو بەشیرخانە دەچووین، گەیشتینە بەردەم بەشیرخانە،

---

٤- ئەو کاتە پەیامنێر و بەڕێوەبەری گۆڤاری شەفەق بووم لە بەغدا. گۆڤاری "شەفەق"یشم لە بەغدا چاپ دەکرد، هەرچەندە بەڕێوەبەریەتی گۆڤارەکە لە کەرکووک بوو.

بەشیر هەر کە چاوی بەئێمە کەوت، کۆمەڵێک گۆڤاری شەفەقی گرت بەدەستەوە و فڕێی دایە سەر شۆستەکەی بەر دووکان و گوتی، بڕۆ چی تر من گۆڤاری شەفەق نافرۆشم. خوالێخۆشبوو رەفیق حیلمی واقی لەم کارە وڕما. بەیەکەوە دەستمان کرد بەکۆکردنەوەی گۆڤارەکان و پێی گوتم توورە مەبە و دڵت نەیەشێت، ئاورێکیشی لە بەشیر دایەوە و گوتی، بەخوا دەمێک بوو دەمزانی پیاوێکی سەیری. بەڵام خەتای تۆ نییە.

## کۆڕی بەشیرپەروەران لە بەرلین

رۆژی چوارشەممە (١٢- ٥) لە شاری بەرلین، لەسەر داخوازی "مەڵبەندی ئاوەدانی کوردستان" بەڕێزان د. کەمال فوئاد، د. جەمال نەبەز و مامۆستا حەمەئەمین پێنجوێنی کۆڕێکیان لەسەر دیاردەی "بەشیریزم" لە ناو کورددا ساز کرد.

کۆڕەکە لە سەرەتادا بەخولەکێک وەستان بۆ گیانی خوالێخۆشبوو پرۆفیسۆر بەشیر موشیر دەستی پێ کرد و پاشان بەڕێز د. کەمال فوئاد باسی دیاردەی بەشیریزمی لە ناو کۆمەڵی کوردەواریدا کرد و لەم بارەیەوە گوتی:

دوژمنانی کورد هەر دان بەمافی نەتەوەیی کورددا نانێن، بەڵکو نکوڵی لە بوونی نەتەوەی کوردیش دەکەن. لە بەرانبەر سیاسەتی چەوتی داگیرکەرانی کوردستان و گیانی شۆڤێنیزم بەرانبەر بەکورد، لە ناو کورددا کاردانەوەیەک پەیدا بووە، کە لە زیادەڕەوییەکی نازانستییانە و نابابەتییانەدا لەبارەی هەموو ئەو مەسەلانەوە کە پێوەندییان بەکوردەوە هەیە، خۆی دەنوێنێ، لە شێوازەکانی مێژوو، زمان، ئەدەب، رەوشت، سنوور.

زۆر بۆچوونی ناڕاست و نازانستییانە و نابابەتییانە لە ناو کۆمەڵی کورددا بەرچاو دەکەوێت کە لە دیاردەی بەشیریزمدا خۆی دەنوێنێ، چونکە خوالێخۆشبوو بەشیر موشیر لەو بوارەدا خاوەنی گەلێ قسەی خۆش و

نەستـتـەقـە. لەم بارەیەوە دوکـتـۆر کـەمـال فـوئـاد چەند نموونـەیەکی لەسـەر قـسـەکـانی خـۆالیـخـۆشـبـوو هێنایەوە. لەگـەڵ باسکردنـی هەندێک لەو نووسـراوانەی بـەناوی بەشـیـر مـوشـیـرەوە بڵاو کـراونەتەوە، بەشـیـر وتەنی «خەڵکی نووسیویانە و ئەو تەئلیفی کردوون».

کۆنترین نووسـینی بەشـیر موشـیر بریتییە لـە بابەتێکی هەڵبـژرادن کە لە ساڵی ١٩٢٨ دا بڵاو کراوەتەوە.

ئەو نووسـینە ئێسـتـا لە مۆزەخـانەی سلێـمانی پارێزراوە. هـەروەها چەند بەیتـێک کـە هـەر لەو سـاڵەدا لە گۆڤاری "زاری کرمـانجی"دا بڵاو کراوەتەوە لە رواندز (ژ٥، ل٣، ١١- ١١- ١٩٢٨) لە هـەمـوو ئەو گـۆڤـار و رۆژنامـانـەدا کـە لەسـەردەمی ژیانـی ئەودا دەرچوون تا سـاڵی ١٩٦٣ شـیـعـر و وتاری بەشـیـر بەرچاو دەکەون. هـەر لەو ماوەیەدا چەند کتێبێکی بەچاپ گەیاندووە، لەوانە:

سیپارەی هەقپەرستی، بەغدا ساڵی ١٩٣١

بەختنامەی ناپلیۆن، بەغدا ساڵی ١٩٣٩

دیوانی ئەدەب، بەغدا ساڵی ١٩٣٩

گەشتێک بەسلێمانیدا، بەغدا ساڵی ١٩٥٧

لە کـۆتاییی قـسـەکـانـیـدا دوکـتـۆر کـەمـال فـوئاد گـوتـی: گـەلێک نەتەوە رەمـــزێکیـــان بۆ خـــۆیان دروست کـــردووە، تابتـــوانن لەو رێگەیەوە و لـە چوارچێـوەیەکی پێکەنیناویدا دەردی دەروونـیـان دەرببـڕن، بەتـایبـەتـی لەو کاتانەدا کە بەرەنگاری جەور و سـتـەم بوونەتەوە و نەیانـتـوانیـوە قسـەی دڵی خـۆیان بەئاشکرا بکەن. لەم بـارەیەوە "بەشـیـریزم" رۆڵی خـۆی بینیـوە. بەڵام نابێ سیاسـەتی چەوت و دوژمنانە بەرانبـەر بەکورد لە گیـانی زانسـتـییـانە و بابەتییـانە دوورمـان بخـاتەوە و هـەمیـشـە سنوورێک لە نێـوان لێکۆڵینەوەی زانستی و قسـەی پڕوپووچ دا دابنێین.

دوابەدوای دوکـتـۆر کـەمـال، بەڕێز دوکـتـۆر جـەمـال نەبـەز هەندێک لە بیرەوەرییـەکانی خۆی لەبارەی بەشیرەوە گێڕایەوە و باسی ئەو کەسـانەی کرد

کە زۆر لە بەشیرەوە نزیک بوون و زۆر جار شیعر و وتاریان بۆ نووسیوە «تا ئەویش تەئلیفی بکات»، بەتایبەتی ئەوانەی بە"حەوتەی مژدەبەر" ناسراون کە د. جەمال نەبەز خۆی یەکێک بووە لەوانە. لەو بارەیەوە گەلێک سەرگوزشتە و قسەی خۆشی بۆ دانیشتووان گێڕایەوە. لە بارەی "سیپارەی هەقپەرستی"یەوە، وتی: «بنچینەی فەلسەفەی بەشیر لەوە داڕێژراوە» کە لەسەر بەرگەکەی نووسراوە:

«ئەوەل کیتابێکی عەجیبە بەدەستی بەشیر موشیر نووسراوە. بەکەڵیک هەموو خاوەن هەق و هەقشناس و هەقداواکەر و هەقبەدەستێک دێ و ڕێگەی هەقیقەت پیشان دەدا». ئەم کیتابەی پێشکێش کردووە بەشاعیری بەناوبانگی کورد عەبدولخالق ئەسیری (١٨٩٠-١٩٦٥).

مامۆستا حەمەئەمین پێنجوێنی رەخنەی لەو بۆچوونانە گرت کە دەڵێن کەسانی تر وتاریان بۆ بەشیر موشیر نووسیوە و بەناوی ئەوەوە بڵاو کراوەتەوە. گوتی ئەم قسەیە لە ڕاستییەوە دوورە. چونکە مامۆستا بڕوای بەتیۆری دۆناودۆن "تناسخ الارواح" هەبووە، هەرکات ویستبێتی شتێک بنووسێ گیانی چووەتە ئەو کەسەوە کە شیعر یان وتارەکەی بۆ نووسیوە.

هەر لەو بارەیەوە باسی هەندێک بیروڕای بەشیری کرد و گوتی:

خەڵکی ئەو سەردەمە بڕوایان بەو قسانە نەدەکرد، کەچی ئێستا پاش دەیان ساڵ ئەو بیروڕا و بۆچوونانە ڕاست دەرچوون. بۆ نموونە، خۆم چەند ساڵێک پێش ئێستا لە گوندێکی کازاخستان بووم، لەسەر سنووری چین، لە ماڵێکی کورد میوان بووین. لێم پرسین، ئایا کورد لە چین هەن؟ وتیان بەڵێ، گوندێکیان پیشان داین کە دەکەوێتە ناو سنووری چینەوە، وتیان زۆربەی دانیشتووانی ئەو گوندە کوردن و هەندێکیان خزمی خۆمانن. زۆرجار سەردانی یەکتر دەکەین. ئەگەر چەند ڕۆژێک لێرە بمێننەوە دێن بۆ لامان. کەچی وا دەرکەوت و دوای چەند ڕۆژێک کوردەکانی چین هاتن بۆ لامان و ڕۆژێکی خۆشمان پێکەوە بەسەر برد. کەچی کاتی خۆی کە مامۆستا بەشیر دەیگوت، کورد لە چین هەیە، کەم کەس بڕوایان دەکرد.

هەروەها گوتی:

لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا هەوڵمان دا تەرمەکەی بەشیر لە بەغداوە بگوێزینەوە بۆ سلێمانی، ئەویش لەسەر وەسیەتی خۆی کە پێش مردنی کردبووی و گوتبووی کە مردم دەبێ تەرمەکەم ببەنەوە سلێمانی و لە گردی مامەیارە بمنێژن. چونکە ئیتر من لەگەڵ عەرەبدا دەرنابەم. بەداخەوە ئەم هەوڵەمان سەری نەگرت.

شیاوی گوتنە بەشیر موشیر لە دەوروبەریساڵی ١٨٩٠دا لە شاری سلێمانی هاتووەتە دنیاوە. لەگەڵ خوالێخۆشبووان حەسەن حیلمی، رەشید سیدقیدا خولێکی شەش مانگەیان بینیوە. بەشیر موشیر کە دەیگوت «ئەمین لە ئەکادیمیای علومی عەسکەری لە ئیستەنبوڵ خوێندوومە» مەبەستی لەم خولە بووە. پێش جەنگی یەکەمی جیهانی لە سلێمانی دوور کەوتووەتەوە، پاشان لە بەغدا جێگیر بووە و هەر لەوێ ژنی هێناوە. سێ کوڕ و کچێکی لێ بەجێ ماوە. لەو کاتەوە تەنیا جاروبار بەسەردان هاتۆتەوە بۆ سلێمانی. لە بەغدا تا کۆتاییی چلەکان (سەدەی رابردوو) بەرگدروو بووە. دوو کەس بەناوی "عاسم فلەیح و هادی خەمماس» شاگردی ئەو بوون. لە سەرەتای پەنجاکاندا وازی لە کارەکەی هێناوە، دووکانێکی کتێب فرۆشی کردووەتەوە. بەدرێژاییی کات پیاوانی گەورە و ناوداری کورد لە دووکانەکەی دانیشتوون و گوێیان لە قسە نەستەقەکانی گرتووە. هەر بەو شێوەیە ماوەتەوە، تا لە مانگی حوزەیرانی (ژوون)ی ١٩٦٣دا لە لایەن رژێمی عێراقەوە دەگیرێ، پاش ئازادبوونی بەچەند رۆژێک لە ٣٠- ٧- ١٩٦٣ کۆچی دوایی کردووە.

بەشیر موشیر لای وابووە کە ژیانی ئادەمیزاد لە کوردستانەوە دەستی پێ کردووە. لە نامەیەکیدا بۆ رۆژنامەوانێکی ئەڵمانی نووسیویەتی: "هیچ سەیر نییە کە ئەڵمانێک پشتگیری لە مەسەلەی کورد بکات، چونکە ئەڵمانەکان بەڕەچەڵەک کوردن و لە دۆڵی "ئەڵمان"ەوە کە دەکەوێتە ناوچەی "هەورامان" پێش هەزاران ساڵ کۆچیان کردووە بۆ ئەوروپا و لەوێ نیشتەجێ بوون. لە پەنجاکانەوە ژمارەی کوردی گەیاندبوو بە٣٠ ملیۆن.

مەڵبەندی ئاوەدانی لە بەرلین کە لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا لە بارەگای خۆی هەموو چوارشەموانێک کۆڕێک دەبەستێ بۆ لێدوان لە بارەی کوردەوە، خۆشحاڵە کە توانی کۆبوونەوەی سەد و چوارەمی تەرخان بکات بۆ لێکۆڵینەوە لە فەلسەفەی بەشیر و دیاردەی بەشیریزم لە ناو کورددا، کە لە لایەن ئامادەبووانەوە بەگەرمی پێشوازی لێ کرا.

هەزاران درود، هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شادڕەوان بەشیر موشیر.

**سەرچاوە**: رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ١٨٦٤ رۆژی ٢٠- ٥- ١٩٩٩

## بانگەوازێکی بەپەلە بۆ بەشیریستەکانی جیهان

یەکەم وشە، پیرۆزی لە پاراستنی نهێنیدایە، واتە هەڵگرتنی نهێنی رووناکبوونی دەروونی مرۆڤی بەشیرییە لە ناو خودی خۆیدا. موقەدەسات هەیبەتێکی گەورەیە لە ناخی کەسایەتی بەشیریدا سەرچاوە دەکات، بەڵام لێ تێگەیشتن و لێ وردبوونەوەی و هەرسکردن کارێکی ئاسان نییە. سەرەڕای ئەمەیش بەپێی بۆچوونی دەروونناسەکان، دەست پێکردنی ئەم سەدەیە سەرەتایەکی نوێیە بۆ هەستی روحیی لە ناو مرۆڤدا. بەتایبەتی گەنجەکان بەدوای داهێنانی نوێدا دەگەڕێن، چونکە ئاینگەلی کلاسیکی شتی نهێنییان تێدا نەماوە، هەموو نهێنییەکان شی بوونەتەوە و ئەو بۆشاییە پڕ ناکاتەوە کە لە روحی مرۆڤدایە. ئەو خۆسەپاندنەی دێر، مزگەوت و بنکە ئاینییەکانی کۆن وەکو شینتویی و هندوسی و هەتا دەگاتە بودییش خەریکن قورسایی خۆیان لەسەر دەروونی مرۆڤ لە دەست دەدەن.

وەک دەزانین چێژی ژیان لە مەدای پیرۆزیدایە. سەرچاوەکەیشی هەستە. ئەو کەسەی دان بەکەسایەتی شکۆداری "ئوستاد"دا بنێ دەتوانێ دەرکی راستی بکات. پیرۆزیی هیچ هەیبەتێک نابەخشێ، تەنانەت مرۆڤ بەشێوەیەکی سروشتی بەرەو جیهانێکی روحی دەبات. لە ناخی مرۆڤدا ئاواتی جۆراوجۆر دەخوڵقێنێ، ئەندێشەی بەردەوامی ژیانمان پێ دەبەخشێ،

دەمـانبـاتە سـەر ئەو راسـتـیـیـە بەتێگەیشـتـنێکی دنیـایی لە ژیان ورد بینەوە پیرۆزیمان پێ ببەخشێ.

کەسـایەتی مرۆڤ خـۆی دەتوانێ رێزی ژیان تێک بدا، چونکە ئاژەڵ، گژوگیا و کەرەسـتە خاوەکان بەئەرکی سەرشـانیان هەڵدەستن بەپێی پێویست. مرۆڤ بەپێچەوانەوە دەتوانێ سروشت بگۆڕێ، بیر و بۆچوونەکانیشی بەپێی توانای خـۆی دەسـتـکاری بکات، هـەمـوو کـردەوە خـراپەکـان کـە مـرۆڤ دەیکات، بەرئەنجامی ونکردنی پیرۆزییە لە ماوەی چەند سەردەمێکی مێژووییدا.

وشـەی پـیـرۆزی و نـهـێنی لە نـاواخنی خـۆیدا، یەک واتا دەدا، چونکە یەک بنچینەیان هەیە. پیرۆزی تەشـەنە ناکات ئەگەر خـاوەنی نهێنی تایبەتی خۆی نەبێ و بڵاو بوون و پەلـهـاویشـتنی نهێنی لە ناواخنـی خـۆیدا هەڵدەگرێ. بۆیە ئاشکرا دەبێ لە کـاتێکدا "شـەریک شـعـورێکی" بەرێز لەسـەر دەسـتـووری "ئوستـادی عەزیم" بەقـەڵەمی لە پێناوی پیرۆزیی بیر و بۆچوونەکانی "ئوسـتـاد" واتای ژیان بـنەخـشـێنێ، بێ ئـەوەی ناوی خـۆی لە ژێر نووسـینـەکـەوە هەبێ، دەشێ ناوی "ئوسـتـادی عـەزیم" هەبێ یان ناوی "شـەریک شـعورێک". ئەمـەیش گـەڕانەوەیەکـە بۆ راسـتـەقـینەیی لە "ئەزەلەوە" بوونی بەشـەرییـەت بۆ ئاشکراکردنی شکۆداری یەکەم دەستـەی بڕوا پێ هێنەری ئەم رێبـازە پیرۆزە. ئەو وشـە، دروشم و "رمـوزانە"ی بـەکـار دێن، خـۆیان لـە خـۆیـاندا هەڵگری گەورەترین "موقـەدەسـاتن". دەمـانبـەنە جیـهـانی پاراسـتنی نهـێنی ئەو زمـانە سـادەیەی کـە رۆژانە لە ناو کـۆمـەڵانی خـەڵکی ئاسـاییدا بەکـار دێت. هیچ هەسـتێکی دەروونی نابەخشێ زمـانێکی ئەم سـەردەمەیە. بەڵام بەکارهێنانی هێما و نازناوی "ئوستادی شکۆدار"، "شەریک شعور"، "ئوستاد"، "وەستا" و "مامۆسـتا" لە ناو برایانی بەشیریستدا لە هەموو سەردەمێکدا بەکەڵک دێن و وا لە تواناکان دەکات کە سنووری ویستەکان تێ بپەڕێنن.

ئەو میـلـۆدییـەی کە گەلێ لە بازنـەکان پەخشی دەکەن و خـۆیان بەخـاوەنی دەزانن کـە لایەنـی پاراسـتنی نـهـێنیـیـان لە بیـر کـردووە، رەمـزەکـان زۆر بەساکارانە بەکار دەهێنن. "سرِی میهنەکەیان" لە بیر دەکەن یان "ئیهمالیان"

کردووه و خەریکی گاڵتەجاڕی و سووککردنی ڕێبازەکەن، لە شوێنی شتە ڕەسەنەکان، قسەی هەلەق و بەلەق هەڵدەبەستن، بەبۆشی و ساکارانە لەسەر تیۆرییەکان رادەوەستن. بەڵام لە بازنەی ڕاستەقینە و پیرۆزدا "شەریک شعوران" تێ دەکۆشن کە لە نهێنییەکان تێ بگەن، بۆ هیچ "شەریک شعورێک" نییە کە خۆی وا پیشان بدا لە نهێنییەکاندا تواوەتەوە، بەڵام دەبێ هەموو کاتێ ئەو پرسیارە لە "دیماغی" دا بێ، ئێمە کێین؟ بەرەو کوێ دەچین؟ لەگەڵ چەند پرسیارێکی تر، ئەمە دەبێ ڕێبازی برایانی ناو بازنەی "شەریک شعوران" بێ. ئەگەر بەم جۆرە دەست پێ بکەین، دەتوانین بچینە ناو جیهانی نهێنییەکان، بێ ئەوەی شییان بکەینەوە، یان لەسەریان بدوێین و لێیان ورد بینەوە. هەر کەس پێی وا بێ لە نهێنی "ئوستادی عەزیم" و نهێنی ناو "شەریک شعوران" حاڵی بووە هەڵەیەکی گەورە دەکات. بەهەڵەدا چووە، چونکە سروشتی نهێنی "بەشیرییەت" لە توانای تێگەیشتن بەدەرە. لەسەر ئاستی کەسێنی هونەری وردبوونەوە لە "بەشیرییەت" دەگەڕێتەوە بۆ سەر تیرە، واتە بیرکردنەوەی بەکۆمەڵ و بەیەکەوە دان پێدانان و بڕوا پێ هێنانی، ئەمەیش دەبێ بەهۆی تەشەنەکردنی نهێنی "سر" لە ناو بازنەی "بەشیرییەت"دا. بۆیە بڵاو بوونەوەی "سیری میهنە" قولبوونەوە و واتای جۆراوجۆری هەیە. پیشەیش رازە، هەڵسانە لە چوارچێوەی قوڵبوونەوەی بازنەدا. هەر کەسێکیش دێتە ناو بازنەی "بەشیرییەت" نابێ چاوەڕێی "مورشیدێکی روحی" بکات کە نهێنییەکانی بۆ شی بکاتەوە و واتای ژیانی بۆ دیاری بکات.

کەس ناتوانێ بچێتە ناو "بازنەی بەشیرییەت" ئەگەر ئامادەی کاری بەکۆمەڵ نەبێ و بڕوایشی بەوە نەبێ کە نهێنی "وەسیلەیە" بۆ گەیشتن بە"موقەدەسات"، هەروەها لە ناو بازنەی "شەریک شعوران" نهێنی بچووک و نهێنی گەورە لە بایەخ پێدانیان و پاراستنیان لە یەک ئاستدان. نهێنییە وردەکان لەسەر هەڤاڵانی دەستپێک پەیڕەو دەکرێن. نهێنییە گەورەکان "قودەما"، زانایان و خاوەن رابردوو بەرپرسیارن لە لێ وردبوونەوەیان.

"شەریک شعوری" دەستپێک فێری نهێنی ڕەگەزی ژیان دەبێ. فێری ئەوە

دەبێت لە چۆنیەتی وردبوونەوەی "ئوستادی عەزیم" لەم "کەونە" حاڵی ببێت. ئەم نهێنیيانەیش هەرچەندە سەرەتایی و ورد بن، بەڵام دەبێ بایەخی بێ سنووریان بۆ دابندرێ.

پلەکانی ناو "بەشیرییەت" دەبێ رەچاو بکرێت، ئەم پلانە لە "موبتەدێ" بەرەو "شەریک شعور" دەڕوات و دەگاتە "وەستا"، "مامۆستا"، تا "جێگری ئوستاد" دەچێ، بەڵام "ئوستادی عەزیم" خۆی لووتکەیە.

لە کاتێکدا "موبتەدێ" دەبێ بە"شەریک شعور" کە بە"دنیای روحی" دا تێپەڕی بێ، لە پێگەیشتنی ویژدان "تەکامولی" پەیدا کردبێ. دیواری وەفاداری بۆ بیردۆزەکانی "ئوستادی عەزیم" ئەستوور بووبێ. نهێنی "میحوەری ئەساسی" بێ بۆ ژیان.

ئیتر هەر سەرکەوتوو بن بەشیرستانی دنیا.

شەریک شعور

ک. س.

١٠- ١٠- ٢٠٠٠ دونیا

تێبینی: دانەیەک بۆ جێگری ئوستادی عەزیم بەڕێز ج. ن.

## "سەر"ی ڕۆژ(*)

بەرگدرووییەک لە بەغداوە هێز بەکوردەکان دەبەخشێ

کارل دانینگەر(**)

هەندێ نەتەوە، کە ماوەیەکی درێژ لە ژێر گوشار و دەسەڵاتی هێزی بێگانەدا دەژین، بەشێوازی جۆراوجۆر بۆ مانەوە تێدەکۆشن. لە خەیاڵ و ڕاماندا لە هێماگەلێکدا خۆ دەبیننەوە تاکو یارمەتیدەریان بن، بەو هێماگەلانەوە وابەستە و پێوەندار دەبن ، بێ ئەوەی ڕێگەی زەبر و زەنگ بگرنە بەر.

چیکەکان بۆ ئەم مەبەستە سەربازی جوامێر "شڤێیک"یان دۆزییەوە. کوردەکانیش بەشیر موشیر.

بەشیر موشیر لە ناوەڕاستی شەستەکاندا مرد(***)، تا کۆتایی تەمەنی کوردایەتی کرد، بەڵام ئێمە لە باسی بەشیردا بۆ سەرەتا دەگەڕێینەوە.

بەشیر بەرگدروو بوو، دووکانەکەی دەکەوتە شەقامێکی جەنجاڵ و پڕ کاری بەغداوە، بەرانبەر بەمزگەوتی حەیدەرخانە. لە ڕۆژهەڵات پیاوان چۆن یەکتر دەبینن، یان لە چاپخانە، یان لە سەرتاشخانە، یاخۆ لای بەرگدروو، واتا لای بەشیر. ئەفسەرە کوردەکانی سوپای عێراق سەریان لە دووکانەکەی دەدا و سیاسەتوانانی کورد لە دووکانەکەی وی یەکیان دەبینی. بۆیە وای لێ هاتبوو کە هەموو ڕاوێژیان بە بەشیر دەکرد و ئەو "نیوە ڕاست و نیوە گاڵتە" بووبوو بە ڕاوێژکار، سەبارەت بەهەر بابەت کە پرسیاریان لێ دەکرد، بەشیر وەڵامی دەدایەوە، سەرەتا نیوەی گاڵتە، بەڵام پاشان تەواو ڕاست و بەدەربەستەوە.

ئەو ڕاوێژی بۆ کەسانێک دەکرد کە بۆ وەزیری پاڵێوراوبوون، پشتگیری

---

(*) سەری ڕۆژ: بەواتای ڕوو، "سیما"ی ڕۆژ بەکار هێندراوە.

(**) ڕۆژنامەوانێکی نەمسایی "ئۆتریشی"یە.

(***) بەشیر ڕۆژی ٣٠- ٧- ١٩٦٣ مردووە، دیارە ڕۆژنامەوانەکە ئەو مێژووەی بۆ ساغ نەکراوەتەوە.

دەکردن، سەبارەت بەدروستکردنی ڕێگە و شەقام قسەی بۆ دەکردن، بەکورتی قسەی لەسەر هەموو بابەتێک دەکرد. دیارە هیچ لەو بابەتانە تێ نەدەگەیشت.

لە ڕۆژنامەکاندا وتارگەلێک بەناوی ئەوەوە بڵاو دەکرانەوە، کە لێیان دەپرسی، فلان پەرەگراف یان ئەو بەشەی روون نییە و تێی ناگەین، وەڵامی دەدایەوە و بەدەربەستەوە دەیگوت، من بۆ پیاوی گێل و نەزانی وەک تۆم نەنووسیوە. بەڵکو بۆ حکوومەتم نووسیوە. حکوومەت خۆی حاڵی دەبێ من چیم بۆ نووسیوە.

بەشیر خۆی وەها پیشان دەدا کە راوێژکارێکی سیاسی بێ. هیچ کۆنگرەیەکی کوردەکانی دەرەوە ساز نەدەبوو بێ خوێندنەوەی پەیام و نامەی ئەو. تا ئەمرۆیش لە سەرانسەری ئەوروپادا کە کوردەکان یەکتر دەگرن و کۆ دەبنەوە، نوکتە "جۆک" و قسە خۆشەکانی بەشیر باڵیان بەسەردا دەکێشێ.

هێزی ئەو لە خەیاڵیدا بوو. پرسیاری لێ دەکەن، ژمارەی کورد چەندە، ئەو پێی وابووە ٧٠ ملیۆنن، پرسیاری لێ دەکەنەوە، بۆچ ٧٠، هەمووان دەزانین کە زۆرترینی ٢٥ ملیۆنە ژمارەی کورد، بەشیر وەڵام دەداتەوە لە چین، لە مەگۆلستان، لە بلوجستان، لە ئەفگانستان بەملیۆنان مرۆڤ دەژین، کە زمانی ئەو وڵاتانە بەباشی نازانن، دوای لێکۆڵینەوەی درێژ، شارەزایان بۆیان دەرکەوتووە کە ئەوانە کوردن.

یان ئەو باسی لەوە کردووە چۆن لە تارانەوە بەپاپۆڕ "کەشتی" سەفەری کردووە بۆ ئیستانبوڵ، کە پێیان گوتووە، بەڵام ئەوە مەحاڵە، ناکرێ. بەشیر وەڵامی وەها داوەتەوە: «ئەو کاتە دەکرا». لە ئەنجامی "سەرکەوتنە" سیاسییەکانیدا، دواجار ئەو بۆ پراگ ، بۆ کۆبوونەوەیەکی تاراوگە، بانگهێشت دەکرێ، لە کاتی هەوڵدان بۆ چوونە دەرەوە دەستگیر دەکرێ. پاش ماوەیەکی کەم لەو گرتنە کۆچی دوایی دەکات، بەپێی گێڕانەوەکان، دیارە مەرگێکی ئاسایی نەبووە. ئەو مرد، بەڵام ناوبانگی بەردەوام دەژی. سەرباری گوشار و چەوساندنەوە، کوردەکان بەسەرهاتی بەشیر دەگێڕنەوە و هەست بە بەهێزی دەکەن.

(*) وێنەی بەشیر لەگەڵ وتارەکە بڵاو کراوەتەوە و لە ژێریدا نووسراوە:
«بەشیر موشیر، ئەو کەسەی بوو بە هێما."

سەرچاوە: ڕۆژنامەی "دێر ستاندارد" ژ، ٧٤٣ ی ٢- ٥ -١٩٩١

## ئەمجارەیان بەشیریات(*)

د. ئیحسان فوئاد

ئوستاد بەشیر پێی گوتم:

* *ئەگەر لای من شەش مانگ دەوام بکەیت، لە "مەسکوە" چاکتر فێری ئەدەبیات و زمانی کوردی دەبی.*
* *حەوتەی مژدەبەر ئەو بەختەوەرانەن کە سەدان جار لە خزمەتی ئەو پیاوە مەزنەدا بوون.*
* *د. عیزەدین مستەفا رەسول، لە حەوتەی مژدەبەردا چەند سەهمێکی دراوەتێ، نەک هەموو سەهمەکان.*
* *ئوستاد کتێبی "سیپارەی هەقپەرستی" بەچەندین کەسی ناوداری کورد و بێگانە پێشکێش کردووە، لەوانە کامەران بەدرخان، جگەرخوێن و مێجەر ئەدمۆنس.*
* *لە کتێبێکی قەوارە گەورەی ئەڵمانیدا کە ناوی ٢٧٠ گەورە پیاوی جیهانی لە خۆ گرتووە، ناوی ئوستاد و وێنەیەکی، لە ریزی چەرچڵ، دیگۆل، کەنەدی و ئادناوەردا بڵاو کراوەتەوە.*
* *بەشیریزم جۆرە لێدوانێکی گشت لایەنەیە، خەونە مەزنەکانی نەتەوە*

---

(*) ئەم چاوپێکەوتنە لە گۆڤاری سلێمانی ژ١٠ ئاپریلی٢٠٠١ بڵاو کراوەتەوە، چاوپێکەوتنێکی درێژە، بەڵام ئێمە تەنیا ئەو بەشەی کە پێوەندی بەئوستادەوە هەیە لێرەدا دیسان بڵاوی دەکەینەوە. چاوپێکەوتنەکە لە لایەن مامۆستای بەڕێز محەمەد نوری تۆفیق ئەنجام دراوە.

رادەژەنێ.

لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بەناسینی د. عیزەدین مستەفا رەسول، د. ئیحسان فوئاد دەڵێ:

پەنجا و شەش ساڵە من و "عیزەت" واتە "د. عیزەدین" ئاشناین. هەمیشە دەجەنگین لەگەڵ یەکتری و هەمیشە هاوڕێشین. عیزەت هەرچەندە فەلسەفەی چەپرەوی لێ بدا و بەمارکسییەتەوە بنازێ، بەڵام چونکە ئەدیبە و رۆشنبیرە و رۆژنامەنووسێکی هەڵکەوتووی کوردە، هەست و لێکدانەوەی دەچێتەوە سەر خەتی کوردایەتی و ماوەی یەک ساڵی رەبەقیش ئەندامەتی لە حیزبی "شیوعی"دا هەڵسپێرا، واتە "تەجمید" کرا بەهۆی نامەیەک کە هەردووکمان بەناوی ئوستادەوە پێشکێش کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانمان کرد لە ئەڵمانیا بۆ دامرکاندنەوەی شەڕ و ئاژاوەیەکی ناخۆش کە دەمارگەرمی لاوێتیمان هۆکاری بوو. سەیر ئەوە بوو ئەو ئامادەبووانەی پێش نیو سەعات هەر ئەوەندە نەبوو یەکتری بدەنە بەر خەنجەر، بەم نامە سیحراوییەی ئوستادی گەورەمان ئاشت بوونەوە و لە هەرا و جنێوفرۆشی و پەلاماری یەکدی، هەموو کەوتنەوە پێکەنین و ئاشتبوونەوە و یەکتری ماچکردن. شایانی باسە لەم کۆنگرەیەدا شاعیری گەورەی عەرەب "جەواهیری"یش ئامادەبوو، ئەویش بەشداری پێکەنین و ئاشتبوونەوەکەی کردین و بەم "دەوا" عەجیبەی ئوستاد سەرخۆش و مەست و رووگەش بوو.

کرۆکی ئەم نامەیە کە عیزەتی بەو دەردە برد، کوردایەتییەکی پەتی و بێ رتووش بوو. بەپێی ئەو نامە مێژووییەی ئوستاد "ئەوەی ئینفیسالی نەبێ گەواد و حەرامزادەیە". نامەکە لە ئەرشیفدا پارێزراوە.

ئینجا با بگەڕێینەوە سەر باسەکەی خۆمان، باسی بەشیریات. باسی ئەو پیاوە نوورانی و روح سووکە لە بن نایە، وەکو دەڵێن: «ئەم برنجە زۆر ئاو دەکێشێ».

کە لە بەغدا خوێندکار بووم، ئەو کەسایەتییە (سەیر و عەجیبە)م دەستکەوت، چونکە:

یەکەم، دووکانەکەی لەسەر شەقامی رەشید بوو، لە حەیدەرخانە و لە نێو جەرگەی شاردا، کە نزیک بوو لە ئوتێلە ئاشناکانمان "فندق الشمال الکبیر" و "ئوتیل زهور" و مەیدانی ئەمین، نزیک بوو لە شەقامی "المتنبي" کە مەڵبەندی کتێب و چاپەمەنی و چاپخانەکانی بەغدا بوو، نزیک بوو لە مزگەوتی مامۆستای هەڵکەوتوو، ئەدیبی بە بەهرە و رەسەنی کورد "عەلادین سەجادی".

دووەم، نزیک بوو لە مەیدان و "سوق الهرج" و شوێنی خوردە فرۆشەکان، لە چێشتخانە و چایخانەی "حەسەن عەجەمی" و گازینۆی پەرلەمان و چایخانەی "بەلەدیە" کە ئەمانە هەمووی شوێنی هاتوچۆی رۆژانەی ئێمە بوو.

سێیەم و لە هەمووی گرینگتر، مەڵبەندی بەدەستکەوتنی رۆژنامە و کتێب و چاپەمەنی کوردی بوو (کۆن و تازە) و مەڵبەندی بەیەکگەیشتنی کەڵە نووسەرەکانی کورد و سیاسەتمەداران و یاساناسانی ئەو سەردەمە بوو: (رەفیق حیلمی، سەجادی، رەفیق چالاک، عەبدولرەحمان نورجان، تۆفیق وردی، عەبدوڵڵا گۆران) لە خوێندکارانیش: "جەمال نەبەز، عیزەت "د. عیزەدین"، عەلی تۆفیق، کەمال مستەفا، خالید خاڵ، خالس جەواد، مارف خەزنەدار بەر لەوەی دەربکرێ و دەستبەسەر بکرێ لە لایەن ئوستادەوە، جەمال خەزنەدار، فاروقی مەلا مستەفا کە نازناوی فەهمی پێ بەخشیبوو".

هەروەها ئوستاد ئاشنایەتییەکی دێرینەی هەبوو لەگەڵ سیاسەتوانانی نیشتمانپەروەری عێراق "کامیل چادرچی" هەزار رەحمەت لە مەزاری، چونکە لە مێژووی هاوچەرخی هەموو عێراقدا، دیموکراتخوازێکی راست و تێکۆشەرێکی بەهەڵوێست بوو، پەروەردەیەکی نازدار و رەسەنی وڵاتی میزۆپۆتامیا بوو. جا ئێوە لە من دەپرسن کە وەک "بەشیریست" ناسراوم، منیش دەڵێم نەک هەروەک بەشیریست ناسراوم، بەڵکو شاگردێکی دێرینەی ئەو پیاوە مەزنەم. لە مێژووی پەنجا ساڵەی ژیانمدا، شانازی بەوەوە دەکەم کە لە پاش سی (٣٠) ساڵ لێکدانەوە و مشتومڕ توانیومە یەکەم لێکۆڵیار بم کە فەلسەفەی ئەو پیاوە گەورەیەم پێناسە کردووە. لە پێش مندا کەس نییە پێناسەیەکی وردی ئەو بۆچوون و فەلسەفەی ئوستادی رەحمەتی خستبێتە

"بابی پێناسـین و تەعریفـەوە". بەختـەوەرم کە لەم دەرفـەتەدا و لە جێی خۆیدا ئەم "پێناسـەیەم" بۆ جـاری دووەم دەخـەمـە بەردەم بەشـیریسـتـانی سـەردەم و بنکەکانی راگەیـاندن و رۆژنامە و تەلەفزیۆن و گۆڤارەکـانی هـەرێم، بەتایبـەتی ئەم گۆڤارە "سلێمانی"یە.

من لە سـالآنی ١٩٥٣ - ١٩٦٠دا دەرفـەتی ناسـینی ئوسـتـادم دەسـتکەوت، چەند جـارێ چوومـەتە خـزمـەتی لە دووکانەکەی. بەر لە مـاڵئاواییش، سێ جـار لەو چەند رۆژەی پێش سـەفـەرکردنم بۆ یەکێتی سۆڤـیـەتی ئەوسـا سـەردانیم کـردووە. مـانگی شـەشی ١٩٥٩ کـە بۆ تاقـیـکردنەوە چەند سـەرچاوە و (کـیـتـابێکم) لێ وەرگـرت، دووەم جـار ئاگـەدارم کـرد کـە لە مـاوەیەکی نزیکدا سەفـەر دەکەم ئەگەر ئیش و راسـپاردەیەکی هـەیە بە خۆشـییەوە بۆی جێبەجێ دەکەم، ئوستاد کە ئەمەی بیست فەرمووی:

- ئێ ئەتۆ بۆ چ وەڵاتێ دەچی؟

- بۆ مۆسکۆ، یەکێتی شۆرەوی.

- ئێ بڵێ "مەسکوە".. جا بۆچی دەچی؟

- بۆ خوێندنی ئەدەبیات و زمانی کوردی و وەرگرتنی بڕوانامەی دوکتۆرا.

- ئەتۆ کـەیفی خـۆتە، بەڵام ئەگـەر لە لای "ئەمـین" "واتە من" شـەش مـانگ دەوام بکەی، باشتر فێر دەبی.

دواجار لەسـەر داخوازی خۆم قاتێ جل و بەرگی رانک و چۆخـەی کوردیم لە سلێـمـانی دابوو بـەدروسـتکردن، باوکم بەناونیـشـانی "حـەیدەرخـانە، بەشـیر مـوشـیر" ناردبووی، کـە چووم بۆ وەرگرتنی، ئەمـانەتـەکەی خسـتـە بەردەمم و بوخچەکەی کردەوە، کاتێ ویستم بەچاکی بیپێچمەوە بۆم نەدەکرا، ئوستاد بە دەستوبردێکی چاوەڕواننەکراو پەلاماری بوخچەکەی دا و لە دەستی سەندم و فەرمووی:

ئێ دیارە گەنجی ئەم زەمانە زۆر بێ دەسەڵات و نەزانن.

دیارە ئوسـتـاد خـاوەنی مـێـژوویەکی درێژ بوو لە بەرگـدرووندا، سـالآنی

(١٩٢٥-١٩٤٦) زۆر شارەزا بوو لە پێچانەوەی دەستە جل و مقەستکاریدا، بۆیە لەو تەمەنەیشدا ساڵی ١٩٥٩ زۆر بەخێرایی بوخچەی رانک و چۆخەکەی منی پێچایەوە و دایە دەستم. ئەمانە هەمووی وردە یادگارن لە ناسیاوەتی من لەگەڵ ئوستاددا.

دوکتۆر حەوتەی مژدەبەر کێن؟

لەگەڵ ئەم هەموو خەریکبوون و کۆششەدا، من حەدم نییە بگەمە بەرزترین خەتی پایەی ئەو ئیمامە روحانییە. کە پایەی حەوتەی مژدەبەرن. چونکە ئەم حەوت کەسە بەختەوەرە، ئەوانەن بەدرێژاییی کاتێکی زۆر و سەدان جار لە خزمەتی ئەو پیاوە مەزنەدا بوون و گفتوگۆ و دانیشتن و حیواریان لە تەکدا کردووە. لە نێوان ساڵانی (١٩٤٥-١٩٦٣) زۆر جاران بانگهێشتی کردوون بۆ ماڵی خۆی، میوانداری کردوون و سەروپێی دەرخوارد داون. بەتایبەتی لە یادی جەژنی نەورۆزدا، ئەو بەختەوەرانەیش، ئەم سیاسەتوان و خەباتگێڕانەی خوارەوەن:

١- محەمەد تۆفیق وردی، کە ئوستاد پێی دەگوت "وەوردی"، چونکە نازناوەکەی بەدوو واو دەنووسی. وردی بەر رەحمەتی خوا کەوتووە.

٢- جەمال نەبەز، کە کاسێتێکی دوو سەعاتی لەگەڵ ئوستاد تۆمار کردووە(**). ئەم کاسێتە ئێستا لە شاری هامبۆرگە لە ئەڵمانیا.

٣- فوئاد کەمال(***)، نووسین و دیدەنی زۆری لە تەک ئوستادا ئەنجام داوە.

---

(**) ئەو کاسێتە لە بنەڕەتدا لە لایەن بەڕێزان کامیل ژیر و د. محەمە نوری عارفەوە تۆمار کراوە و نێردراوە بۆ بەڕێز جەمال نەبەز، بەڵام پێمان وایە کە ئەو کاسێتە بەداخەوە نەماوە.

(***) مەبەست بەڕێز د. کەمال فوئادە. ئوستاد ناوی زۆر کەسی بەپێچەوانەوە گوتووە. هۆیەکەی نەزاندراوە. بەردەوام ئوستاد بە بەڕێز د. کەمال فوئادی گوتووە: "فوئاد کەمال" و بەبەڕێز "ئیبراهیم ئەحمەد"یشی گوتووە: "ئەحمەد ئیبراهیم".

٤- کامیل ژیر، خاوەنی چەندین نووسین سەبارەت بەئوستاد و خاوەنی شانۆنامەی "گەورە پیاوە". لە دوا وەسیەتی ئوستاددا ئامادە بووە. لە تەک د. محەمەد نوری عارفدا ئەو هەلەی بۆ رەخساوە، لە (٢٩- ٦- ١٩٦٣)دا.

٥- شەمسەدین موفتی، خەڵکی شاری هەولێرە و ئێستا دانیشتووی هۆڵەندایە. زۆر جار ئامادەی دانیشتنەکانی ئوستاد بووە و زۆر ڕێزی لە ئوستاد گرتووە. لە ئەمستردام و لە لەندەن کۆڕی بۆ ئوستاد گرتووە.

٦- عەلائەدین سەجادی، نووسینی تایبەتی هەیە لە یاد و چالاکی مامۆستادا. هەمیشە لە مەجلیسە رەنگینەکەیدا ئامادە بووە و یاریدەی داوە. بەبێ دەنگی و بێ باسکردن.

٧- لە نێوان د. محەمەد نوری عارف، د. عەلی تۆفیق، د. عیزەدین مستەفا رەسول، د. عەبدولرەحمان نورجان، محەمەد عەلی عەونی و مامۆستا قادر کەریم دابەش کراوە. هەر یەکێک لەم زاتانە، چەند (سەد-سەهەمێکی) بەرکەوتووە. ئەمانە ئەندامی یەدەکن و بە"مناوبە" واتە بەنۆرە، بەپێی زنجیرەی رووداوەکان و چالاکییان ئەو نازناوە، واتە "حەوتەی مژدەبەر"یان دەدرێتێ. هەموویشیان حەز دەکەن ببن بە"ئەندامی کارا" یان "ئەندامی بۆش" بەڵام ئەمە تەنیا دەسەلاتی کۆنگرەی نەتەوەیی بەشیریستان بڕیاری لەسەر دەدا، کە زۆر بەداخەوە لەبەر بارودۆخی ناهەمواری وڵات و پەرت و بڵاوی ئەم ئەندامانە کە وەکو کوردستان خۆی دابەش کراون، هەر یەکەی لە کووچەیەکی ئەم سەر زەمینەدان و ناتوانن بەئاسانی هەموویان پێکەوە کۆ ببنەوە. بەتایبەتیش کە بەشێکیان بەر رەحمەتی خوا کەوتوون، ئاواتەخوازین کە تا ماوین و گوڕمان تێدا ماوە دیدەمان بەم کۆنگرە مێژووییە گەش بێ و بەشداری بکەین، تاکو لەو کۆنگرەیەدا بتوانین بڕیاری هەڵبژاردنی ئەندامی ژمارە حەوت بدەین، کە کێشەیەکی ئاڵۆزە، چونکە هەر یەکەیان "خوا هەقە" شایستەی ئەو پایە بەرزەیە. لە نێو ئەمانەدا "عیزەت" بەنووسین و بەکیتابێکی قەبە و گەورە لە شێوازی رۆمانێکی هونەریدا یادی ئوستادی کردووەتەوە. کۆششی

"عیزەت" لەم مەیدانەدا لەبەرچاوە و مایەی خۆشی و قەدر زانینە، ئەگەر بەچاوەی "ئینساف و عەدلەوە" حیسابی بۆ بکرێ. بەڵام بەداخەوە ئەز ئەو دەسەڵاتەم پێ نەدراوە و مافی ڤیتۆیشم نییە، دەنا دەمخستە خانەی باڵای ئەندامانی حەوتەی مژدەبەرەوە.

پاش ئەم بەرکوڵە، لام وایە شتێکی باشە پێناسەی فەلسەفەی بەشیریزم بخەمە بەر دیدەی خوێنەرانی ئازیز و بنکەکانی راگەیاندن و رۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستان.

ئەز پێناسەی فەلسەفە و بۆچوونی ئوستادم بەم جۆرەی خوارەوە کردووە:

«بەشیریزم جۆرە لێدوانێکی گشت لایەنەیە لە شۆڕە سواریی پڕ کارەساتی نەتەوە، کە لە بێ هیواییەوە مرۆڤ دەبات بەرەو جیهانێکی خەمڕەوێن، گریان دەکات بەزەردەخەنە و زەردەخەنەیش بەپێکەنین.

وەک ئاڵایەک خەونە مەزنەکانی نەتەوە رادەژەنێ و دەیخاتەوە شنەشن. تا لە ئەنجامدا دەگاتە گەشترین لووتکەی رێڕەوی نەسرەوتن، بەیارمەتی یەزدان و بەکوێرایی چاوی دوژمن».

مامۆستا کامیل ژیر، لە وتارێکدا ئەم زێدەباییەی خستووەتە سەر گەنجینەی فەلسەفەی ئوستاد. وەکو بەرپەرچدانەوەی ئەو ناکۆکییە بەرواڵەت دیارانەی هێندێ جار تەمومژی خستووەتە نێو فەلسەفەی بەشیریستانەوە: «مامۆستا بەشیر موشیر ئەو زاتە پیرۆزەیە کە بەدرێژایی تەمەنی پان و بەرینی، هەرگیز درۆی نەکردووە، هیچ کاتێکیش راستی نەگوتووە».

ئوستاد پێش ئێمەیش هەر شوهرەتی هەبووە، پێوەندی لەگەڵ رۆشنبیرانی دەرەوە بەهێز بووە، کتێب و گۆڤاری بۆ ناردوون، لەوانە: کامەران بەدرخان پاشا، نورەدین زازا، قەدری جان و جگەرخوێن.

جگە لەمانەیش پەنابەری وەکو هەژاری شاعیر و زەبیحی زانا چوونەتە لای. هەروەها مێجەر ئەدمۆنس (راوێژکاری بریتانیا) کە دانەیەک لە کیتابی "سیپارەی هەقپەرستی" بەدیاری داوەتێ.

د. مارف خەزنەدار کە لە هاوینی ١٩٨٦دا لە پاریس بوو، وێنەی بەرگی ئەم کیتابەی مامۆستای گرتووەتەوە کە ئوستاد بەدەست و خەت و ئیمزای خۆی پێشکێشی ئەمیر کامەران بەدرخانی کردووە.

زانا ناسراوەکانی سەردەمی یەکێتی سۆڤیەت لە نموونەی "کوردییف، بەکادییف و سۆکەرمان" باش دەیانناسی. تەنانەت کە پرۆژەی نووسینەوەی مێژووی کوردیان ئامادە کرد، دانەیەکیان بۆ من نارد لە مۆسکۆ، لە نێو بەرنامەدا ناوی ئوستاد هاتبوو، بەرووسی و بەم جۆرە:

"دێ تەل نەست، بەشیر موشیرا" واتە "چالاکی و جموجوڵەکانی بەشیر موشیر". بەڵام د. مارف خەزنەدار و د. کاوس نووری چاویان بەرایی نەهات بەم جۆرە رێزی لێ بگیرێ و ناوی بهێندرێ، چونکە بەلای ئەم دووانەوە بەشیر موشیر شایستەی ئەم ناوهێنان و رێزلێگرتنە نییە. تەنانەت زمانەوانی ئەوسای ئامۆژگای خۆرهەڵات، پرۆفیسۆر "سۆکەرمان" پێی گوتن، ئەگەر قسەکانی ئێوەیش راست بن، ئێمە لەم جۆرە نووسەرانەمان هەبووە. ئەدەبیاتی رووسی زۆر دەوڵەمەندە بەناوی وا کە خۆیان هەموو کارەکانیان نەنووسیوە. بەڵام پایەی کۆمەڵایەتی و جموجوڵیان لە چالاکیی ئەدەبی، هونەری و سیاسییەکاندا وای لە نووسەران کردووە کە رێز لەم جۆرە کەسایەتییەی کە وەک "بەشیر موشیر" بوون بگیردرێت. ئیتر ئەمان و کۆمەڵێ رۆشنبیری دیکەی ئەو سەردەمەی سۆڤیەت، بەداخەوە، نەیانهێشت پرۆژەکە سەربگرێت. هەرچەندە من بەرگریم لە پرۆژەکە کرد و ویستم رایەکەی "خەزنەدار" و "قەفتان زادە" مایە پووچ بکەمەوە، پرۆژەکە لە شاری "لینینگراد" بوو، "مارف و کاوسیش" ئەو دەمە بڕوانامەیان وەرنەگرتبوو، بەڵام خوێندکاری ئەو ئامۆژگایە بوون و نەیانهێشت پرۆژەکە سەربگرێت. هەر یەکە بەنیازێک و بەمەبەستێک "خێریان نەنووسێ و ئەمەیان لەسەر حسێبە".

هاوینی ساڵی ١٩٩٨ لە لایەن فوئاد کەمالی برامەوە "بەشیر هەروا ناوی دەهێنا" کتێبێکی قەوارە گەورە بەزمانی ئەڵمانی کەوتە بەرچاوم، ئەم کتێبە ناوی گەلێ ناوداری جیهانی تێدایە، لە ناودارانی کۆن و نوێ، ناوی "چەرچڵ،

دیگۆل، کەنەدی و ئادناوەر"، تەنانەت فەیلەسووفەکانی یۆنانیشی تێدایە، نزیکەی ٢٧٠ ناوێک دەبێ، ئەم نووسەرە نەمساوییە شارەزا و بەویژدانە، ناوی ئوستاد و وێنەیەکی تایبەتی «کە بەدەست کراوە و بەپەڕەمووچەی هونەرمەندێکی نەمساوییە» بڵاو کردووەتەوە، لەگەڵ کورتەیەک لە ژیانی، چالاکی و رۆڵی لە کۆمەڵی کوردەواریدا . نە من، نە بەشیریستانی کوردستان، نە فوئاد کەمال، نە جەمال نەبەز، نە کامیل ژیر، ئاگەداری ئەوە نین ئەم مێژوونووسە نەمساوییە چۆن دەرکی بە مەزنی ئوستاد بەشیری رەحمەتی کردووە. لە چەرخێکدا نووسەران و شاعیرانی کورد لە ناو و باسی خۆیان زیاتر لە زاریان نایەتە دەرێ، یەکێک بووەتە یەکەم زمانەوان و بلیمەتی زمان، یەکێکی دیکە دەڵێ، هەر من مێژوونووسی بەتوانام و ئەوانی دیکە نەزانن، یان تاکە رۆمان نووس یاخۆ تاقە شاعیرم، هەر کەسێ خۆی لا زلە و هاوچەرخەکانی ناسیاوی لە لا هیچ نییە و دانی خێر بەهیچ بەرهەمێکیاندا نانێت، لەبەرئەوە خەڵکانی بەویژدانی دەرەوە رێزیان ناوە لە ئوستاد، بەپێچەوانەی نووسەرانی کوردەوە، مافی خۆیان داوەتێ و پلە و پایەیان دیاری کردووە. من هیچ رۆڵێکم نییە لە نووسین و باسکردنی ئینسکلۆپیدیای رووس و ئینگلیزیدا، من لەو باوەڕەیشدام روحیانەتی ئەو پیاوە پاکە، دەم بەپێکەنینە، بەتایبەتمەندی و رووخۆشییەکەی خۆیەوە، سەرەتاتکێ لەگەڵ بەرهەڵستکارەکانیدا دەکات و تێر و پڕ پێیان پێ دەکەنێ، وەک بڵێ:

«ها ئێوە ویستتان ناوی من لە نەتەوەدا بسڕنەوە، بەڵام سەرنەکەوتن و یاغنیش بوون. ئەوەتا رۆشنبیر و نووسەرێکی نەمساوی پاش ٣٦ساڵ لە کۆچی دواییم، یادی من دەکاتەوە و لەسەرم دەنووسێت. بەدینی پێغەمبەر، ئەمە رەوا نییە و مایەی شەرمەزارییە بۆ ئێوەی بێ وەفا و سپڵە»

لەم راز و گلەییەیشدا ناهەقی نییە.

# كۆمەڵێ وتار بە زمانی عەرەبی
# سەبارەت بە ئوستاد بەشیر

أربيل

١٩٩٣/٧/٢٣

كان في احدى الاماسي، اجتماع المكتب السياسي، جاء كاك رسول اثر العودة من السفر والوصول، فاستقبل بحفاوة الرفاق، والتباوس والعناق، الا الدكتور كمال فؤاد، فانه خرج على اصول العباد، فعنده التباوس غير جائز، الا للعوانس والعجائز.

وكان الاجتماع على قدر من الاهتمام، الا أن كمالاً يفكر في الشيخ الهمام، وتارة في المشير البشير، ذو الشأن والشأو الخطير، يحتار بين استخدام المتر والمطرقة للضرب أو الدخول في البوتقة، فنادى الشيخ من اعماق الاجداث، أنا لم أعد أحب الاحداث، فلماذا توقعني في هذه المآزق، وتحشرني في كل المرافق، فلو لم تكن راوياً لأدبي وأخباري، لهجوتك بقصائدي وآشعاري، ولا تكن لي عصياً، فلقد بلغت من الكبر عتياً.

فكن بي شفيقا، ولي رفيقاً وصديقاً، ولا تنزل من هيبتي، ولا تهلك صحتي، وبلغ تحياتي الى من يقرأون قصائدي، ويفهمون مرماي ومرادي، وان هذا لمن كمال فؤادي.

اما البشير ذهبي المقصّ، بدأ بمقالته وقصّ، وقال ايها الراوي لم لا تجمع أخباري، وطرائفي وأشعاري وأفكاري، في كتاب يقرأه أبنائي الاكراد، ويعرفون فضل الآباء والاجداد، بينما تكتب عن رضا ومجونه، وتبدي الاعجاب برمحه

وفنونه، وتنسب لي أقوالا لم تخرج من فمي، وأحداثاً لم يكن لي فيها أي سهم. إذا لم تكتب ما أطلبه (عەرەب دەردەچى) في قاموسي، وهذا عهدي ووعدي بالشرف والناموس.

وتتوالي الاجتماعات، وكمال يكتب الوريقات، يرسله لهذا وذاك، وتبدا القهقهة والضحكات، ويبدأ بتعليقاته، ولا يكفّ عن بشيرياته، يفرض على الجو التشويش، يحرك يديه كلاعب الريش، فينظر اليه مام جلال باسما، واحيانا شذرا حازما، يناشده بالانبياء والاله، السكوت والانتباه، فيسكت مضطرا وعلى مضض، ويدافع بعينيه ان ليس له في ذلك غرض، وما هي الا ثوان ودقائق، ويستخدم مختلف الطرائق، فيكتب بيتا للشيخ الطالباني ويعدل أو يضيف اليه ثاني، ويحلف ان الشيخ لايزال محتفظا بقوته، وحصانه واقف وفي اوج سطوته.

لله درّك ياكمال، فرغم كل ذلك تواصل النضال، تنشر شعر الشيخ الفعّال، وادب البشير المفضال، فمن اجلهما كل شيئ لديك يهون، وقل اعملوا فسيرى الله عملكم ورسوله والمؤمنون.

## على هامش الندوة البشيرية

مع اطلالة يوم الخميس المصادف ١٩٩٩/٥/٢٠ من الشهر المنصرم حملت جريدة (كوردستانى نوێ) الغراء في صفحتها الثقافية، نبأ انعقاد ندوة فكرية في عاصمة الرايخ احياء لذكرى الراحل الخالد الاستاذ (بشير مشير) المتوفي في ٣٠/تموز/١٩٦٣، ومما يزيد من اهمية انعقاد هذه الندوة، حدوثها في فترة حرجة من تاريخ الحركة الوطنية الكردية التي كان الشيخ الراحل دون ان يدرك ذلك – احد اقطابها البارزين منذ بدايات هذا القرن الموشك على الانتهاء – والى آخر يوم من حياته المديدة. لكن الحركة البارعة التحررية التي مازالت ومع الاسف الشديد – تعاني من آوبنة الشقاق والنفاق والجبن والتخاذل ولا زالت تواجه جحافل المغول القتلة المساندين من قبل الاستعمار العالمي، كما ولا زالت

فصائلها الثورية العمالية الكادحة تتحدى الغزاة من عقر دارهم من على ضفاف الدردنيل والبسفور في محاولة مغامرة وشجاعة لصدهم ووضع حد لمؤامراتهم الخبيثة وأرجاع خنجرهم المسموم الى صدر والدهم المزعوم الماسوني الملطخة ايادية مع ايتامه الفارغي - الرؤوس بدماء عشرات الآلوف من ابناء ميديا الميامين، وذلك في محاولة يائسة منها لتحويل (مهد البشرية) الى (جحر للقتلة) والسفاكين، يشاركها في ذلك اسياد الرأسمالية الجديدة وشركاتها الاحتكارية البغيضة المتآمرة تحت غطاء الانسانية والعولمة والحرية المزعومة. ويأتي انعقاد هذه الندوة في هذه المرحلة بالذات خطوة جادة من على طريق الاشادة بالمناضلين الحقيقيين وفضح الادعياء من عملاء الغزاة والمستعمرين.

واستاذنا الراحل غني عن التعريف فقد تيمن به ويفكره البسيط - المعقد عدد كبير من الادباء والمفكرين والشعراء شيبا وشبابا، واستشهد بأقواله الجادة والساخرة في مختلف المناسبات المفرحة والمحزنة احيانا، فطوبي لروحية هذا الراحل الخالد وشكرا (للجمع المؤمن) من تلاميذه الاوفياء الميامين، وأود هنا ان اوضح نقطتين لابد من توضيحهما للقارئ العزيز: أولا هما، انني فضلت الكتابة في هذا الموضوع بالذات بلغة الضاد، نظرا لانخراط عدد غير قليل من الشباب الراعي في زخم هذه الحركة الطوعية المستوعية المتجددة دوما، لأن جل هؤلاء الشباب في منطقتي كفري وبادينان لا يجيدون اللغة الكردية اجادة تامة، مما قد يسبب الالتباس والغموض من فهم بعض جوانب فكر الاستاذ المثالي والمادي، فقد افاد الاستاذ سعيد الجوهري مسؤول منطقة (گرميان) في رسالته المؤرخة س/فوق العادة، ٢٧/نيسان/١٩٩٩. بأن عدد الذين قدموا بطلباتهم للانخراط في مسلكية هذه الحركة الطوعية الشعبية يزيد على ١١/٣٣٧ شابا وشابة وهذا عدد يفوق التصور، كما وأن استاذنا الجليل الدكتور السندي مسؤول منطقة بادينان الخلابة فقد بعث ببرقية مفرحة مفادها بأن ما يقارب (٧٤٠١) شاب وشابة انخرطوا وهم يغنون أناشيد النصر في صفوف هذه الحركة البشيرية

الشعبية التي لا تعترف بالمستحيل، وهؤلاء الشباب في منطقتي كفري وبادينان لايعرفون من اللغة الكردية إلا النزر اليسير ولكنهم يجيدون لغة الضاد ايما أجادة، بل ان من بينهم من كتب قصائد عصماء في مدح الشيخ الراحل وبعثوا بها الى جرائد في دول الخليج كجريدة (الدوحاء) و(الجزيرة) من السعودية والمنامة والبحرين. ولا عجب ان تمتد اشعاعات فكر الراحل الروحية والمادية الى ضفاف دول الخليج المجهرية، فلا زال لعالمنا الخالد العلامة (مولانا خالد النقشبندي) الذي غادر كردستان في عشرينات القرن السابق (١٨٢٤) متوجها الى الشام، اقول لازال للعلامة مولانا خالد الشهير تلاميذ في الكويت والاحساء وحي الاكراد في ضواحي الشام، وقد كان الراحل بشير من المعجبين بفكر واشعار (مولانا خالد) وينوي نشر كتبه وان لم يوفق في ذلك مع الاسف. بما وان لهذه الندوة أهمية اخرى تكمن في اشتراك اثنين من الاعضاء البارزين من مؤسسي الحركة من احيائها وهما كل من السادة الاستاذ العلامة جمال نبز والباحث اللغوي المعروف الدكتور كمال فؤاد، كما ومما يبعث على السرور والحبور مشاركة الشاعر محمدأمين پينجويني في وقائع الندوة اذ اغناها باستنتاجاته الطريقة بالرغم من كون عضويته لا تتجاوز مرتبة مؤازر ليس إلا.

وبالرغم من اني انتمي الى جيل لاحق من مناصري الحركة البشيرية ولا ارتقى الى منزلة هؤلاء السادة من الاعضاء البارزين، فانني اجد من حقي كباحث علمي اقدم منذ الـ ١٦/حزيران/١٩٧٥، ان اساهم ولو بمساهمة بسيطة في تمجيد ذكرى الشيخ الراحل، وقد تشرفت بلقائه قبيل سفري الميمون الى عاصمة الثلوج وقياصرة عام ١٩٦٠ لاكمال دراستي، وقد قدم لي اثناء توديعي له يوم ١٣/٩/١٩٦٠ وانا اصافحه ينصائح مفيدة وقيمة لم أقدرها حق قدرها آنذاك، ولكنني اتذكرها الآن واتحسس على عدم قدرتي من استيعاب مكنوناتها في تلك الحقبة المظلمة.

وملاحظاتي عن كلمة استاذنا اللغوي الدكتور كمال فؤاد الذي كان له

مراسلات مشهورة ومتواصلة مع مكتب الراحل الكبير، على صفحات مجلة (رۆژى نوێ) الغراء ١٩٦٠، اقول ان ملاحظاتي عن كلمته المنشورة في (كوردستانى نوێ) يوم ٢٠/٥/١٩٩٩، انه ربط بين اللاعلمية وفلسفة الشيخ الراحل. والظاهر أن الدكتور لازال يؤمن بالتراث الماركسي – اللينيني ويحسب لكل صغيرة حسابها بموازين طبقية ديالكتيكية ويزن بموازين التجار المتزمتين وهذا اجحاف وظلم في نظرنا اذ ان فلسفة وطروحات الشيخ الراحل لا تتحمل هذا القياس الغريب، وأود ان اقول له ان حركة التاريخ لا تقتصر على الطبقية والمادية البحتة كما يتصور هو، كما ان (نقض – النقيض) لا يأتي بالنتائج المرجوة في كل حين، ان حركة التاريخ لها خصوصياتها وطفراتها غير المتوقعه مما يبرر تبريرا كاملا بعض الغرائب والعجائب من طروحات بشير الخالدة، كما ان اخبر استاذنا الكريم بأن عصر الماركسية قد اوشك على الرحيل وانه قد آن الا وان له ولغيره من المؤمنين بالمادية الصرفة، ان يشغلوا من الآن فصاعداً، بطروحات جديدة،، ما بعد ماركس وقولي هذا لا يقلل من قيمة النظرية العلمية لماركس وأعوانه، بل يزيدها عمقا وثراء، فلكل عصر نظمه، ولكل فلسفة بداية ونهاية، وهنا اتعجب واتساءل، ألا يدري استاذنا العزيز بأن مجلدات الفكر الماركسي قد اودعت منذ ربع قرن أو اكثر في متاحف التاريخ الطبيعي لتطور الفكر الانساني في مكتبات العالم الشهيرة بما فيها مكتبة الدولة في عاصمة الرايخ؟ ويكفي ماركس انه قد اثار كل هذه القلاقل والروابع بعد رحيله بعشرات السنين، وهذا فصل من الانسانية عليه، اعترافا بنبوغه وأهميته في اعضاء الفكر الانساني.

لابد ولاهم من ذلك، اكتشاف بشير الخلاق عند تناوله القضية الكردية من ان ايجاد حل عادل لهذه المعضلة لا يتم عن طريق التوجه الى خارج مملكة ميديا، بل أن التوغل في اعماق الفكر الانساني وانقاذ الامة انما يتم بالاعتماد على قياسات الجبل والقبج وشنينة اللبن المثلجة الممزوجة ابدأ بمياه ينابيع جبال

ووديان كردستان الخلابة. وهذا هو عين الواقع والصواب ولا يوجد بديل عنه ينقذ ويوحد الأمة.

أما كلمة الاستاذ العلامة (جمال الدين نبز)، فهي تدخل ضمن اطار الذكريات والاقاويل الحكيمة، وحبذا لو قام استاذنا برحلة الى موطن وبيت الاستاذ وفتح لنا صندوقه العتيد الذي ينتظره منذ اكثر من (٤٠) سنة دون جدوي، حيث ان وصية الاستاذ الراحل قد انتقاها من بين الجميع ليقوم بهذا العمل الجليل، وحبذا لو قام (نبز) كأحد ابرز اقطاب البشيرية بنشر دراسة مستفيضة عن الراحل وذكرياته الطويلة معه وصحح بعض جوانب التعريفية ككتاب (الاستاذ) الذي الفه صديقنا اللامع الدكتور (عزالدين رسول)، حيث انه مع الاسف اتاح لنفسه بالتطاول على رهط كبير من علماء الكرد وافذاذه لسبب في نفس يعقوب، بالرغم من ان بعض فصوله كتابه تعتبر محاولة جيدة للتعمق في اعماق الفلسفة البشيرية.

كما وانني انتهز هذه الفرصة لابعث بتحياتي القلبية الى الشاعر الشريد وجوانب الآفاق صديقي (محمدامين پينجويني) الذي ساهم مساهمة كريمة في احياء هذه الذكرى.

ويقينا ان البسطاء من مفكري شعبنا هم العظام، فقد خدموا تراثه وتاريخه وكان لهم مواقف مشهودة وتضحيات جمة في ايام قاسيات حبلى بفواجع الدهر والقدر، فتحملوا اهوال الغربة والبعد والنوى والحب، وقد استفحل امر هذا الحب المستمر وانتشر انتشار النار في الهشيم في قلوب تلامذته الاوفياء، فباتوا يخدمون شعبهم بكل همة وثقة واصبح لهم مؤلفات قيمة في ادب وتاريخ حركة الشعب الكردي التحررية التي ستوقف المغول المعتدين عند حدهم، وتفجر السدود من تحت اقدامهم، هؤلاء الفاشست الذين ينوون ابادة هذا الشعب العريق ويضعون الخطط التآمرية لتبقى الامة الكردية الفاضلة منقسمة، مشتتة، لا حول لها ولا قوة.

ولكن هيهات... فتيارات الحب المتدفقة الدافئة للشعة، النابعة من ينابيع الخير والبركة الكردستانية بقممها الشماء وعيونها الرقراقة العذبة، سوف تهب يوما لتوحد الامة وتقضي على عوامل الفرقة والتشتت والانقسام العشائري البغيض، ويقينا ان حبا من هذا النوع لكفيل بأن يفجر السدود ويحطم الحدود ورحم اللّه الشاعر الذي قال:

ولا زال الهــوى سكنا لقلبي،
افـر اليــه من نوب الخطوب!
والتـــذ الغـــرام المحظ منه،
واســتحلي به حـتى كـروبي،
كـذاك الحب لا يأتيك صيـفـا:
إلا الـى الكـرام مـن القـلـوب!

الباحث العلمي الاقدم
احسان فؤاد

## خـاطـرة ادبيـة

د. احسان فؤاد

نحن جمع من الادباء والشعراء الاكراد لنا مصطلح علمي نعتز به كثيرا لكونه حسب رأينا معيارا رائعا نقيس به عمق الظواهر وطولها وعرضها وقياسنا هذا قلما يخطيء لأنه يستند الى العلمية الموضوعية وتجارب التراث ومبادئ الحق والانصاف.

فالمعيار البشيري وهذا هو اسم المصطلح يستعمل للتعبير عن المفارق الغريبة والاطنابات الرتيبة والتناقضات المربية والاستنتاجات المصيبة والاجتهادات الرائعة والاجراءات الرادعة. وباختصار فان هذا المعيار الاصطلاحي المسمى بـ(المعـيـار البـشـيـري) لتـقـصـى كنه الأشـيـاء وجـوهـرها المادي والمعنوي – من

الاصطلاحات التي تغنينا عن غيرها من الاصطلاحات المستعملة (كحصان طروادة) و(فرس النبي) و(السهل الممتنع) و(التكثيف الرومانتيكي) و(التسطيح الكلاسيكي) و(التداعي) و(المنلوج الداخلي) و(اللامنتمي) وحتى (بعد اللامنتمي). ومعيارنا قياس وارد لغرز الايجابيات من السلبيات فحينما نقول (انجاز بشيري) نعني به انجاز رائع وحينما نقول (موقف بشيري) نعني به موقف غريب وحينما نقول (استنتاج بشيري) بمعنى استنتاج غير منطقي و(خطوة بشيرية) بمعنى خطوة كبيرة وهكذا فالمعيار البشيري معيار لقياس ازدواجية الأشياء بشكليها السلبي والايجابي! أما كيف نعرف ان هذا الاصطلاح يستعمله فلان للتعبير عن ايجابية الشيء بينما يستعمله الآخر للتعبير عن سلبية الشيء فهو حصيلة علم غزير لايستطيع تمييزه الا من درس الفلسفة القديمة والمعاصرة من الفها الى يائها بدءاً «بسقراط» وتلامذته ووصولا الى «شوبنهاور» و«كانت» و«هيغل» ومرورا «بماركس» و«سپينوزا» و«فولتير» و«روسو» ومنتهيا «بسارتر» و«كامو» و«برتراندرسل». وبالمناسبة فليس في وسع كل احد ان يستسيغ او ان يفهم كنه هذا الاصطلاح. اتذكر صديقا عالما لي كان يتعامل مع هذا الاصطلاح بعصبية ظاهرة كلما سمع احدا يستعين به لشرح موقف معقد، او قياسا لكنه الماهيات وأبعادها. فكان تارة يسميه (شعوذة) وتارة ينعته بـ(خرافة) لا غير. ومرت السنون واذا بي أرى نفس هذا الصديق في مناسبة لاحقة يستعمل نفس المصطلح المعياري ففرحت بهذا الرجوع الكريم الى جادة الصواب فلما استفسرت منه عن سر هذا التغيير اعتذر عالمنا هذا عن مواقفه السابقة وأصبح يكثر من تودده نحو استاذنا الجليل (الشيخ بشير المشير) رحمه الله، حتى بات لا يحلل ولا يعلق على شيء الا وفق هذا المعيار مصححا إنحرافه المعياري السابق.

والشيء الذي اريد ان اذكر به صديقي محمد البدري فأن ما كتبه قبل ايام في زاوية (كل يوم) من هذه الجريدة الغراء بعنوان «اتذكر يا صديقي... شەونم؟»

كان نسيجا مكثفا من البشريات الموضوعية والذاتية وخصوصا ان ع. ع. شەونم بلحمه ودمه ما هو الا فنان وشاعر اخذ الكثير من محيطه المزدحم والخلاق والمفعم بالتناقضات العجيبة والمواقف الغريبة والبشيريات المصيبة. وكل ما اتمناه ان يفهمني صديقي (البدري) وان يتذكرني رفيقي شەونم في هذا العالم المزدحم (المخبوص) والسريع الجريان حيث يكاد ان لا يتذكر فيه الانسان حتى أصدقائه المقربين وخلانه الاوفياء وكيف لا وما انا الا قطرة من محيطي الهائج فكيف لا يفهمني ولا يتذكرني من كان «يناجي في ليلة مقمرة قطرات الندى البشيرية – الشونمية؟» ان لم يكن مجاملة لي فعلى اقل تقدير تجنبا للتبخر السريع امام شعاعات دفء الربيع.

## أربعينية محمدأمين زكي بك

كتابى عن سلامة وما سلامة من يرى كل يوم وكنا مهدوداً ولحداً ملحوداً واستاذ التاريخ مفقوداً وحوضاً من المنبة مورداً ويعلم ان أيامه مكتوبة وأنفاعه محسوبه وان شباك المنايا له منصوبة.

إن لهذه الدنيا ما اكدر صافيها وأخيب راجيها وعدر ايامها ولياليها وانقص لذاتها وملاحيها... ورد علينا بواسطة جريدة ژين من مدينة السليمانية خبر وفاة الاستاذ الكبير والعالم الشهير محمدامين زكي بك الوزير السابق فدارت بي الارض حيرة واظلمت في عيني الدنيا حسرة وملا الوله قلبي وفكرت وتذكرت الايام التي كانت تجمعنا في نادي الارتقاء وكان الاستاذ الكبير ينورنا بنور علمه الشهير فعلمت انه شرب بكأس سأشربها ورمي بقوس سوف أرمى بها فبكيت عليه بكاء لي نصفه وحزنت له حزناً لنفسي شطره وسألت الله تعالى أن يفيض عليه من رحمته ما يتمم به سهمه من نعمته وان يتغمد كل زلة ارتكبها بمغفرته ويضاعف له كل حسنة اكتسبها بمنته وان يذكر له تلك الاخلاق الكريمة وتلك المروءة الواسعة العظيمة.

ثم تذكرت ما انزل بسيدي من الوحشة لفقده والنعمة من بعده حتى استفرغ ذلك ما في صبري بل ما في صدري وحتى صار الوجع وجعين والمصاب اثنين ثم رجعت الى أدب الله تعالى فقلت اللهم أرحم الماضي رحمة تحبب اليه مماته وابق الحي بقاء تهنئة فيه حياته واطبع على قلبه حتى لا يطيع داعيه الجزع ولا يضع عنانه بيد ويتمم جانب الاجر والذجر. اقتصرت من تعزية سيدي على هذا المقدار لا جرياً على مذهبي في الاقتصار ولكنني لم أجد من لساني بياناً. ويحق لهذه الفادحة ان تجعل اللسان محصوراً والبيان مقصوراً وان تحدث في العقل خللاً وفي البنان شللاً.

بشير المشير

١٩٤٨